# پارتیزانەکانی کەرکوک

## بەدواداچوون و بیرەوەری

**ئاراس ئیلنجاغی**

چاپی یەکەم
کوردستان – سلێمانی
٢٠١٢


- ناوی کتێب: پارتیزانەکانی کەرکوک، بەدواداچوون و بیرەوەری
- نووسەر: ئاراس ئیلنجاغی
- نەخشەسازی: ئاکۆ عەبدولمەجید
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە: کەمال
- ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمـارە ( )ی ساڵی (٢٠١٢)ی پێدراوە.

## سوپاسنامە:

سوپاسی ئەو بەرێزانەی خوارەوە دەکەم کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو بۆ سەرکەوتنی ئەم بەرهەمە:

١-بەرێز وەستا ڕەسول لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی چەمچەماڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە ئەرکی لەچاپدانی گرتە ئەستۆ .

٢-پێشمەرگەی پارتیزانی دوای ئەنفالەکانی ڕستی کەرکوك فەخرەدین سمایل بەگی کە توانی لەڕێگەی پەیوەندیگرتن بەبرادەرانەوە ، بەتایبەت پارتیزانەکان وئەوانەی کاری ڕێکخستنیان کردووە لەنێوان ١٩٨٨-١٩٩٠چەندین چاوپێکەوتن ودکیۆمینتی وێنەیی وبەڵگە بۆ کتێبەکە فەراهەم بکات.

٣-دکتۆر موحەمەدشوانی مامۆستا لەزانکۆی سەلاحەدین، کۆڵیژی ئەدەبیات کە کاری خوێندنەوە وپێداچونەوەی بۆکردووە.





## پێشکەشەبە:

١- گیانی پاکی پارتیزانە شەهیدەکانی ڕستی کەرکوك (ئاکۆسور وئاواتەڕەش وئیبباو و ووریا قەفاری و خاڵەبەخە).

٢- هەموو ئەوانەی لەپێناوی ئازادی گەلی کورد خەباتیان کردووە و بۆساتێکیش لەبەرەی دوژمن نەبوون.

# نووسەر لە چەند دێرێکدا



- ناوی تەواو (ئاراس عومەر فەتحوڵلا کاوێس) ناسراوبە(ئاراس ئیلنجاغی) .

- لەدایکبووی (١٩٧٦)ی گوندی (ئیلنجاغی گەورە)ی سنوری کێڵگەی نەوتی (تەقتەق)ە.

- دەرچووی زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی ئاداب، بەشی جوگرافیا (١٩٩٧-١٩٩٨).

- لەساڵی(١٩٩٩)ەوە یەکەم بابەتی ڕۆژنامەنوسیی لەبلاۆکراوەی (هەنگاو)ی کۆمەلێك لاوانی زەحمەتکێشانی کوردستان ناوچەی تەقتەق بلاوکردۆتەوە.

- دەستەی نووسەرانی مانگنامەی(تەقتەق)بوە، لەساڵی (٢٠٠١-٢٠٠٢).

- لە ڕۆژنامەی(ڕێگای کوردستان)کاریکردووە لەساڵی(٢٠٠١-٢٠٠٢).

- دەستەی دامەزرێنەری(ناوەندی ڕۆشنبیری تەقتەق) بووە لە ساڵی (٢٠٠٤).





-لە(٢٤-١٢-٢٠٠٤)ەوە تا (٢٠٠٨) سەرنووسەری مانگنامەی (تاك) بووە.

-لە(١-٨-٢٠٠٨)ەوە تا(٢٨-٩-٢٠١١)پەیامنێری(کوردستانی نوێ) بووە.

-لە(٢٠١٠-٢٠١١)پەیامنێری( پیوکەی میدیا )سایتی کوردی بووە .

-ئەندامی بەشداری (سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان)لقی سلێمانی یەلە(٢٠٠٨)ەوە تا ئەمرۆ.

-ئەندامی(بنکەی خێرخوازی دکتۆر رەئوف)ە، لە تەقتەق لەساڵی (٢٠١٠)ەوە.

-ئەندامی بنکەی کۆیەی ڕووناکبیری گەلاوێژەلەساڵی ٢٠١٢ەوە.

- لەساڵی(٢٠٠٣ەوە تا ٢٠١١)لەکارگێری(ئامادەیی تەقتەقی تێکەلاو) وەك یاریدەدەرو بەرێوەبەرکاریکردووە.

- لە(ئەنسکلۆپیدیای شاری هەولێر) بە نوسینی بابەتێك لەسەر (ناحیەی تەقتەق)بەشداریکردووە.

- لەڕۆژنامەوبلاوکراوەکانی (هەنگاو، تەقتەق، هاموون، خەرمان، تەقتەقی نوێ، کوردستانی نوێ، ڕێگای کوردستان، رزگاری، سایتی پیوکەی میدیا،گۆڤاری کەکۆن ) بابەتی جۆراوجۆری بلاوکردۆتەوە .

- ئێستا لە خوێندنگەی (مەشخەڵی بنەرەتی ئێواران )مامۆستای کۆمەلایەتی یە.

**- لەبڵاوکراوەکانی نوسەر:**

**١- تەقتەق، پەلکەزێڕینەی کەنارزێی بچووك ، ٢٠٠٧، لێکۆلینەوە.**

**٢-حاجی، کرمانجێك لەوپەڕی مەزنیدا، ٢٠١٢، لێکۆڵینەوە.**

**٣-کەسایەتی دکتۆر رەئوف ژیان وکاروهەڵوێستی مرۆڤدۆستانەی، ٢٠١٢، کەسایەتی.**

## وتەیەکی پێویست

بەپێویستی دەزانم خوێنەران لەوە ئاگاداربکەمەوە، کە نوسین لەسەر پێشمەرگە پارتیزانەکانی کەرکوك وهەولێروسلێمانی ودهۆك، لە دوای ئەنفالەکان پێویستی بەتوێژینەوەیەکی مەیدانی و ئەکادیمی وزانستی تەواو هەیە ولێرەو لەوێ بەچەند نامیلکەونوسینی چەند بابەتێك یان گێڕانەوەی بیرەوەری چەند پارتیزانێك لەدوو توێی چەند کتێب و بلاۆکراوەیەك حەقی خۆی پێنادرێت و کەموکوڕی ومافخوراوی هەندێ قارەمانی گەڵەکەمانی لێدەکەوێتەوە،لەهەمان کاتیشدا ئەم شێوە نوسین وبیرەوەریانە زۆر حاڵەت وبارودۆخ وداستان وقارەمانێتی وسەروەری هەیە لێرەو لەوێی ئەم کوردستانە کەفەرامۆش کراون وهیچ نوسەرو دەزگایەك ورێکخراوێك تۆماری نەکردوون وئەگەر بەم شێوەیە نەبێت لەبیردەچنەوە وبایەخە مێژووییەکەی قۆناغێکی خەبات وتێکۆشانی نەتەوەیەك، بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازی یان مەفرەزەیەکی بوێر و مەرگ ڕاونەر بەناتەواوی دەمێننەوە،بۆیە





جگە لەڕووکردنە دەزگاکانی تایبەتی ئەو بوارەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەباشی دەزانم هەموو پێشمەرگە پارتیزانەکانی کە لەژیان وخەبات ماون لە هەرچوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان یان ئەوانەوەی لەدەرەوەی هەرێمن، بیرەوەرییەکانیان تۆماربکەن لە چوارچێوەی سەرگوزشتە یان چیرۆکی قارەمانێتی یان قۆناغی خەبات یان هەڵوێستی پێشمەرگانە، چونکە دڵنیام هیچ پێشمەرگەیەکی پارتیزانی یەکێتی یان هەر حزبێکیتری ئەم کوردستانە ئەگەر شۆڕشگێرتر نەبووبن ونەبن، ئەوا هیچیان کەمتر نیە لە پارتیزانەکانی سۆڤیەتی جاران ویوغسلاڤیا وڤێتنام وپۆلیڤیاوکوباوهەر وولاتێکیتری دونیا.

ناکرێ ونەبووە ڕۆڵی شەهید حەمەڕەش گەرمیانی وئازادی سەگرمە وشەهید غەریب هەڵەدنی وشەهید ئاکۆسوروشەهید ڕێباز وشەهید مەحمودی مامەعەزە وشەهید مەلا ئەحمەد گەرمیانی و شەهید سەید محەمەد محێدین ومام ڕۆستەم وشێخ کەریم چاوڕەش و کاکە حەمەی پاریۆلەیی وشەهید حەسەن سەلیم نێروەیی ومەحمود کانی سارکی نێروەیی و تۆفیق تەمر چلکی و عوسمانی حاجی مەحمود وعەدنانی حەمەی مینە وشەهید هاشم شەمامکی وسیروانی کوێخا نەجم وکوردۆقاسم ومەحمودسەنگاوی و کاك ڕەیس وسەرکەوتی کوبە وعوسمان گێچینەیی وشوان موغاغی وشەهید مەلاسلێمان وجەلال ئیلنجاغی ووەستا سابیرو

شەهید حاجی هەڵمەت وعەلی چیمەنی وچەندان قارەمانی تر کەمتر بێت لەهەر فەرماندەو پارتیزانێکیتری نەتەوەیەکیتر لەهەر سوچێکی ئەم جیهانە پان وبەرینە، مەرجیش نی یە ئەوەی لەسەر ئەم قارەمانانە لێکۆڵینەوە وتوێژینەوە بکات کەسێك بێت لەناو ئۆرگانەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بێت، چونکە ئەوەی جێگەی شانازی و سەروەری بێ بۆ نەتەوەیەك، دەبێتە موڵکی گشتی وەك چۆن شەهیدەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەڵەکەمان بەحزب وپارتە جیاوازەکانەوە کە یەکێتی وپارتی و سۆسیالیست وشیوعی وهەموو ئۆرگان وپارتە نیشتمانی ونەتەوەییەکانی تر دەگرێتەوە، جێگەی ئەوەن تاجەگوڵینەیان بۆ دابنرێت وبە بەردەبازی شۆرش وگەڵەکەمانیان دابنێین، ناکرێ سەرکردەیەکی سەربازی بەعسی گۆڕبەگۆڕی وەك( سوڵتان هاشم ئەحمەد)دوای(٢٥)ڕۆژ بەرگری جوامێرانەی پێشمەرگەکانی یەکێتی لەئەنفالی یەك وشەڕی سەرکردایەتی(٢٣-٢تاوەکو١٨-٣-١٩٨٨) وشەهیدبوونی(١٢٠)پێشمەرگەی قارەمان، دان بەقارەمانێتی ئەو پێشمەرگانەدا بنێ و بۆ مێژوو بڵێت"ئەگەر سەد پێشمەرگەی وام بدەنە دەست، هەموو سوپای ئێرانی پێ دەشکێنم(١)"ئەی چۆن سەرانی ئەوحزبە خوێنڕێژە سەربازییەی بەعس لەدوای ئەنفالەکان شۆك دایانی نەگرتووە!؟کەپێشمەرگە بەپارتیزانی ماونەتەوە وبێ جێگەوبارەگاوهاوکاری بلوجستی،بەو





پەڕی ئومێد ومەبدەئەوە درێژە بەخەباتی خۆیان دەدەن، بۆیە بەو پەڕی ڕێزوحورمەتەوە بۆپێشمەرگە پارتیزانەکانی سنوری پارێزگای کەرکوك وهەموو پارێزگاکانی تر ،ئەو هەوڵە بچوکەم خستۆتە گەڕ تاوەکو مێژووی بەشێك لەخەباتی ڕەوای گەلەکەمان لەقۆناغی پارتیزانی سنوری کەرکوکی خاڵی ناکۆکی وبەبن بەستکردنی تێکڕای مێزی گفتوگۆی بەرەی دوژمن وبەرەی رزگاریخوازی کورد، بەزیندوی بهێڵینەوە وگیانی پێشمەرگە شەهیدەکانیش ئارام بکەین،بیرۆکەی ئەم کتێبە لەشەوێکی زستانی ساڵی ٢٠١١مانگی تشرینی دووەم ، لەماڵی بەرێوەبەری ناحیەی تەقتەقی پێشوو(مامۆستا کاکەخان نەسرەدین ئەمین)لەگەڵ پارتیزانی دوای ئەنفالەکان فەخرەدین سمایل بەگی و ئەیوب رەشید پێشمەرگەی دێرین ویوسف ئەحمەد حەمەعەلی برای شەهید ئاکۆسور دانیشتبووین،کاك فەخرەدین سەبارەت بەپارتیزانەکانی کەرکوك ووتی"مامۆستا ئاراس دەمەوێت بیرەوەری ئەم مەفرەزەیە بۆ مێژوو بنوسینەوە، من خۆم توانای داڕشتنم نیە چی بکەین باشە؟"وەك رێزلێنانێك لەشەهید ئاکۆسور وهاورێکانی ووتم"ئەمە کارێکی ئاسان نیە، بەڵام کاریشی لەسەربکەین شتێکی ئاساییە، و دەتوانم بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بکەین وبیرەوەرییەکانتان بەئەمانەتەوە بەچاوپێکەوتن لێوەربگرین و تۆماریان بکەم، بەڵام ئەوەی دەمەوێت لەتۆ

وبرادەران ڕاستیەکان وەك خۆی بگێڕنەوە ودوور لە خۆهەڵکێشان وکەمکردنەوەی ڕۆڵی پێشمەرگە پارتیزانە شەهیدەکانی کە لە مەفرەزەو ڕستی کەرکوکی پارتیزانەکان بوون"هەر ئەو شەوە ڕێکەوتین وکارمان لەسەر پڕۆژەکە کردوو لەهاوینی ٢٠١٢لەسەرەتای مانگی تەممووزەوە ، کاك فەخرەدین سمایل بەگی دەستیکرد بە پەیوەندیکردن بەو برادەرانەی کە لەمەفرەزەکەی کەرکوك لەژیاندا ماون،وەك (هەردوو پێشمەرگەی پارتیزان پۆلا هەیبەیی ونەقیب بیبانی و لیوا چەتۆسالح پێشمەرگەی ناوشار)، بەداخەوە ئەوەی دەبێتە جێی نیگەرانی وکەموکوڕی لەباسکردنی خەباتی ئەم مەفرەزەیە نەمانی پێنج پێشمەرگەی قارەمانی ئەم مەفرەزەیە بوو، کەدوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١شەهید بوون بەلێپرسراو وجێگری ڕستەکەوە وەك (شەهید ئاکۆسووری فەرماندە، و شەهید ئاواتەڕەشی جێگری مەفرەزەکە، وشەهید خاڵەبەخە و شەهید ئیباو وشەهید ووریا قەفاری).

خوێنەری بەڕێز ئەوەی لەبەردەستدایە ژیان وخەبات و وورە بەرزی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سنوری کەرکوکە لەماوەی نێوان(حوزەیران تا ئۆکتۆبەر)ی ١٩٩٠،کە کراوەتە چەند بەشێك، بەشی یەکەم باسی قۆناغی دوای ئەنفال ونەگریسی پلانی وەحشیگەرانی ڕژێم وخۆڕاگری پێشمەرگەکانی یەکێتی و زاراوەی پارتیزانی و ئامانجەکەی وچۆنیەتی پەنابردن بۆ ئەو شێوە خەباتە





وچۆنیەتی سەرکەوتنی، هەروەها لەبەشی دووەم پرۆفایلی پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕستی کەرکوك وژیان و خەباتیان باسکراوە وە چواربەشیشی چاوپێکەوتن وگێڕانەوەی بیرەوەری پێشمەرگە پارتیزانەکانی وەك فەخرەدین سمایل بەگی وپۆلا هەیبەیی ونەقیب ناسح بیبانی و پێشمەرگەی ناوشاری قۆناغی پارتیزانی لیوا چەتۆ ساڵح-ە ودوابەشیش وێنەی دۆکیۆمێنتاری پێشمەرگە پارتیزانەکانە، هیوادارم توانیبێتم لەئاستی باسکردن ونوسینەوەی خەباتی سەختی ئەو پێشمەرگانەی سنوری کەرکوك دا بم و قوژبنێکی کتێبخانەی کوردی بە سەروەریەکانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد لەقۆناغی بەرەنگاربوونەوە پڕبکەمەوە.

ئاراس ئیلنجاغی

١٥-٨-٢٠١٢

---

(١)قەندیل بەغدای هەژاند،بەشی یەکەم ودووەم،نوسینی ڕێباز،چاپخانەی پەیوەند،چاپی دووەم،سلێمانی، ٢٠٠٨لاپەرە٤٣٦.

## پارتیزانەکان ڕەمزی قورسایی
## خەباتی چەکداری شۆڕشی کورد بوون

پارتیزانەکان رەمزی قورسایی خەباتی چەکداری شۆڕشی کورد بوون ، لە سەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشەوە کە مەفرەزە سەرەتاییەکان چونە شاخ بە شێوەی خەباتی چەکداری لە شێوەی پارتیزانی دارێژرا ، لە پاش ئەنفالەکان کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرەو سەر سنورەکانی نێوان کشانەوە ئەم جارەیان ئەرکی سەرشانی پێشمەرگە پارتی زانەکان قورستر بوو لە بەر ئەوەی هەموو گوندەکانی کوردستان بە تەواوی خاپور کرابوون ، هیچ پەناگەیەك بۆ ووچانێك نەمابوو ، زۆر سەخت بوو کەسێ هەبێت لەگەڵ خاکی سنورەکاندا پێشمەرگە لە دێ روخاوەکاندا مابێت. ئەگەر مرۆڤ بتوانێت چەند دێرێ لەسەر خەباتی پر لە سەروەری پێشمەرگە پارتیزانەکان بنوسێتەوە زۆر ئەستەمە بتوانێ هەقی تەواو بەو خەباتە قورسە بدات کە لە ڕۆژانێکدا مرۆڤ گەلێك خۆیان بۆ کارێ تەرخان کردبوو لە پێناو ڕزگاری نیشتمانیدا تەنها بۆ سەرکەوتنێکی نادیار لەبەر





خوداندابوون،هەموو شۆڕش گێڕەکان کە هەڵساون بە شۆڕش کردن بە تایبەتی لەبەرامبەر دوژمنێکی گەورە و داگیر کەردا ماندوو بون و زۆری ویستووە.

شۆڕشی نوێ گەلەکەمان لە ساڵی ١٩٧٦ خەباتی چەکدارانەیاندا ئاسان نەبوو مەفرەزە سەرەتاییەکان بەو هێزە کەمەوە بەرامبەر بەهێزێکی نا بەرامبەری وەکوو سوپا زەبەلاحەکەی ڕژێمی بەعس، ئەوسای عێراقا بتوانن ڕوبەڕووی ببنەوە .

ئەرکی مەفرەزە چەکدارەکانی سەرەتای شۆڕش خۆی لە دوو شارێگای سەرەکیدا دەبینیەوە

●لێرەو لەوێ خۆیان دەردەخست بۆ پێناسەی هێزی پێشمەرگە بوو بوون  بە جەماوەرە خامۆشکراوەکەی .

●هەراسانی دوژمن بوو بە شێوەی دەرزی ئاژن کردنی جەستەی هێزە داگیرکەرەکان کە بەراست لە هەردوو ئامانجدا کە سەرکەوتنەکان بەزووی وە دەرکەوتن تاوەکوو لەم بوارانەدا شۆڕش گەشەی کردوو ، وەکوو هێزێکی شۆڕشگێڕی هۆشیار لە هەموو بستە خاکێکی کوردستاندا بە وورەیەکی پۆڵاینەوە دەرکەوتن ، لەپاش شەرە نا بەرامبەرەکانی ساڵی ١٩٨٨ و پرۆسەی بەدناوی ئەنفالەکان ، سەرکردایەتی شۆڕش شێوەیەکی بەرنامەڕێژی کشانەوە سەر سنورەکان ، ژیرانە و لێزانانە توانرا بەرنامەی

خەباتی پارتی زانی جیاوازتر لە هەموو نەریتە شۆڕش گێڕییەکان لە سنورە جیا جیاکانی کوردستان .مەفرەزەی بچوکی چەکدار لە داهێنانی نویٚ پارتی زانی لە ناوچە چۆڵ کراو و دیٚ ڕوخاوەکاندا دروست بکاتەوە ، کە ئەم جارەیان ئەرکی زیاتر و جیاوازتریان کەوتبووە ئەستۆ ، هەم ورەی بەرز بوون بۆ ڕێکخستنە نهێنیەکانی ناو شارەکان وە بەردەوام لە هەوڵی هەراسان کردنی هێزەکانی دوژمن بوون  و لێرەو لەویٚ جەستەی دوژمنیان دەرزی ئاژن دەکرد لە هەموو ی گەورەتر خاکی سوتماکی کوردستانیان چۆڵ نەکرد ، ئەم جارەیان نە ڕێککەوتن نە ڕەوڕەوەی مێژووی بوو کە دەبێتە چارەنووسی پێشمەرگە پارتیزانەکان ، بەو پەڕی برسێتی و ڕەنج و ماندو بوون بگات ... بەڵکوو هەموو ئەرکە قورسەکەی شۆڕش لە پێناو ڕزگاری نیشتماندا ، کەوتە سەر شانی ئەم پۆلە تێکۆشەرە ، توانیان سەربەرزانە لەم ئەرکە دەرباز بن و تاجی سەروەری بۆ خۆیان و میللەتەکەیان بەدەست بهێنن . نەمری بۆ شەهیدانی پارتیزانەکان

وەستا ڕەسوڵ

٢٠١٢-٩-١٥

# بەشی یەکەم

## خەبات لە پارتیزانیدا

## پارتیزان وەك زاراوە و ئامانج

ئەم زاراوەیە لەڕاستیدا بەو بەشە لەخەڵکی ڕوسیا دەگوترا کەلەماوەی هێرشی ناپلیۆن ئیمپراتۆری فەرەنسا بۆسەر روسیا، هێرشیان دەکردە سەرهێڵەکانی لۆجستیکی فەرەنسا(١٨١٢)، ئەمڕۆکە ئەم زاراوەیە بەو گروپە چەکدارانە دەگوترێ کەلەپشتی هێڵەکانی دوژمنەوە هێرش دەبەنە سەر دوژمن ویەکەی بەرگری پێکدێنن(١).

لەدوای شەڕی جیهانی دووەم زاراوەی پارتیزان بەچەند تاقم لەگروپەکانی چەپ دەگوترا کەبەپێی دەستوری ستالین لەو شوێنانەی کە لەلایەن ئەلمانیەکانەوە داگیرکرابوو،هێرشیان دەکردە سەرئەلمانەکان(١٩٤١-١٩٤٢)، هەر لەوکاتەدا پارتیزانەکۆمۆنیستەکان لە سلۆڤاکیاوئەلبانیاویۆنانیشدا لەدەوری یەك کۆبونەوە، وەلە یوگسلاڤیا بەسەرکردایەتی مارشال تیتۆ لەکانونی دووەمی ١٩٤١دامەزران(٢)،بەشێوەیەکی گشتی بەوبزوتنەوە بەرگریانە دەوترا کەلەدژی هەردوو سوپای نازی





ئەلمانی وفاشی ئیتالی دەجەنگان لەکاتی جەنگی جیهانی دووەم (١٩٣٩-١٩٤٥)وەك پارتیزانەکانی سۆڤیەت ویوگسلاڤیا،هەرچەندە زۆربەی بزوتنەوەبەرگریکارەکانی ئەوروپا بەهەمان شێوازی کارکردنی نهێنی وژێرزەوی وپەیوەندیکردن بەڕێکخستەکانیان وجەنگی یاخی بوون ولێدانی خێراوگورزوەشێن بەرگریان دەکرد بەلاّم هەر گروپەونازناوی خۆی هەبوو،لەکوردستانیشدا بەو مەفرەزە و دەستە و ڕەتڵ وڕستانەی پێشمەرگە دەووترا کە لەدوای شالاّوی ئەنفال بەئارەزووی خۆیان لەناوچە سۆتماکراوەکان مابوونەوە یان لەرێگای بریاری سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە ئەرکی پێکهێنانی مەفرەزەی تایبەتیان پێ سپێردرا بۆ ناوچە سۆتماککراوەکان ودروستکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ رێکخستنەکان ودرێژەپێدانی چالاّکی پێشمەرگانە لەسنورە جیاجیاکانی تیپەکانی جارانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان(٣).

ئامانجی پارتیزانی بەگوێرەی بارودۆخی سیاسی وسەربازی وناوچەیی جیاوازە،بەلاّم بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین هەڵوەستە لەسەرئامانجە دیارەکانی پارتیزانی بکەین:

بەدەستهێنانی زۆرترین زانیاری و کۆکردنەوەی داتاوئاماری دروست لەسەر دوژمن لەبواری سەربازی ومرۆیی وجوڵەوبزاوتەکانی، تاوەکو لەبەرژەوەندی چالاّکیەکانیان بەکاریبهێنن وبتوانن لەرێگەی ئەم زانیاریانەوە زۆرترین زیان

لەدوژمن بدەن لەڕووی پچڕاندنی پەیوەندیەکان وسوتاندنی زەخیرە و ئازوقەوجبەخانـەکانیان ولێـدانی کتـوپڕوخێراو یەکلاکـەرەوە لەمۆلگـەکانیان ولێـدانی خـاڵی سـتراتیژی دوژمـن ، یـان کاروئامـانجێکیتری پـارتیزانی بریتـی یـە لـە جـەنگی دەروونـی و بڵاوکردنەوەی دڵەڕاوکێ وترس لەدڵ ودەرونی دوژمن.

بـەڵام جـۆری پـارتیزانی پێـشمەرگەکانی یـەکێتی نیـشتمانی کوردستان، نمونەیـەکی نـوێی پـارتیزانی بـوو لەشـەڕی پـارتیزانی دونیادا،چونکە هەمیشە لەجوڵـەوجێگۆڕکێ وخۆحەشاردان بوون، تـەنیا ڕژێـم هەسـتی بـەبونیان دەکـردو نایـانیبینی، بـەردەوام بەدواوەیان بوو،جەنگێکی دەروونی هەستیاربوو بۆ دوژمن(٤).

---

(١)قاموسـی سیاسـی ئـارەش،وەرگێرانی زاهـیری موحەمـەدی ویاسـینی حاجی زاد،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر،٢٠٠٦لاپەڕە١٢٨.

(٢) قاموسی سیاسی ئارەش، سەرچاوەی پێشوو،لاپەڕە١٢٨.

(٣) فەرهەنگی مەشخەلان بۆمێژوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان،سەلاح ڕەنجدەر،ساڵی٢٠٠٦، لاپەڕە٦٩

(٤)فەرهەنگی مەشخەلان،سەرچاوەی پێشوولاپەڕە٧٠.





## یەکێتی و پەنابردنە بەرخەباتی پارتیزانی

دوای پەسـندکردنی بریـاری ژمـارە(٥٩٨)ی ڕێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان لـە ١٨-٧-١٩٨٨وە لەلایـەن کۆمـاری ئیـسلامی ئێرانەوە، بووە هۆی ڕاگەیاندنی ئاگربەستی ٨-٨-١٩٨٨ی نێوان عێراق وئێران(١).

بەمەش ئێران ڕێکەوتنی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٦ی نێوان خـۆی و یـەکێتی نیـشتمانی کوردسـتانی شـکاند لەکاتێکـدا کوردسـتان لەگەرمەی پەلاماری ئەنفال دابوو(٢)حکومـەتی بـەعس هێرشـەکانی ئـەنفالی بـەردەوام بـوو بـۆ سەرناوچـەکانی هـەولێر تـا بەعـەملیاتی خاتمـەی ئـەنفال لـە ٢٦-٨-١٩٨٨لـەبادینان تـەواو بـوو(٣) ئۆپەراسیۆنی ئەنفال ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازیە بەرفراوانـە بووە هـۆی تـرس وبـێ هێـزی ولاوازی بزوتنـەوەی کـورد(٤)،ئـەنفال بـوو بـەهۆی نـەمانی پـشتیوان وپەناگـە بـۆ پێـشمەرگە، دواتـر بـەهێزی بـچووك بـچووك و بەشـێوەی پـارتیزانی نەبوایـە پێـشمەرگە نەیـدەتوانی وەك جـارانی درێـژە بەخـەباتی رزگـاری نیـشتمانی بـدات(٥)لەکاتێکـدا شۆرشـگێڕەکان نـاتوانن شـەڕی بـەرەیی لەگـەڵ

دووژمن بکەن، لەوکاتەی دووژمن هێزوتوانای زۆر دەبێت و پێشمەرگەوشۆرشیش هێزوتوانای کەم دەبێتەوە، هەر شەڕکردنێك کەڕووبەڕوو لەگەڵ حکومەت بکرێ بەزەرەری شۆڕشگێڕەکان دەشکێتەوە، بۆیە لەو حاڵەتەدا دەبێ شەڕی پارتیزانی هەڵدەبژێرن(٦)لەئەنجامدا تەنها پێشمەرگە لەناوچەکاندا مابوون،ڕۆژبەڕۆژ سنوری ئازادکراویان تەسکتربووەوە،بەهۆی داگیرکردنەوەی لەلایەن هێزەکانی رژێم(٧)دوای سوتان وتێکدان و تەختکردن وپاکتاوکردن وئەنفالکردن وگرتنی بەهەزاران لەمەدەنی ژن ومندالْ ودوورخستنەوەی سەدان هەزار لەخەڵکی گوندوشارۆچکەکان وئەنفالکردنی سەدان هەزار هاولآتی کوردوهەزاران گوند تەختکردن وبەهەزاران کوردی بێ تاوان چەکی کیمیاوی قەدەغەکراوی بەرامبەر بەکارهێنراو خنکێنران وشەهیدبوون، هێشتا سیاسەتی کوشتن وئەشکەنجەدان وخاکی سوتاو وزەوی قەدەغەکراو لەلایەن رژێمی بەعسەوە هەر بەردەوام بوو تا دوای ئەنفالەکانیش،بۆیە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەو بارودۆخە سەخت ونەخوازراوە بیری لەوە کردەوە چۆن هێزەکانی خۆی رێکبخاتەوە،دوای پرۆسەکانی ئەنفال بۆیە بەبریاری مەکتەبی سیاسی لە٢٧-٦-١٩٨٨بریاریدا بەشێك لەپێشمەرگەکانی پاشەکشەی سەرسنوری عێراق –ئێران بکەن وبەشێکیش لەپێشمەرگەکانی بەشێوەی پارتیزانی بمێننەوە





لەسنورەکانی خۆیان لەکوردستان(٨)وە پێشمەرگەکانیش پۆلێن کران بۆ سێ پۆلەوە،پلەیەك پێشمەرگە پارتیزانەکان وپلەدوو پێشمەرگەی بارەگاکان وپلەسێ ئەو پێشمەرگانەبوون لە ئۆردوگاکانی کوردستان لەگەڵ ماڵ ومناڵ وخێزانەکانیان بوون(٩)

ئیتر خەباتی پارتیزانی وەك شێوەیەك لەشێوەکانی خەبات و قۆناغێك لەخەباتی دوورودرێژی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەڵبژێردراو هەر لەگەڵ قۆناغەکانی ئەنفال دەستپێکرد وچەند ڕەتلێکی پارتیزانی پێکهات بۆسنورەکانی گەرمیان وسلێمانی ودەشتی هەولێروسنوری کەرکوك وسوردش (١٠)بۆسنوری بادینان(١١)هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٨٨تەنها ١٤٠پێشمەرگەی لەسنوری پارێزگاکانی هەولێروسلێمانی وکەرکوك مانەوە(١٢).

---

(١)کریس کۆچێرا،بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی وهیوای سەربەخۆیی، وەرگێرانی ئەکرەمی میهرداد،بەرگی یەکەم، سلێمانی،٢٠٠٢لاپەرە٨٥.

(٢)میدل ئیست ووٚچ، جینۆساید لەعێراقدا، پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە، محەمەد حەمەساڵح تۆفیق،سلێمانی،٢٠٠٤لاپەڕە٩٧.

(٣)نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لەناو بازنەدا، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق١٩٨٤-١٩٨٨،چاپی دووەم،سلێمانی،١٩٩٩لاپەڕە ١٥٢.

(٤)هۆشمەندعەلی مەحمود،ڕاپەرینی شاری هەولێرلەساڵی ١٩٩١، توێژینەوەیەکی مێژوویی، سیاسیە،چاپی یەکەم،هەولێر،٢٠٠٩لاپەڕە٢٨.

(٥)مەلاشاخی،ئەنفالی خاڵخالآن، چاپی یەکەم،چاپخانەی دانان، سلێمانی، ٢٠٠١ لاپەڕە٦٧.

(٦)قەندیل بەغدای هەژاند،بەشی یەکەم ودووەم،نوسینی ڕێباز، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیوەند،سلێمانی،٢٠٠٨لاپەڕە٤٥٣.

(٧)کاکل ئەحمەد(کاکلەڕەش)،یەکێتی وململانیٚ،توێژینەوەیەکی سیاسی ورەخنەییە لەبەشێکی گرنگی شۆرشی رزگاریخوازی کوردستان،چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب،هەولێر،لاپەڕە٧٨.

(٨)جەلال ئیلنجاغی، لەشارەوە بۆشاخ،بەشی یەکەم،سلێمانی،٢٠٠٥لاپەڕە١٤٥.

(٩)نوری خێڵی حەمەیی،ئەنفال وپارتیزانی،چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٦لاپەرە٢٥.

(١٠)قەندیل بەغدای هەژاند،سەرچاوەی پێشوو،لاپەڕە٤٤٢.

(١١)عوسمان کانی پانکەیی، سەروەرییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەڕۆژگارە سەختەکانی گەلی کورد دا،چاپی دووەم، سلێمانی،٢٠٠٨ لاپەڕە٣٠٠.

(١٢)کاکلەرەش ، سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە٧٨.





## سەختی و دژواری قۆناغەکە

ئەو هێزانەی کە ئۆپەراسیۆنی سەربازی ٨قۆناغی ئەنفالیان کردە سەر هەرێمی کوردستان ،پێکهاتبوون لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی حزبی بەعس وسوپای عێراق وهێزی ئاسمانی ویەکەکانی کۆماندۆ وهێزی تایبەت ویەکەکانی ئەندازیاری ویەکەکانی چەکی کیمیاوی وگاردی کۆماری وبەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری سەربازی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش و هێزەکانی کتوپڕوفەوجە خەفیفەکانی جاش وجەیشی شەعبی و وەزارەتی کشتوکال ودارایی وبانکی خانوبەرە ، تێکڕا گەلی ئەو هێزانە لەعێراقدا دوای ئەنفال گەیشتنە ئەوپەڕی بەهێزی و لە بەرامبەریش بزوتنەوەی کوردی گەیشتە ئەو پەری لاوازی، کەواتە ئەو قۆناغەی خەباتی پارتیزانی دەبێت چەند دژواروسەخت بووبیٚ؟!وەك شەهید ڕێباز لەلاپەرە ٤٤٩ی قەندیل بەغدای هەژاند دەلێت"کوردستان چۆل وهۆلە، یەك گوند نەماوە،تەنانەت چەقەڵ و دەعباش لەو چۆلیە ناژی، ئەدی ئێمە چۆن دەژین؟"هەروەها لەلاپەرە ٤٥٤دەلێت"شەڕی پارتیزانی لەولاتێکی بیٚ گوند و ئاوەدانی زۆر ئاستەنگە هەر بەقسە خۆشە هەرچەندی دەکەم

ناتوانم کام باری ناخۆش باس بکەم"یان لە نامیلکەی (نرکەی کوردستان ،بەشی دووەم،ساڵی ١٩٩١لاپەرە٦١)دەلێت"خۆزگە هەر یەکێکتان لەپێشمەرگەیەکی پارتیزانتان دەپرسی، تەنیا ژیانی یەك ڕۆژی خۆی بۆ دەگێڕانەوە ئەوجا دەتانزانی چۆن ئەو شۆرشە بەردەوام بووە"،لەتیف هەڵمەت لەپێشەکی کتێبی ژیلەمۆی گەرمیانی بیرەوەری پارتیزانی دوای ئەنفالی شێخ سەعید کاکەلی بەرگی سێیەم لاپەرە ٩ دەڵێت"بەڕاستی ئەم گروپە پێشمەرگەیە ئەو قارەمانە ئەفسانەییەن، کەسوێندیان خوارد کوانوی پێشمەرگایەتی نەکوژێتەوە"،جەلال ئیلنجاغی لەلاپەرە ١٤٧ی کتێبی لەشارەوە بۆشاخ دەڵێت"سەختترین ژیان وسەربەسترین مرۆڤ پارتیزانە"،مامۆستا کاوە ئەنوەر(١) یەکێك لەپارتیزانەکانی ڕەتلی دەشتی هەولێر دەلێت"ئەوپارتیزانانە ئەویٚ ڕۆژیٚ لە قۆناغێکی هێندە کارەسەتباروپڕلەنائومێدیدا مانەوە کە مەگەر هەر پارتیزانەکان خۆیان کە لەناو واقیعەکەدا ژیاون بزانن کەقۆناغەکە چەند سەخت و دژواربوو،چ باوەڕوخۆراگریەکی دەویست ڕژێمی بەعس ئەویٚ ڕۆژیٚ کارەساتی گەورەی وەکو کیمیاباران وئەنفالی بەسەرخەڵکی کوردستاندا هێنابوو، دێهات وئاوەدانی کوردستانی نەهێشتبوو ڕۆژانە لەهەموو ناوچەکانی کوردستان بەفەوج ویەکە سەربازییەکانی خەریکی وێرانکردنی سەرچاوەکانی ژیانی کوردەواری بوو".





پارتیزانە خوێن گەرم وگیان لەسەردەستەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕۆژگارە دژوارومەحاڵەکانی دوای ئەنفال وێران وچۆڵ بوونی کوردستانیشدا توانیان لەپەنای دوژمن و لەپێدەشتەکانی کەرکوك وگەرمیان و هەولێر بمێننەوەو درێژە بەخەباتی گەلەکەیان بدەن، ئەمەش سەلماندنی ئەو ڕاستیەیە کە پێشمەرگە هەڵۆ ئاساکانی کوردستان نەك هەر لەچیا سەرکەشەکان بەڵکو لەپێدەشت وشاروشوێنەدوورە دەستەکانیش دەتوانن بژین وخەبات لەپێناو ئامانجە ڕەواکانیان بکەن(٢).

لەوقۆناغەدا ڕژێم هەر پێشمەرگەوهەلیکۆپتەرێکی بۆ تەرخان کردبوو،ئێمەش بۆناخی دەسەلاٚتی ڕژێمێك کەتێیدا سەری پێشمەرگە وەك کالاٚیەکی گرانبەها لەدەست جاش ومەفرەزە خاسە بۆ مەنزومەو ئەمنی بەلدە بەپارەیەکی زۆر باش لێیان دەکڕدرا بۆیە هەمیشە لەکەمینی ئێمەدابوون،ناوچەکە یەك پارچە تۆڕی جاسوسەو ئێمەش بەناوی گوزەر دەکەین، لەنێوان ڕەبیەومۆڵگای دوژمن چاوشارکیٚ لەگەڵ مەرگ دەکەین(٣)

سەدان جار کێومالٚ(تەمشیت)، دەیان ڕۆژبرسی و یەك ڕۆژ تێر، لەسەرمان نەمان دەوێرا ئاگر بکەینەوە، سەدان پیلان بەژن بەپارە، پێشمەرگە هەبووە، بەهۆی کچەوە بووە بەچاوساغی دوژمن و تەسلیمی ئەمن بۆتەوە، ڕۆیشتنی بەردەوام، زەوی ڕەق وبیٚ ئاوی وبەمانگ کەسمان نابینی،بەفروباران زۆری لێداین(٤)هەرچەندە

زســتانیش زۆر ســارد بــوو نەوایــەکمان نەبوو،بۆیــە لــەئێوارەوە دەڕۆیشتین تابەیانی هەم بۆ ئەوەی لەسەرما نەمرین و هەمیش بۆ ئەوەی دوژمن نەمان دۆزێتەوە وجێگۆرکێ بکەین،پارتیزانەکان بەم شـێوەیە و بـەم بەرگرییــە بــێ وێنەیــەیان توانیــان بـچنەوە بەگــژ موستەحیل داو قۆناغێك لەمێـژووی میللەتەکەمانـدا تێپـەڕێنن کـە دەگمەن بوو،لەدژواریدا(٥).

جگـە لەمانـەش دوژمـن بـەهۆی بەکرێگیراوانی وبـەهۆی تەسلیم بوونــەوەی پێــشمەرگە زیــاتر بــۆی ڕوون ئــەبۆوە ،کــەبارودۆخمان (وەزعمـان)خراپـە وژمارەشمـان کەمبۆتەوە،بۆیـە زیـاتر هێـزی لـەبۆ گونــدە تــەختکراوەکان دەنــارد(٦)تــەنها لــەڕۆژی ٣١-١٠-١٩٨٨ لــە١٢قۆلــەوە بــۆ دەوروبــەری دێــدەوان وحــاجی ووســو وبانــەمۆرد ١٢هەزار چەکداری بۆ ١٢پێشمەرگەی پارتیزان نارد بۆ کێومـاڵ و دۆزینــەوەیان(٧)، پارتیزانــەکان ژیــان وگوزەرانیــان تایبــەت بــوو، هەڕەشــەی دوژمنیــان زیــاد لەپێویــست لەســەر بــوو، پــەناو و پشتیوانیان هەرکۆمەڵانی خەڵك بووە، خەفیە ونۆکەر بەهەش تاوی بەدوایان دەگەڕان تاپارەی چاك لەدوژمن وەربگرن(٨)

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا(کاوە ئەنوەر نادر)پێشمەرگەی پارتیزانی دوای ئەنفالەکانی دەشتی هەولێرلە ١٨-٨-٢٠١٢.

(٢)هەڵۆکان لێرەش ئەژیان، لەبیرەوەرییەکانی پێشمەرگەی پـارتیزان(فـەخرەدین سمایـل بـەگی)،ئامـادەکردن وداڕشـتنەوەی رابـەرعارف، گۆڤـاری چـیا،گۆڤارێکی





وەرزی کۆمەلـەی پێـشمەرگەدێرینەکانی کوردسـتانە،ژمارە(١)ی تـشرینی یەکـەمی ٢٠٠٦لاپەرە٦٧.

(٣)پــارتیزان وڕەواجــی ســەری پێــشمەرگە،ڕێبین عومــەر، گۆڤــاری چــیا، ژمارە(١)تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦لاپەڕە٤٩.

(٤)قەندیل بەغدای هەژاند، سەرچاوەی پێشوو ،لاپەرە٤٨٣.

(٥)هـەمان چـاوپێکەوتن.... لەگـەڵ مامۆسـتا کـاوە ئـەنوەر نـادر پێـشمەرگەی پارتیزانی دوای ئەنفالی ڕەتڵی دەشتی هەولێر.

(٦)جەلال ئیلنجاغی، لەشارەوە بۆشاخ..هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە١٥٥.

(٧) قەندیل بەغدای هەژاند،هەمان سەرچاوە،لاپەرە٤٨٣.

(٨)نرکەی کوردستان، نوسینی ڕێباز، سەرچاوەی پێشوو،لاپەڕە٦٢.

## پارتیزانەکان دووچاری نەهامەتی و شەهیدبوون هاتوون

لەگەڵ سەختی قۆناغی خەباتی پارتیزانی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، توانیان بۆماوەی ١٤مانگ لە سنوری پارێزگاکانی هەولێروسلێمانی و کەرکوک وگەرمیان درێژە بە خەباتە سەخت ودژوارەکەیان بدەن، وەك کاکلەڕەش لەکتێبی یەکێتی وملمڵانێ لەلاپەڕە٧٨دەڵێت"پارتیزانەکان توانیان لەدوای ئەنفالەکاندا ١٤مانگ بەکولەمەرگی بگوزەرێن"تەنها هەڵوەستەکردن لە زاراوەی کولەمەرگی ئەوەمان پێدەڵێت ژیانی پارتیزانی مەمرەو مەژیە بووە،ڕاونانی مەرگ وکارەساتبار، برسێتی وترس و خۆحەشاردان، مانەوە لەسەرزەوی وخۆخستنە سەرسك بۆ چەندان ڕۆژ بۆ دەربازبوون لەکێوماڵ(تەمشیت)ی هێزەکانی رژێم،کەوتنە بۆسە وپلانی دەزگاکانی ئاسایش وهەواڵگری و خەفیەوجاسوس و خۆفرۆشانەوە کە سەید موحەمەد و هاورێکانی لەکەلار دەستگیرکران لە٢-٨-١٩٨٩بەپێی پلانێکی داڕێژراو(مەحمود سەنگاوی، بیرەوەرییەکانی سەنگاوی، لاپەڕە٢٧٨)،کەوتنە کێڵگەی مین وتەپینی ئەشکەوت(کارەساتی ئەشکەوتی داری





خلەی گەرمیان،کە سلاح ڕەنجدەر لە کتێبی فەرهەنگی مەشخەلان بۆ مێژوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان،ساڵی ٢٠٠٦ لاپەڕە٧٥ نوسیویەتی شەش پێشمەرگەلە١٢-٤-١٩٨٩ بەهۆی ڕوخان و تەپینی ئەو ئەشکەوتە شەهیدبوون بەناوەکانی شەهید مەلا ئەحمەد موحەمەد ئەمین فەرماندەی تیپی قەرەداغ ودارا سەمین قادر فەرماندەی مەفرەزەوسەلام موحەمەد پ.م وحەیدەرموحەمەد کەریم پ.م ونوری قادر رەحیم پۆڵا پ.م وحاجی حەمید قادر پ.م، بەڵام مەحمود سەنگاوی لەکتێبەکەی (بیرەوەرییەکانی سەنگاوی) لاپەڕە٧٥٨ لەئەڵبومی وێنەکاندا بەرواری ١٩-١٢-١٩٨٩ی داناوە بە بەرواری ڕوودانی ئەم کارەساتە)،وهەڵدێران لەشاخ و هەردەکانەوە، کەوتنە بەر پەلاماری فرۆکە وهەلیکۆپتەرە مەرگ چێنەکانی ڕژێم،دووچاربوون بە نەخشەی جۆراوجۆری نەگریس و دوژمنکارانەی بەعس وەك ژەهرخواردکردن وبەخشینی پارەی بێشومار و ئیغراکردن بەکچان وژنانی بەکرێگیراوی دەزگای ئەمن، مانەوە لەبەر سەرماوسۆلەی زستان بێ هیچ نوان وخانوو وڕەشماڵ و دەوارێك تەنها لەحەشارگەی شاخان وئەشکەوتان وناوچاڵ و کەندڕومانەوە لەلاپاڵی ڕەبیەوسەربازەگە چڕوپڕەکانی دوژمن و نزیك ئۆردوگاوشاروشارۆچکەکان، بەڕاستی باسکردنی ئەو نەهامەتیانە تەنها بەنوسین خۆش وئاسانە وەئەگەرنا بەگژداچوونەوەی مەحاڵ بووە،وەك عوسمان کانی پانکەیی

لەلاپەرە ٢٦٠ی كتێبەكەی سەروەرییەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان لەڕۆژگارە سەختەكاندا دەڵێت"بەڕاستی لەمێژوی هیچ و گەل ونەتەوە وبزوتنەوەیەكی رزگاریخوازی دونیادا،بەو جۆرەی پێشمەرگەی پارتیزانی گەلی كورد وپێشمەرگەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان هەڵنەكەوتووە،خۆڕاگروپشوو درێژ لەناو ئەو هەموو مەینەتیەدا دروست نەبووە"،ئەو پێشمەرگە پارتیزانانە بوبونە كێوێكی سەخت لەدڵی داگیركەری بەعس،چونكە كام هەوراز سەخت بووە، ئەوان دەیانكردە لەپی دەست،لەجیهانی قوربانیدان و ڕاونانی مەرگ دەژیان، بۆیە دوژمن سەری سوڕمابوو، كە هەموو دونیا شەڕی پارتیزانی بەپشت بەستن بە جوتیار و لادێكانیان دەكەن، ئەمانە گوندەكانیان كاولكراوە، جوتیارەكانیان ئەنفالكراون و كێڵگەكانیان كوێركراوەتەوە، ئەی بەچی و چۆن دەژین؟! ئەم پرسیارەی بەعسیەكان لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو،كە بەعسیەكی ئامادەبووی كۆبونەوەیەكی عەلی حەسەن مەجید لە٢٦-٥-١٩٨٨ لەشاری كەركوك بەعەلی حەسەن مەجیدی گوتبوو"تەنها خودا لەتۆ زیاتری پێدەكرێت"وە لەكاتێكدا ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشی حزبی بەعس لە٢٣-٤-١٩٨٩دەسەڵاتی لە عەلی حەسەن مەجید وەرگرتەوە وسپاردیە حەسەن عەلی عامری(١)، ئەمەش واتای قڕكردن وسەركوتكردنی تەواوی بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد دەگەیەنێت.





لەگەڵ هەموو ئەو مەینەتی وناهەموارییانەی پێشمەرگە پارتیزانەكان، لەسنوری شێخ بزێنی خوارووی سنوری كەركوك مەفرەزەكانی مام ڕۆستەم وسیروان كوێخا نەجم وشەهیدئاكۆسورو وەستا سابیروشەهید حاجی هەڵمەت وعوسمان جەمیل و ڕەوەند كە زیاتر لە١٥٠ پێشمەرگە بوون لەسنورەكە لەگوندی پەڵكانە لە ١٢-٩-١٩٨٨توشی شەڕ هاتوون وبەڕاستی شەڕێكی قارەمانانەیان كردووە،مامۆستا ئەحمەد لەگەڵ مەفرەزەیەك وچەند برینداریك لەوبەربوون، چەند مەلازم ورائیدوزیاتر لە٢٠سەربازوجاش كوژران و٤پێشمەرگەو ژنێك شەهیدبوون(٢)، هەروەها ٦فرۆكە لەگوندی (كەلۆزلقمان)٣پێشمەرگەیان شەهیدكرد لەپارتیزانەكانی گەرمیان لە١١-١٠-١٩٨٨بەناوەكانی (شەهید شێركۆ جدی وشەهید هەڵكەوت حەمە ئەمینی عەدەد جیهاز و شەهید شێرزاد وبریندارکردنی ئازادی سەگرمە(٣)، هەروەها ژەهركردنە ناو كارێزی دێی (شەمەوێلەكە)لەشارباژێر بۆ شەهیدكردنی پارتیزانەكانی گەرمیان(٤) ، هەندێك جار پێشمەرگە پارتیزانەكان بێ قوربانیدان لەڕەبیەو مۆڵگەی دوژمنیان داوە، وەك پەلاماری پێشمەرگە پارتیزانەكانی ڕەتڵی هەولێر لە ڕێكەوتی ٢٧-١٢-١٩٨٨لەبەستی شەرغە لەمۆڵگەیەكی سەربازی ڕژێمیاندا لەنزیك گوندی بەردبڕ وڕەبیەیەك وئیڤایەكیان سوتاندووە(٥)، وە شەهیدبوونی سەرتیپی ٨٨ی شەمامك كە ئەو تیپە لەپارتیزانی

پێکهاتوە، شەهید هاشم شەمامکی لە ١٩-٩-١٩٩٠لەڕەتلی هەولێر(٦)، جگە لەمانە چەندین فەرمانەدەی قاڵبووی خەبات لەپارتیزانی شەهیدبوون وەك لەنرکەی کوردستان لاپەڕە ٥٩ ناویان هاتووە:شەهید حەمەڕەش و وشیارەسوور ونامق کوڕێ.

بەلاَم پارتیزانەکان لوتی ئەو کەسانەیان شکاند کەبیریان لە ئاشبەتاڵ دەکردەوە، وەئەگەر پارتیزانەکان سەنگەریان چۆڵ بکردایە، هەمان کارەساتی ساڵی ١٩٧٥ دووبارە دەبۆوە(٧)، ئەگەرچی وەکو پێویست گرنگی بەو قۆناغە نادرێ ومانەوەوبەرگری ئەو پێشمەرگە پارتیزانانە وەکو یەکێك لەسەروەرییە گەورەکانی شۆرشی گەڵەکەمان ناخوێندرێتەوە، ئەگەر نا هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەموو سەروەرییەکانی لێوەربگریەوە، بەتەنها سەروەری مانەوەی پارتیزانەکانی دوای ئەنفالەکانی بەسە تاهەتایی شانازی پێوەبکات(٨).

---

(١)میدل ئیست ووچ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە٤٢٢.

(٢)جەلال ئیلنجاغی، لەشارەوە بۆشاخ، لاپەرە١٥٢.

(٣)عوسمان کانی پانکەیی،سەرچاوەی پێشوو،لاپەڕە٢٧٤.

(٤) عوسمان کانی پانکەیی،سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە٢٧٩.

(٥) جەلال ئیلنجاغی، لەشارەوە بۆشاخ، لاپەرە١٥٧.

(٦)قەندیل بەغدای هەژاند، سەرچاوەی پێشوو،لاپەرە٤٩٠.





(٧)ووتەی شەهید ڕێبازە(لەقەندیل بەغدای هەژاند لاپەرە٤٥٤و نرکەی کوردستان نوسیویەتی،لاپەرە٦٢.

(٨)چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا کاوە ئەنوەر نادرپێشمەرگەی پارتیزانی ڕەتلی هەولێر.

## پارتیزانەکانی کەرکوك

که باسی پارتیزانەکانی کەرکوك دەکەین مەبەست لەوپێشمەرگە قارەمانانەیە کەدوای شالأوی ئەنفال بەخۆراگری مانەوە وچەکی شەرەف وپێشمەرگایەتیان لەشان نەکردۆتەوە بۆساتێکیش تەسلیم بەرژێمی بەعس نەبونەوە، لەبەرامبەریشدا بەگژپیلان وبەرنامە گلاوەکانی ڕژێمی فاشی بەعس دادەچونەوە، ئەو پێشمەگانەن کە لەسنوری تیپی ٢١ی کەرکوك و٢٥خاڵخالأن خاوەنی چەندین داستان ونەبەردی وشەڕی بەرەیی و ڕووبەروبونەوەن، کەمێژوویی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەتایبەت شۆڕشی نوێ، بەڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بیٚ باسکردن وتۆمارکردنیان پڕ دەبێت لەکەموکوڕی وناتەواوی؟!

بەداخەوە تاوەکو ئێستا لەهیچ سەرچاوەیەك بەتەواوەتی ویەکجاری لەسەر ژمارەی پێشمەرگەکان وکات وماوەی مانەوەیان لەسنورەکە بەپارتیزانی یەکلایی نەکراوەتەوە، بەڵکو لێرەو لەویٚ لەهەندێ بیرەوەری جیاجیا لەناميلکەوڕۆژنامەوگۆڤاروتوێژینەوە





سیاسیەکان وچاوپێکەوتنەکانی ناو بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی هەندێك کەناڵ نەبێت بلاونەکراونەتەوە وتۆمارنەکراون،بۆنمونە مامۆستا عوسمان کانی پانکەیی لە کتێبەکەی خۆیدا (سەروەرییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەڕۆژگارە سەختەکاندا) لەلاپەڕە(٢٩٣-٢٩٤)باس لە١٢٥پێشمەرگە دەکات بەسەرپەرشتی فەرماندەی کەرت(ڕەوەند) و دواتریش تەنیا ناوی ٨٥پێشمەرگەی تۆمارکردووە،وە نمونەیەکیتر لەسەر پارتیزانەکانی ڕەتڵی هەولێر شەهید ڕێباز لەقەندیل بەغدای هەژاند لاپەرە ٤٤٩ئاماژە بەهاتنە خوارەوەی ٤٠٠پێشمەرگە دەکات بۆ دەشتی هەولێر لە٢٥-٨-١٩٨٨کەچی دوائاماری پارتیزانەکانی دەشتی هەولێر ١٢ پێشمەرگە مانەوە،هەر بۆیە لەلاپەرە ٦٠ ی نرکەی کوردستان دەڵێت"نەخێر خەڵکی بەشەرەفی کوردستان هەموو پارتیزانەکان لە١٠٠کەس لەسەرانسەری کوردستان تێ پەڕنەدەبوو، تەنیا لەگەرمیان وجافایەتی ودەشتی هەولێر"،هەروەها مامۆستا کاوە ئەنوەر نادریش لەچاوپێکەوتنەکەیدا دەڵێت"تەنها تروسکەی ئومێدێك کە مابوو شۆڕش و پێشمەرگەبوو، ژمارەی دەستەکانی ئەوسای پێشمەرگەش، ژمارەی پەنجەکانی دەست بوو".

هەروەها سەلاح ڕەنجدەر لەکتێبی فەرهەنگی مەشخەڵان لاپەڕە٧١دەڵێت ژمارەی پێشمەرگە پارتیزانەکان لە٤٠٠پێشمەرگە

تێ پەڕنەدەبوو بەرامبەر٢٥٠هەزارجاش، هەربۆیە سەبارەت بەپارتیزانەکانی سنوری کەرکوك ژمارەی دروست لەبەردەست نی یە، چونکە حاڵەتی پارتیزانی دوو شێوەی هەبوو،یەکەمیان ئەو تیپ وکەرتە دابڕاوانەی کەشالأوەکانی ئەنفال دروستیکردن ودواتر لەڕێگەی سەرکردایەتی و بڕیاروەرگرتن لەسەرکردایەتی لەسنورەکانی خۆیان مانەوە، کە ئەمانە ژمارەکانیان ناجێگیربوون و لەژمارەی زۆروبۆرەوە کەمبونەوە بۆمەفرەزەو کەرت، چونکە بەشێکی زۆریان تەسلیم بوونەوە وبەشێکی زۆریان خۆیان گەیاندەوە سنوری عێراق-ئێران وسەرکردایەتی و دووەمیان ئەو هێزە تایبەتانەی کە بەبڕیاری مەکتەبی سیاسی وسەرکردایەتی یەکێتی نێردرانەوە ناوچەکانیان، نمونەی ئەم هێزە تایبەتە مەفرەزە پارتیزانەکەی شەهید ئاکۆسورە کە ماوەی مانەوە وژمارەی پێشمەرگەکانی دیارن و حاشاهەڵنەگرەو زۆر بەڕاستی و دروستی دەتوانرێت بۆ مێژوو تۆماربکرێت.

سەبارەت بەشێوە خەباتی یەکەم لەسنوری کەرکوك واتە پێشمەرگەدابڕاوەکانی شالأوی ئەنفال کە بەشێوەی پارتیزانی بۆماوەیەکی دیارمانەوە مامۆستا عوسمان کانی پانکەیی لەکتێبەی خۆیدا(سەروەرییەکانی یەکێتی... لەلاپەرە٢٩١تا٢٩٥)، ناوی هەندێ پێشمەرگەی پارتیزانی ڕەتڵی کەرکوکی نوسیووە کە پێکهاتەی پێشمەرگەکان لەدوای ٦-٧-١٩٨٨لەسنورەکە





بەسەرپەرشتی مام ڕۆستەم بوو، تەشکیلاتی کەرکوك کرا بەچەند دەستەیەکەوە و سیروانی کوێخانەجم سەرپەرشتی دەستەکانی کەرکوکی دەکرد.

هەرچەند مامۆستا عوسمان کانی پانکەیی خۆی لە قەرەی تۆمارکردنی ئەو پێشمەرگانە داوە کە دوای ١٩٨٨/٧/٦ هاتوونەتەوە ناوچەکە و خەباتیان کردووە، ئەمەش حەقیقەتێکی مێژووییە و نکوڵی لێناکرێت بەڵام لەبەر سەختی قۆناغەکە و جیاوازی خۆڕاگری پێشمەرگەکان و چۆنیەتی تەسلیمبوونەوەی هەندێکیان چ لە ڕێگەی خۆیانەوە یان لە ڕێگەی سەروو خۆیانەوە ڕێگەیان پێدرابێت، بۆیە بە باشی دەزانم لەو بابەتەی مامۆستا عوسمان خۆم لابدەم و ئەو ناوانەی کە ئەو تۆماریکردوون دووبارەیان نەکەمەوە، لەبەر کەمی شارەزاییم لەو بوارەدا خۆم لە قەرەی ساغکردنەوەی ناوەکان نادەم و بۆ کەسی شارەزا و پسپۆڕی دوای خۆمی جێدێڵم (ئاراس ئیلنجاغی)

بەداخەوە بەهۆی سەختی بارودۆخی ئەوکات و شەهیدبونی هەندێك لەپێشمەرگەکان ورێکنەکەوتنی زەمینە بۆ چاوپێکەوتنی ئەو پێشمەرگانەی کە لەژیاندا ماوون ، لەهەموو بابەت وکتێب وبلأوکراوە وچاوپێکەوتنەکان لەکۆتایدا ووتراوە"داوای لێبوردن لەو پێشمەرگانە دەکەین کە ناوەکانیانمان بیرنەماوە".بێگومان

ئێمەش لەو حاڵەتە بەدەرنابین چونکە کاتی خۆی تۆماری فەرمی نەبووە و تۆمارنەکراون ، بیرەوەرییەکانی هەڵگیراو لەمێشکی مرۆڤ ئەوە هەڵدەگرێت کە خەڵکانێك و چەند قارەمان وپێشمەرگەیەك لەبیر بکرێن، یان روونتر بڵێین پێشمەرگەکان زۆربەیان ڕەنجدەری بیروباوەڕو کورە هەژارو جوتیاری کورد پەروەر بوون لەمڕۆی پرۆسەی ئازادبوون و دەسکەوتەکانی حکومەتی هەرێم فەرامۆشکراون و لایەك لە لێکۆڵینەوە وتوێژینەوەی ئەو قۆناغە سەختەی خەبات نەکراوەتەوە،چونکە بەبۆچونی خۆم ئەمە کاری تەنیا نوسەرێك وبیرەوەری یەکەکەی پێشمەرگەکان نی یە، بەڵکو کاری سەرەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە کە بەجدی ئاوڕێك لەسەروەرییەکانی ئەوێ ڕۆژێ بداتەوە و وەك ئەنسکلۆپیدیایەك بەلیژنەیەکی پسپۆڕو کارامە هەموو حاڵەتەکان ورووداوەکان وکارەساتەکان وبیرەوەرییەکان ومەینەتی وقارەمانێتییەکان گردوکۆبکاتەوە تۆمارییان بکات وکتێبخانەی کوردی ومێژوی میللەتەکەمانی پێ دەوڵەمەند بکات.

دوای تەواو بوونی هێرشەکانی ئەنفال بۆسەر سنوری مەڵبەندی ٣ی هەولێر،١٢٥پێشمەرگە گەرانەوە سنوری کەرکوك بەڵام لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٨تەنیا ئەو پێشمەرگانە لەسنورەکە مانەوە و لەمانگی ١٢ی ١٩٨٨گەرانەوە سەرکردایەتی لەوولاتی





ئێران وەك مامۆستا عوسمان کانی پانکەیی لەلاپەڕە ٢٩٤و نەقیب ناسح بیبانی لە بیرەوەریەکانی دەیگێرێتەوە:

دەستەی یەکەم:

١-سیروانی کوێخا نەجم ، لێپرسراوی دەستەکان
٢-سەربەستە درێژ،پێشمەرگە
٣-جەمال حوسێن میرزا،پێشمەرگە
٤-کاروان دوبزی،پێشمەرگە
٥-عوسمان عەبدولرەحمان ناسراو بەکوردۆ،پێشمەرگە
٦-جەمال حەسەن میرزا،پێشمەرگە
٧-شەهید ئاکۆسور فەرماندەی دەستەی شێخ بزێنی
٨-رەحمان عومەر سەربیری،پێشمەرگە
٩-نەهرۆ موحەمەد
١٠-تالیب فاروق
١١-هێرش حەسەن
١٢-هیوا موحەمەد
١٣-نەقیب ناسح بیبانی
١٤-شەهید یونس ئەحمەد برای شەهید ئاکۆسور
١٥-شەهید خاڵە بەخە
١٦-عەلی ناڕوجەیی
١٧-حەسەن شورتە

١٨-موحەمەد سەقرفەرماندەی دەستەی شوان خاسە

١٩-ئارام چیمەنی

٢٠-مدیرحەسەن حسێن چیمەنی

٢١-شەهید ئیبراهیم فازل ناسراو بەئیباو

٢٢-خەلیل تۆماری

٢٣-پۆلاّ هەیبەیی

تێکڕایی ئەم دەستەوپێشمەرگە پارتیزانانە لەسنورەکانی شێخ بزێنی خوارو وسەرو وقەلاسێوکەوخاڵخاڵان وئاغجەلەروچەمچەماڵ وساڵەیی وشوان وماسقەلان وکەلی سمایل بەگی درێژەیان بەخەباتی پێشمەرگایەتی وپارتیزانی دا تاوەکو مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٨٨دواتر گەڕانەوەسەرسنوری ئێران وسەرکردایەتی.





## مەفرەزەکەی شەهید ئاکۆسور و هاوڕێکانی

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەساڵی ١٩٩٠دەستەیەکی پێکهێنا لەسەرکردایەتیەوە بۆ ئەوەی چەند مەفرەزەیەکی پارتیزانی دابمەزرێنێتە سنورە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان، بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی نەوشیروان مستەفا ئەمین، دەستەگشتی یەکە لەم بەرێزانە پێکهاتبوو:

نەوشیروان مستەفا ئەمین سەرپەرشتیاری گشت مەفرەزەپارتیزانەکان، شەهید حەسەن کوێستانی وحامیدی حاجی غالی و جەبارياوەرو نەقیب خەلیل ورابەری سەیدبرایم وسەفین مەلاقەرەومام ڕۆستەم(١) ،یەکێتی بۆ ئەو مەبەستە بیری لەوەکردەوە کۆمەلێك پێشمەرگە مەشق پێ بکات بۆ دابەزاندنیان ،بنکەیەکی مەشقی لە زەلێ و ناوزەنگ کردەوە بۆ هێزی پێشمەرگە ومەفرەزە بە مەفرەزە دەینارده خوارەوە(٢)هەندێك جار بەم مەفرەزانە دەوترا هێزی تایبەت یان پارتیزانەکان(٣).

مەفرەزەکەی شەهید ئاکۆسور وەك هێزە تایبەتە بچوکەکان لەمانگی ٥ی ١٩٩٠ئامادەکران ولەمانگی ٦ی ١٩٩٠ هاتنە خوارەوە بەمەبەستی گەڕانەوە بۆسنوری کەرکوك، سەرەتا لەرێگەی چاوساغ و پێشمەرگەی ڕێکخستنەکان وشارەزاکانەوە لە ٢٤-٦-١٩٩٠وەگەیەنرانە لای مەفرەزەکەی شەهید غەریب هەڵەدنی لە دوڵەبی نزیك گوندی بیرانی پیرەمەگرون،دواتر بەشارەزایی پێشمەرگایەتی و هاوکاری پێشمەرگەی ناوشار (چەتۆساڵح)بەرەو سنوری کەرکوك بەرێکەوتوون،لە٥-٧-١٩٩٠گەیشتنە سنوری کەرکوك،لە٥-٧تاوەکو ٢-١٠-١٩٩٠لەسنورەکە بەپارتیزانی مانەوە، و توانیان لەسەرەتای مانگی ٥ەوە تاوەکو مانگی ١٠ی١٩٩٠پەیامەکەی خۆیان بگەیەنە ڕژێمی بەعس لەسنوری کەرکوك بەدووری ٢٥کم لەچەقی کەرکوك لە هەڵەتی هەنارەی شێخ بزێنی خواروو بمێننەوەوپەیوەندی لەگەڵ جەماوەرو پێشمەرگە دابڕاوەکان گرێبدنەوە، ودرێژە بەخەباتی پێشمەرگانە لەسنوری تیپی ٢١ی کەرکوك و٢٥خاڵخاڵانی جارانی پێش ئەنفال بدەنەوە.

ئەم مەفرەزەیە کەهەندێك جار بەڕستی کەرکوکی پارتیزانەکان ناو دەبرێن لەهەشت پێشمەرگەی قارەمان پێکهاتبوون و لە لایەن دەستەی گشتیەوە کە کاك نەوشیروان سەرپەرشتیدەکردن، پێداویستیەکانی ئەو قۆناغەی پارتیزانیان بۆ دابینکراو وجفرەی





جیهازەکەیان شاباز بوو،لەمانگی ئۆکتۆبەری ١٩٩٠گەڕانەوە سنوری پیرەمەگرون،ئەوکات سنوری پیرەمەگرون شەهید غەریب هەڵەدنی سەرپەرشتیاری ڕەتڵی ٩ی سورداشی دەکرد ڕۆڵی سەرکردایەتیەکی ناوچەیی دەبینی دوو فەرماندەی تری لەگەڵ بوون (عوسمان گێچینەیی وعاید تەلانی ناسراو بەهێمن تەلانی)لەگەل مەفرەزەیەکیتری دوڵی جافایەتی کە عوسمان سێدەری فەرماندەیانبوو، کەدوچاری شەڕهاتن لە(کەلێنی لۆتەر)کەوتنە کەمینەوەلەشەوی ٢٧/٢٨-١-١٩٩٠پێشمەرگەیەکی قارەمانیان شەهیدبوو بەناوی(رزگارموحەمەد حەمە ئەمین ناسراو بەرزگاریاخیانی)وەجگە لەمانەچەند مەفرەزەیەکیتری لێبوو وەك مەفرەزەکانی (فەریق هەڵەدنی وعوسمان حەمەکاکی وحەمە سەنگری) وە لەکاتی بەرنامەی ڕاپەرین هێزێکی کاك خالەکەریم سێکانیانی هاتە ناوچەکە وبێستون سابوراوەیی رابەری سیاسی هێزەکە بوو، وە هەرلەسنوری پیرەمەگرون بۆماوەیەك مەفرەزەکانی خالیدی کاروباروعوسمان شارستێنی وزاهیر سێدەری لەناوچەکە بوون وەك پارتیزان(٤).

بەداخەوە ئەمرۆ لەمەفرەزەوڕستەکەی کەرکوك پێنج لەو پێشمەرگانە شەهیدبوون و تەنیا سیانیان لەژیاندا ماوون،کە کتێبەکەی ئێمە بەتەواوەتی لەسەر ئەم قۆناغەی پارتیزانی سنوری کەرکوکە ولەبەشەکانی داهاتوو بەگشتی و بەتایبەتی قسە لەسەر

ئەم رستەیە دەکەین بۆمێژووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد.

---

(١)چاوپێکەوتن لەگەڵ هیوا عەبدوللا ئەحمەد عەلی،لەدایکبووی ١٩٦٤،ناسراو بەهیوا ڕەش، لە٢١-٨-٢٠١٢فەرماندەی مەفرەزەی پارتیزانی بناری کۆسرەت.

(٢)ئەنفال وپارتیزانی،نوری خێلی حەمەیی،سلێمانی،٢٠٠٦،لاپەڕە٢٥.

(٣)فەرهەنگی مەشخەلان بۆمێژوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان،سەلاح ڕەنجدەر،ساڵی٢٠٠٦، لاپەڕە٦٩.

(٤)چاوپێکەوتن لەگەڵ عوسمان کەریم سوارەلەدایکبوی ١٩٦٧ گوندی سێدەری دوڵی جافایەتی ، ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان یەکێك لەفەرماندەی مەفرەزە پارتیزانەکان لە٢٣-٨-٢٠١٢.





## مەفرەزەکەی هیوا ڕەش و هاوڕێکانی(١)

ئەم مەفرەزەیە دوای یەك مانگ ونیو لەدوای مەفرەزەکەی شەهید ئاکۆسور گەڕانەوە سنوری کوردستان، بەلاّم بەهۆی خوێندنەوەی بارودۆخی ئەوکاتی سەرگۆڕەپانی کوردستان، بەباش نەزانراوە لەلایەن سەرکردایەتیەوە کە دوو مەفرەزە بگەرێنرێتەوە سنوری کەرکوك چونکە سنورەکە لەلایەن ڕژێمەوە زۆر بەرتەسك کرابۆوە،بۆیە سنوری ئەم مەفرەزەیە کرایە بناری کۆسرەت،بەلاّم بەهۆی سەختی ناوچەکەوە شوێنی پارتیزانیان هێنایەوە دەشتی کۆیە وهەردوو بەری کەناری زێی بچووك و قەلاسێوکەوبناری خاڵخالاّن بەتایبەتی نزیك گوندی (چوغلیجە) ژوورێکیان لەژێر زەمینەکانی هەلەتەکانی ئەو گوندەی بناری خاڵخالاّن دروستکردبوو، جارناجاریش سنورەکەیان لەگەڵ مەفرەزەکەی شەهید ئاکۆسور تێکەڵ دەکردەوە تا تەرەقە ودووشیوان وکارێزە وگوندەکانی ناحیەی شوان درێژەیان بەسنورەکەیان دەدا،ئەم مەفرەزەیە لە مانگی ٨ی ١٩٩٠ەوە تاوەکو سەرەتای مانگی ١ی ١٩٩١لەسنورەکە مانەوە وژمارەیان ٧

پێشمەرگەی قارەمان بوو،بەسەرپەرشتی هیواڕەش وپێکهاتبوون لەمانە:

١-هیوا عەبدوللا ئەحمەد عەلی(هیواڕەش)،فەرماندەی مەفرەزە(٢).

٢-ئاسۆ قەرەناوی،پێشمەرگە

٣- شەهید زولفەقار عەلی هەیبەیی ناسراو بەپشکۆ(شەهیدی شەڕی ناوەخۆ) ،پێشمەرگە

٤-خاڵە دڵزارپێبازۆکی دەشتی کۆیە،پێشمەرگە

٥-عەزیزەسوری شیوەجانی تەقتەق،پێشمەرگە

٦-تالب فارووق، پێشمەرگە

٧-نورەدین سالح رەمەزان ناسراو بەسامان،پێشمەرگە

ئەم مەفرەزەیەش بۆماوەی چوارمانگ لەسنورەکە مانەوە تاوەکو لەسەرەتایی ساڵی ١٩٩١گەڕانەوە سەرکردایەتی وبۆ خۆ ئامادەکردن بۆ بەرنامەڕێژی ڕاپەرین،بەڵام لەماوەی پارتیزانی توانیان لەبناری کۆسرەت پەیوەندی بەخەڵك وجەماوەر بکەنەوە وماڵی حاجی حەسەنی خدران وحاجی سمایلی برای وەکو کوردی دڵسۆز ونیشتمان پەروەر هاوکاری تەواویان کردوون نەوەك وەکو ڕێکخستن چونکە لەبیتوێن بەهۆی کارەساتی ئاشکرابوونی هەندێك لەهێڵەکانەوە بەشێکی زۆر لە پێشمەرگەکانی ناو شارو ڕێکخستنەکان دەستگیرکران و هەندێکیان لەسێدارەدران وەکو





شەهید حاجی وشەهید شەمال،ئەم دوو خانەوادەیە تا مەفرەزەکە لەبناری کۆسرەت بوو، هاوکاری تەواویان کردوون، دواتر مەفرەزەکە لەبەرسەختی ناوچەکەیان بەرەو دەشتی کۆیە وسنوری خاڵخاڵان هاتوون، لەو ناوچەیەش ئەبوزەید کانی ڕەشی لەناو شارەوە زۆر هاوکاری کردوون لەڕووی دابینکردنی پێداویستیەکانەوە، لەگەڵ کاك عیسام کەخزمی عەزیزە سور بوو، وە ڕەحمانی برای عەزیزە سوریش هاوکاری تەواوی ئەو مەفرەزەیانکردووە لەسنورەکە، هەندێك جاریش مەفرەزەکە وەك هەموو مەفرەزەپارتیزانەکانیتر بەدوای مۆڵگەوحەشارگەکانی پێش ئەنفال گەراون و هەندێك خۆراکی بەسەرچوویان دەست کەوتووە وبەناچاری کردویانە بەژەمەخۆراکی خۆیان.

ئاسۆ قەرەناوی لەبواری سیاسی وزانیارییەوە بەرپرسیاری لەسەر شان بووە لەو مەفرەزەیە و دەڵێت"لە١٥-٨-١٩٩٠وە گەڕاینەوە بناری کۆسرەت تا کۆتایی ئەوساڵەوسەرەتایی ساڵی ١٩٩١ئینجا گەڕاینەوە سەرکردایەتی"مەبەستی سەرەکی لەناردنەوەی ئەم مەفرەزەیە ڕاپۆرت وێنەی ڕوخاوی لادێکانی کوردستان بگرین تاوەکو لەکۆبونەوەکانی ئەوروپا بخرێنە ڕوو بەمەبەستی وورووژاندنی رای گشتی جیهانی، لەو ماوەیەدا توانرا ڕاپۆرت ووێنەکان ئامادەبکەین،بەڵام هەندێك لەوێنەکان لەکامێراکەدا سوتان وهەندێکیان بەهۆی بارودۆخ وسەختی

ئەوکاتی ئاوهەوا هەندێکیان فەوتان وبەشێك لەوێنەوڕاپۆرتەکان گەیشتنە جێی مەبەست.

هەروەها ئەو مەفرەزەیە لەلایەن هێرۆخانەوە لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ کوردستان بەوێنە وڤیدیۆگیراوە،ئەم مەفرەزەیە لەبناری کۆسرەت لەئەشکەوتە شاراوەکانی چیای کۆسرەت ودەشتی کۆیە لەگوندی شیوەجان ولەبناری خاڵخالان لەگوندی چوغلیجە لەو ماوەیەی کەپارتیزان بوون خۆیان حەشارداوە و هەروەها ماڵی مام حەمەخانی مام سەعید سەعدون و حوسێنی کوری کەماڵیان لەسەرکەپکان بووە هاوکارێکی باشی مەفرەزەکە بوون، لەئەنجامی شەهیدکردنی شەهید هاشم شەمامکی لەدەشتی هەولێر لەلایەن ڕژێمەوە ئەوان لەترسی ئاشکرابونیان چونکە پەیوەندی هەبووە لەنێوان جفرەکانیان ناچاربەرەو سەرکردایەتی کشاونەتەوە، وەپەیوەندیان بەڕستی کەرکوکەوە هەبووە چونکە کەشەهیدئاکۆسوروهاوڕێکانی لەسنوری کەرکوکەوە گەڕانەوە بناری پیرەمەگرون، لەنێوان گوندی عەلی موسا وتەرەقە لەهەڵەتەکانی ماسقەلان کاغەزێکیان لەژێر بەرد بۆ دانابون وتێیدا نوسیبویان"ئێمەگەڕاینەوە لای پیرەمەگرون" (٣).

لەبەر ئەوەی ئەم مەفرەزەیە لە سەرکردایەتیەوە بەناوی سنوری کەرکوك دانەبەزێنراونەتەوە خوارەوە بۆیە لەگەڵ پێشمەرگە پارتیزانەکانی کەرکوك وەك فەرمی تۆمارنەکراون بەڵام لەواقیعدا





بوون بەبەشێك لەپێشمەرگەکانی سنوری خاڵخالان ودەشتی کۆیە، بۆیە لەم کتێبەدا بەڕەوامان زانی تیشکێك بخەینەسەریان وبەتەنیشتیانەوە گوزەرنەکەین.

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ هیوا عەبدوللاَ ئەحمەد عەلی،لەدایکبووی ١٩٦٤،ناسراو بەهیوا ڕەش، لە٢١-٨-٢٠١٢فەرماندەی مەفرەزەی پارتیزانی بناری کۆسرەت.

(٢) هیواڕەش ناوی تەواوی(هیوا عەبدوڵلا ئەحمەد عەلی)یە،خەڵکی گوندی (تەقتەق)ی دوبزە،ساڵی ١٩٦٤لەدایکبووە،لەتەمەنی ١٩ساڵیدا ساڵی ١٩٨٣پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە،ساڵی ١٩٨٦لەکەرتی یەکی قەلاسیۆکە لەتیپی ٢٥خاڵخالان دەبێتە پێشمەرگە،ساڵی ١٩٨٨دەبێتە فەرماندەی مەفرەزە،ساڵی ١٩٨٩دەبێتە جێگر کەرت لەتیپی ٢١ی کەرکوك ودواجار لەساڵی ١٩٩٠ دەبێتە کەرت و دواتریش فەرماندەی مەفرەزەی بناری کۆسرەتی پارتیزانی.

(٣)چاوپێکەوتن لەگەل(سلێمان حەمەخان سەعید ناسراوبەئاسۆ قەرەناوی لەدایکبوی ١٩٦٧ی قەرەناوی شوان،ساڵی ١٩٨٢پەیوەندی بەڕێکخستنەکانەوە کردوە وساڵی ١٩٨٥لەکەرتی تایبەتی تیپی ٢٥خاڵخالاَن بووە بەپێشمەرگە ورابەرسیاسی کەرت بووە،لەبناری کۆسرەت لەبواری سیاسی وزانیارییەوە بەشداری مەفرەزەکەی کردووە وەك پێشمەرگەیەکی پارتیزان)لەبەرواری ٢٤-٨-٢٠١٢.

## براکوژی بەرۆکی پارتیزانەکانی گرتەوە

نوسـەرو فۆتۆگرافـەری بـەناوبانگی فەرەنـسی کـریس کۆچـێرا دەڵێت"عێراق وئێران وتورکیاوسوریا دوژمنـە بچوکەکانی کوردن، دوژمنـە گەورەکـەی کـورد، کـوردە؟!!،دەمـەوێ لێـرەدا ئاماژەیـەکی خێـراو تیـژگوزەر لەسـەر براکـوژی بکـەم و بلـێم بەداخـەوە میللـەتی کـــورد بەدرێـــژایی خـــەباتی سیاســـی وچـــەکداری بـــێ دەردی کوشـــــندەوبێ دەرمـــــانی براکـــــوژی نـــــەبووە، چ لەشـــــاخ وچ لەشـــــار؟!برینێکـــــی ســـــاڕێژنەبووی قۆناغـــــەکانی خەباتـــــە وجارجارەوناوەنـاوە وتـاو تـاو سـەرهەڵدەداتەوە، یەخەوبـەرۆکی قارەمـانترین وگیـان بـەختکردوترین وخۆبەخەشـترین پێـشمەرگە دەبێتەوە.

شـــەهید ڕێبـــاز کـــەقوربانی دەردی براکوژییـــە دەڵێـــت"شـــەڕی براکـوژی ناوەخۆ،شـەڕی کوردبەکورد،شـەڕی ناعادیلانەیـە لـەناو شۆڕشی کوردستان دیاردەیـەکی کۆن وبەردەوامـە، دەیـان وسـەدان وهـەزاران ڕۆڵـەی کـورد بەناهـەق خـوێنی ڕژاوە(قەنـدیل بەغـدای هەژانـدل٣٣٦)"هـەروەها دەڵێـت"شـەڕی مـاڵوێرانی وشـەڕی بـێ





ئامانج(قەندیل،ل٣٧٦)"ە،مام کاوێسی هاوڕێیانی حزبی شیوعی کـە ٢٠سـاڵ خـەباتی هـەبوو ووتـی"حـەیف ئـەوە ٢٠سـاڵ زیـاترە خـــەبات دەکـــەم کەچـــی لەشـــەڕێکی نـــاڕەوا کـــوژرام(قەنـــدیل، ل ٣٣٧)"کەچی شەهید ڕێباز دوای ٣٠ساڵ خـەبات لەشـەڕی ناهـەق وناڕەوای کوردبەکورد لە٧-٥-١٩٩٤ شەهیدبوو.

بەداخـــەوە ڕووبارێـــك خـــوێنی ڕۆڵـــەکانی گەلەکـــەم لەهـــەموو حزبـەکان لـەپێناوی نـاکۆکی وململانـێ وکێشمەکێشمی دەسـەڵات وقەڵەمڕەوی حزبەکان بەفیڕۆ چوون، مێژوو لێمان نـابورێ وبـەزەیی پێمان نایەتەوە وبەئاشکرا لە لاپەڕەکانی خۆی تۆماریان دەکات.

پێـشمەرگەکانی مەفرەزەکـەی شـەهید ئاکۆسـور لـە٨پێـشمەرگە ٤پێشمەرگەی شەڕی ناوەخۆ بەرۆکی گرتووە ولەمەیدانەکە ساردی کردونەتـەوە وبـوون بـەقوربانی ئـەم دەردە بـێ دەرمانـەی بزاوتـی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان،ئەمە پەنجە خستنە سەر لایـەنێك وحزبێك نی یە بەتەنها بەڵکو یەکێك لەهـەرە دیـارترین کەموکورتیـەکانی نـاو جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردە لەهەناوی مێژوو وە تـاوەکو ئـەمڕۆ وئێستا لەسایکۆلۆجیەتی میللەتی کورد خۆی مـەلاس داوە،دەبێت نـەمێنێت وبەتـەواوەتی بنبڕبکرێـت تـا کـورد هەناسـەیەکی ئـارامی بەخۆوە ببینێت وئاسۆیەکی ڕوون وبـەدوای هـەنگاوەکانی خـەباتی بەدی بکات.

جێگەی داخە کە پارتیزانەکانی کەرکوك، شەهید ئاکۆسورو شەهید ئاواتەڕەش و شەهید ووریاقەفاری وشەهیدخاڵەبەخە کە٥٠٪ی ڕستەکەی کەرکوك بوون ئەمڕۆ دوای ئازادی بەشێکی زۆر لەکوردستان لەژێرخاکن و هۆکاری شەهیدبوونەکەشیان دێوەزمەی براکوژیە هەزاران سلاو لەگیانی پاکی هەموو شەهیدانی جولانەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان وشەهیدانی بەناحەق کوژراوی شەڕی براکوژی.





## ڕۆڵی ڕێکخراوی سلێمانی(١)

ڕێکخراوی سلێمانی ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە هاوکاریکردنی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سنوری پیرەمەگرون وکفری وکەلاروشارەزورو دەربەندیخان وبازیان وکەرکوك ، ئەوانەی هاوکاریانکردووە لێرەدا بۆ مێژوو ناوەکانیان تۆماردەکەین :

## لەسنوری پیرەمەگرون

١-عەزیز حاجی چراغ ناسراو بەهاوڕێ سالار، ئەندامی کەرتی شەهید ئارام لەسنوری ڕێکخراوی سلێمانی،ئەرکی پەیوەندی و ئاڕاستەکردنی ڕێکخستنەکانی ناو ئۆردوگای پیرەمەگرونی پێسپێردرابوو، بەمەبەستی هاوکاریکردنی پارتیزانەکانی پیرەمەگرون ومەفرەزەکانی ناوچەکانی تریش کە لەرێگای گەیشتن بەسنوری چالاکی خۆیاندا بەو ناوچەیەدا تێدەپەڕین.

٢-ڕەئوف ئەحمەد عوسمان دوکانی ناسراو بەسەرکەوت لەریزەکانی ڕێکخستنداو ناسراو بەهاوڕێ بارام لەناو پارتیزانەکاندا، ئەم هاوڕێ یە چالاکترین ئەندامی ڕێکخستن بوو

لەناوچەکەدا کە گەورەترین ئەرکی هاریکاریکردنی پارتیزانەکانی خرابووە ئەستۆ.

٣-بەکر ئەحمەد ناسراو بەسەرچنار نوێنەری دووەمی رێکخراوی سلێمانی بۆ ڕاگرتنی پەیوەندی بەشەکە لەگەڵ رێکخراوی سلێمانی دا.

٤-حەمەی خاڵە فایەق ناسراو بە هاوڕێ سیدەکان، نوێنەری سێیەمی رێکخراوی سلێمانی لەگەڵ رێکخستنەکانی نێو ئۆردوگا.

٥-ڕەسول قادرخدر کرژەیی ناسراو بە خەلیل.

٦-ڕەسول محەمەد محەمەد سەعید تەلانی ناسراو بە سروود.

٧-عەلی وەسمان ساڵح حاجیتانی ناسراو بەسەیدۆ.

٨-عایشە مەحمود محەمەد قادر خێزانی هاوڕێ بارام.

٩-قومریە حاجی مەحمود خێزانی هاوڕێ سروود.

١٠-رازیە مەحمود رەسوڵ خێزانی هاوڕێ خەلیل .

١١-مەلا سەعید ئەحمەد عەبدوللا ناسراو بەسۆران.

١٢-کاوە حەسەن ڕەسول ناسراو بەسیڤەر.

١٣-عەبدولرەحمان عومەر ئیسماعیل برای شەهیدسمکۆ،خۆی و شەهید سمکۆ ئەڵغامیان هەڵدەگرتەوە لەسنورەکەدا ودەیناردەوە بۆ پارتیزانەکان بەمەبەستی بەکارهێنانەوەیان لەچالاکیە پێشمەرگانەییەکانیاندا.





١٤-عەبدوللا عومەر ئیسماعیل ناسراو بەسمکۆ (ساڵی١٩٨٩ بەهەڵگرتنەوەی لوغم برینداربوو وە لەساڵی ١٩٩٢شەهیدبوو).

١٥-ئەنوەر موغاغی کۆچی دوایی کردووە برای پارتیزان شوان موغاغی-یە،لەچالاکیەکی رێکخستندا بەمەبەستی گەیاندنی جیهازێکی ڕاکاڵ لەدەستی پێشمەرگەکانەوە بۆ رێکخراوی سلێمانی دوو شەو پێش ڕاپەڕین لەناو ئۆردوگاکەدا خۆی و هاوڕێ سیدەکان (حەمەی خاڵە فایەق) کەوتنە کەمینەوە و هاوڕێ ئەنوەر برینداربوو و تووشی کەمئەندامی هات وەفاتکردنی بەکارەساتێك ، لەم کەمینەدا پێشمەرگەکان هاتنە دەست ودوان لەپیاوەکانی ڕژێمیان کوشت.

١٦-عەبدولرەحمان محەمەدئەمین ساڵح ناسراو بەسەلام.

## لەسنوری کفری و کەلار

١-سدیق سەعید ئەحمەد ناسراو بە سوپا،چالاکترین ئەندامی بەشەکەی بوو، کە بۆماوەیەکی زۆر رێکخستن هەموو پشتێکی پێ بەستبوو بۆ هاتوچۆکردن بۆ ئەو ناوچانەی کە بەنهێنی لەگەڵ پارتیزانەکاندا دانرابوون بەمەبەستی بینین وئالوگۆری نامە ونوسراوەکان وبەدەستگەیاندنی خواردن وپارەو پێداویستیە ڕۆژانەییەکانی پارتیزانەکان و گواستنەوەی پارتیزانی بریندار و نەخۆش بۆ ناو شارەکان بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

٢-جەلال عەبدوللا محەمەد ناسراو بەسەردار.

٣-محەمەد مەحمود ئەمین ناسراو بە خەلیفە.

٤-ئەنوەر سەمەد عەبدولرەحمان کارێزەیی.

٥-مەجید قادر عەلی رەباتی.

٦-نوری سەعید ئەحمەد(حاکم نوری)برای هاوڕێ سوپا.

٧-ئیسماعیل ئیبراهیم مەردان ناسراو بەسامی.

٨-کامەران عەبدوللا محەمەد ناسراو بە کامەران ، یەکێك بوو لەپێشمەرگەکانی تیپی تایبەتی سرك لەسنوری کەلار دا، پاش گرتنی شەهید محەمەد رەحیم حەسەن رەسول (شەماڵ) ئەم تیپە لەرێکخراوی سلێمانی دابڕاو پێشمەرگەکانی پەرتەوازەبوون لەنێوان خۆحەشاردان وچوونی هەندێکیان بۆ نێو پارتیزانەکان.

٩- شەهاب حاجی ئەحمەد محێدین (هەژار).

١٠-محەمەد حەمە ئەمین شەربەت- سەرقەلاّ.

١١-ئەمین شەربەت باوکی محەمەدحەمەئەمین وەفاتی کردووە.

١٢-فایەق حاجی حەسەن ئەحمەد -سەرقەلاّ.

١٣-نازم محەمەد سلێمان-سەرقەلاّ.

١٤-تەها مەلا ڕەشید-سەرقەلاّ.

١٥-هاوڕێ نەریمان -کەلار.

١٦-خەلیل ئیبراهیم ئەحمەد ناسراو بەخەلیل کارێزی.





١٧-ئەحمەد شەوکەت ڕۆستەم لە گواستنەوەی پێشمەرگەی پارتیزان کاك تەهای برای کاك ئازادی سەگرمە بۆ ناو شاری سلێمانی بەشداریکردووە.

١٨-سەرگوڵ عەلی ئەحمەد خێزانی هاوڕێ سوپا، هاوکارییەکی زۆری پارتیزانەکانی کردووە بەخواردن ئامادەکردن ویارمەتی دانی مێردەکەی لەو ئەرکە گەورانەی ڕووبەڕووی بونەتەوە،بەداخەوە ئەم هاوڕێ یە لەکارەساتێکی ناخۆشدا لەمیانەی هەڵبژاردنی مەڵبەندەکاندا لەساڵی ٢٠٠٦دا لەکفری شەهید کرا.

١٩-محەمەد وەلی خاوەنی دەواجنی حەمەی وەلی لە ئاوەخوێڕی ئەم دەواجنە ماوەیەکی زۆر جێگای بەیەکترگەیشتنی پارتیزانەکان و رێکخستنەکانمان بوو، هەر لەم دەواجنەوە کاك ئازادی سەگرمە گەیەندرایە دەست رێکخستن بەمەبەستی گەیاندنە شارو چارەسەرکردنی.

## لەسنوری شارەزوور و دەربەندیخان

١- حەمە رەشید شەریف ناسراو بە بەهجەت لای رێکخستن وناسراو بە کامیل لای پارتیزانەکان،بۆماوەیەکی زۆر نوێنەری رێکخراوی سلێمانی بوو بۆ پەیوەندی وگەیاندنی نامەوهەموو پێداویستیەکانی ڕواژانەی پارتیزانەکان،کۆچی دواییکردووە.

٢-حەمە عەتا محەمەد سالح ناسراو بەشاماس.

٣-سدیق عوسمان مەعروف ئیسماعیل ناسراو بەشاهۆ، پێشمەرگەی ژمارە ٣ی سرکیش بوو،لەبریندابوونی سەرکردەی پارتیزان کاك ئازادی سەگرمەدا بەمەبەستی تیمارکردن وچارەسەرکردنی کاتی کاك ئازاد بۆماوەی دوو هەفتە نێردرایە لای پارتیزانەکان.

٤-ئەحمەد کوڵکنی ناسراو بە تەیمور لای رێکخستن و ناسراو بە هاوڕێ عەزیز لای پارتیزانەکان.

٥-ساڵح حەمەخان کەریم ئەندامی رێکخستن و ئامر سریە لەنێو فەوجە خەفیفەکاندا(دیارە بەئاگاداری رێکخستن) ئەم هاوڕێ یە خۆی وئەندامانی سریەکەی کە لەناوچەی هەنارە بوون رۆڵێکی گەورەیان گێڕا لە هاوکاریکردنی پارتیزانەکانی گەرمیاندا.

٦-مەجید حەمەخان کەریم.

٧-واحدحەمەخان کەریم.

٨-نوری حەمەخان کەریم.

٩-یەحیا ئەحمەد حەمە.

١٠-عەلی قادر فەتاح.





## لەسنوری بازیان

١- حەسەن محەمەد عەبدولرەحمان ناسراو بە نەسرەوت،ئەم برادەرە ئامر مەفرەزەیەکی تایبەتی سرکیش بوو لەو سنورە.

٢-عومەر مەحمود ئەحمەد ناسراو بە پیرۆت، ئەندامی کەرتی شەهید ئارامی سنوری رێکخراوی سلێمانی ،ڕۆڵی زۆری بینیوە لەپاراستنی پێشمەرگەی بریندارکاك مەلا فەرمان ڕابەری سیاسی تیپی ٢٣ی سورداش پاش ئەنفال و داڵدەدانی لەدوکانەکەی خۆیدا لەنێو شاری سلێمانی دا.

٣- تاهیر مەجید شەریف ناسراو بەنەوزاد ئەم برادەرە پێشمەرگەی مەفرەزە تایبەتەکەی سرکیش بوو.

٤-سەباح محەمەد عەبدولرەحمان ناسراو بە ئەرسەلان ئەم برادەرە پێشمەرگەی مەفرەزەتایبەتەکەی سرکیش بوو.

٥-ئەرکسین ئەحمەد ئەمیر ناسراو بە نەسرین هاوکاری مەفرەزەتایبەتەکەی سرکیش بوو.

٦-عەبدوللا سابر رەشید.

٧-عوزێر محەمەد ناسراو بە هەڵمەت پێشمەرگەی تایبەتی مەفرەزەکەی سرکیش بوو.

بۆیە تیشکێکی خێرامان بەناوی رێکخستنەکانی ریکخراوی سلێمانی کرد ئەمانە هاوکارییەکی تەواوی مەفرەزەو ڕست و دەستەکانی پارتیزانیان کردووە هەم لەرووی پێداویستیەکانیانەوە

و هەمیش لەرووی چاوساغی وزانیارییەوە، سەبارەت بە پارتیزانەکانی کەرکوکیش ئەوانەی کە لەسنوری پیرەمەگروون بوون زۆرترین هاوکاری مەفرەزەکەی شەهید ئاکۆسورو ڕستی کەرکوکیان کردووە ، جگە لەوەی شەهید ئاکۆسور بۆماوەیەك لە شوێنی غەریب هەڵەدنی سەرپەرشتی ڕەتلی سورداشی پارتیزانەکانی کردووە، وە لە بەشی کۆتایی و وێنەو دیکۆمێنتەکان هەندێك لەنامەگۆڕینەوەکانی ڕێکخراوی سلێمانی سکان دەکەین و وەك خۆی بلاویدەکەینەوە کە لە بەرێز ئاکۆ محەمەد وەهبی وەرگیراوە.

(١)چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاکۆ موحەمەد وەهبی ناسراو بەهاوڕێ پشکۆ،لەدایکبوی ١٩٦١ی سلێمانی،ئەندامی ڕێکخراوی سلێمانی نێوان سالأنی ١٩٨٧-١٩٩١،لە٤-٩-٢٠١٢.





## چی بەرجەستەبوو؟

لەباسکردنی بیرەوەریەکانی پارتیزانی و هەڵبژاردنی شێوە خەباتی پارتیزانی لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە ئەمانەی خوارەوە بەرجەستە دەبن:

١-شۆرشی نویٚ بەڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان توانی لەبارودۆخی سەختی نێوئۆپەراسیۆنی ئەنفال ودوای ئەنفال بەشێوازی پارتیزانی لەسنورەکانی تیپەکانی پێشووی مەڵبەندەکانی درێژە بەخەبات بدات وچۆك بە توانەوە وهەرکەسەو بۆماڵی خۆی بدات کە کورد بەم حاڵەتە دەلێت ئاش بەتاڵ.

٢- شۆڕشی نویٚ لەخەڵك وجەماوەری کوردستان دانەبڕا، وەك کەلە نیازەگلاٚوەکانی حزبی بەعس و دڕندایەتی سوپاکەی و بەرنامەکانی ڕژێم هەبوو.

٣-هەرچی سیاسەتی چەوتی بەعس هەبوو بەکارهات بۆ دامرکاندنەوەوپچڕاندنی پێشمەرگە لە کۆمەلأنی خەڵکی کوردستان، کەچی کورد چەندین خانەوادەی دڵسۆز وبڕوا بەخۆ بووی هاتنەوە ڕیزی پێشمەرگەو چەندین پێشمەرگەی دابڕاو و

چەکداری رژێم وموستەشارو ئامر مەفرەزە ژێر بەژێر لەگەڵ مەفرەزە پارتیزانەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان رێکەوتن وخۆیان مەلاس دا لەچەندین شانەی چەکداری پێش ڕاپەڕین ودواتر بوونە هەوێنی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١.

٤-پارتیزانەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانت سەڵماندیان، کە رێی خەباتمان هەرچەندسەخت ودوور بێ ، باچواردەورمان گڵپەی ئاگر بێ، لەم رێگاپاکە هەرگیز لانادەین، ئێمەین بۆ مردنیش ئامادەین، هەرئەوە بوو دروشمی سەرەکی پشوی درێژ هەنگاوبەهەنگاو دەمانگەێنێتەخۆرەتاو وپێکهێنانی حوکمڕانی خۆماڵی ٢٠ساڵی ڕابردوو.


٥-کورت وکرمانجی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد توانی قۆناغێکی مەحاڵ وئاستەم ببڕێت و درێژە بەخەبات وتێکۆشان بدات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەڕەواکانی و دوژمنی بەعس دووچاری حاڵەتی دەروونی هەستیاربکات.

# بەشی دووەم

## پرۆفایلی پارتیزانەکان

## شەهیدی فەرماندەی پارتیزانەکانی کەرکوک

### ١-ڕەمەزان ئەحمەد حەمە عەلی ناسراو بە(ئاکۆ سوور)


شەهید ئاکۆسوور

کێ بێ ناوی (ئاکۆسوور)ی نەبیستبێ، کام شوێنی کوردستان ماوە، پێشمەرگایەتی تێدا نەکردبێ، شێخ بزێنی، ساڵەیی، قەڵاسێوکە، خاڵخاڵان، گەرمیان، جەباری، هەمەوەند، دەشتی هەولێر، خۆشناوەتی، بیتوێن، پشدەر، دۆڵی جافەتی، پیرەمەگرون.





کام کانیاوی کوردستان هەیە وماوە ئاکۆسور ئاوی لێنەخواردبێتەوە، کام تاشەبەردی قەندیل وپیرەمەگرون وخاڵخالاّن و سەگرمە و بەمۆ ماوە ئاکۆسور پێی لەسەر دانەنابێ، دوامەنزڵگە سەفینە شێتی خۆشناوەتیە کەشایەدی بۆ ئازایەتی وجوامێری وکەڵەمێردی ئەدا، زۆر لە داستان وقارەمانێتی وسەنگەرەکان تا شکست و نوچدان وپاشەکشەکان، زۆر لە هاورێ وهاوسەنگەر وپێشمەرگە قارەمانەکان تا دوژمن وجاشە چڵکاوخۆرەکان، هەردوکێو وتاشەبەردو کانیلەکەوبنەدارو داربەڕووەکان تا ڕەبیە و سەربازگە دومەڵ ئاساکانی خاکی کوردستان،کەسایەتیە قارەمانەکانی مێژوو، پێشمەرگە بەورەکانی وەك مامەڕیشەوحەمەڕەش وغەریب هەڵەدنی وئازاد هەورامی ومەلائاراس وچەندانی تر، هەموو ئەمانە شایەدی خۆبەختکردن وگیانبازی وپێشمەرگایەتی و نەبەردی وپیاوەتی ومێرخاسی شەهیدی فەرماندە ئاکۆسورن.

- ئاکۆسور ساڵی ١٩٦٥ لەگوندی سێگردکان لەدایکبووە.
- تا قۆناغی شەشەمی سەرەتایی خوێندووە
- ساڵی ١٩٨٠لەتەمەنی ١٦ساڵیەوە پەیوەندیکردووە بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە.
- لەساڵی١٩٨١بووە بەپێشمەرگە لەهەرێمی دووی چەمی ڕێزان.

-بەشداری و فەرماندەیی چەندین داستان ونەبەردی پێشمەرگایەتی کردووە، وەك شەڕەکانی ناوکەرکوك، سەرجادەی کەرکوك، تورکی، پردێ، هەولێر، نەبیاوە، مەڵبەندی سێ و سەرکردایەتی، کوردستانی ئێران، دۆڵی جافایەتی، خواکورك، دەیان وسەدان چالاکی وداستانی گەورەی دژ بەداگیرکەرانی کوردستان.

-پلەکانی پێشمەرگایەتی پلەبەپلە بڕیووە هەر لەفەرماندەی مەفرەزەوە تاوەکو جێگری لیوای تایبەتی کەرکوك.

-تاقە چرکەیەك کوردستانی جێنەهێشتووە ودوای ئەنفالەکان فەرماندەی ڕستی کەرکوکی پارتیزانەکان بووە لەدۆڵی هەنارەی ناوچەی شێخ بزێنی خوارو.

-لەبەرلێهاتویی ونەپچرانەوەیی لەخەباتی درێژخایەنی رزگاریخوازی گەلەکەمان، مەدالیایی زێرینی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی پێبەخشراوە.

-ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لەدروستکردنەوەی شانەچەکدارەکانی شاری کەرکوك ودەوروبەری ، بەشداری ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ی کۆمەلانی خەلکی کوردستانی کردووەو ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لەرزگارکردنی شاروشارۆچکەکانی کوردستان بەشاری کەرکوکی قودسی کوردستانیشەوە وخزمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە .





-لەگرتنی شاری کەرکوك لە٢٠-٣-١٩٩١ کاکە یونسی برای شەهید دەبێت و وەك فەرماندەیەك سەنگەرەکەی چۆڵ ناکات تاخۆشی بریندار دەبێت.

-دواجار لەشەوی ٢٤/٢٥-١٢-١٩٩٤لەشاخی سەفینی سەرکەشی کوردستان لەشەڕی ناوەخۆ چووە کاروانی نەمران ودوا پلەی سەروەری.

-جگە لەخۆی ٥برای تری شەهید بووە، بەناوەکانی(شەهید بەکر بەهۆی کارەسات ساڵی ١٩٨٤، مەلا سەمەدوساڵح بی کەی سی، لەسەربازگەی ڕەشکێن ساڵی ١٩٨٨گوللەباران کران،یونس ناسراو بەکاکە لەرزگارکردنی کەرکوك ساڵی ١٩٩١، محەمەد بەکارەسات ساڵی ٢٠٠٧.

-لەپاش خۆی خێزانەکەی وسێ منداڵی چاوگەشی بەناوەکانی(دارا،ئازار، کانیاو) بەجێهێشتووە، وکورەکەشی لەشاری کەرکوك چووە ڕێزی شەهیدانی کوردستانەوە.

## کەشکۆلی شەهید

**نوسینی شەهیدئاکۆسوور**

دۆش دامابووم ڕووم لەئاسۆ، تاشەبەردێك لای ڕاستم بوو، چەند هەلۆیەك بەدەورمەوە دەیانڕوانی دنیا کش ومات،

گیانلەبەرێك خشپەی نەدەهات، دۆڵێکی دوور! خۆڵی مردووی بەسەردا دابارێبوو گوێم لەدەنگی نرکەیەك بوو، فرمێسکی خاڵخاڵان دەبریسکایەوە، ووتم خاڵە بۆچی دەگری؟ دەترسم تۆش! بڕۆی، پۆستاڵ ڕەش گوندەکانیان وێران کردین، ڕەزیان سوتاند، لادێکانمان ئەنفال کران، ئەگەر بڕۆین ئەمجارەیان بەعسیەکان بێنەوە، ئاوی کانی و ڕووباریشم ووشك دەکەن، سیمای نەتەوایەتیم دەسڕنەوە، من شوانم جێت ناهێڵم، شوانی قەندیل وپیرەمەگرون وگەرمیانم، لەکلکەی کێوەڕەشا لەبیرمە کە لەگەڵ براکانم لەپەنای تاشە بەردێك لەگەرمەی تۆپ بارانا سوێندم خوارد بەکوردستان، بەناڵەی ئەنفالەکان، بەڕێبازەکەی ئارام، جێت نەهێڵم، من ڕاستگۆم وپەیمانی خۆم دەبەمەسەر، بەڵام ڕۆژێك رزگارمان بوو، تۆ شاهیدی پارتیزانی و ئەمەکداریم بە بڵێ"کەرکوك سەد ئافەرین کوڕانی تۆ بەبرسیەتی وسەرماوگەرما، ئێشکگری شەو وڕۆژی پێدەشتم بوون، ئەوسا منیش لەخزمەت باباگوڕگوڕدا گازاندەی بێ دەنگی لەتۆ دەکەم!! ئاواییەکان وێران کران، تۆ بێ دەنگ بووی، کچ ولاووپیرمان بەرشالأوی گەلەگورگی ئەنفال کەوتن، تۆ هەر بێ دەنگ بووی، گۆڕستان نەماوە شاهیدی شالی سەوزم نەبێ، شك نابەم لادیوارێك ناوی شەهاب وجەعفەروئەنوەری بەسنگی خۆیەوە نەدیبێ، بڕوا ناکەم سلێمان ئەوەندەی گوێی لەنرکەوهاواری سەیدە زیندانیەکانی من بووە،





ئەوەندە جریوەی مەلی خۆی بیستبێ، کۆت وپێوەندی زیندانیەکان ئەگەر بدوێن پێتان دەڵێ"پۆل پۆل هەڵۆی سورم پەڵ بەست کردو بەرەو کاروان بەڕێم خستن، بەڵام نەمتوانی بۆ چرکەیەکیش گەرووی ئاگرە سەوزەکەی بابەگوڕگوڕ بتاسێنم، ئەی بووکی تاراڕەشی دیل ودەست بەستراوم، کۆترە سپیەکەی لەبێچوانت دابڕاوم بە بابە بڵێ وریا بێت گەرووی گڕگرتووی لەمێژینەی خۆی سازدا، تا هەموو دونیا کەڕولاڵ بێ.

## لەتاریکستانی شەوێکا

**نوسینی مامۆستا وریا**

لەتاریکستانی شەوێکا یەخەی مەرگم گرت و ووتم، تۆچیت؟!ووتی من مەرگم، تۆ مەرگیت ومنیش پێشمەرگەم، ڕێگەم بەردە، تۆ ناتوانی پێشم بگری، من قارەمانی سەدان داستان وئەم نەبەردەم، ژیلەمۆی ئاگرەسورەکەی زەمبور ڕێی نیشانداوم، حیلەی ئەسپە شێکەی کۆمەڵە بیروبازووی زاخاو داوم، باباگوڕگوڕ فێری کردووم منالأنی شارە بێ نازەکەم بلاوێنم، پێوەندی دەستی زیندانیەکان تێك بشکێنم، کەرکوك فێری کردووم، پەنچەکانم ببنەشانە، قژی چیاڕەشپۆشەکانی کوردستانی پێدابێنم، پیرەمەگرون فێری کردووم بەبەفر چاوبڕێژم بەسەرما خۆم گەرم بکەمەوە!!

یـەکێتی فێـری کـردووم بەگژجـەللادی بـەعس وکـورد کوژانـدا بێمـەوە، ئازادەکـەی کەرکوکیـشم فێـری کـردم سـرودەکەی ڕێـی خەباتمان بڵێمەوە، ڕیشەکەی شۆڕیجەم پێی ووتم: کە مەرگت دی؟ بووە کۆسپ هاتە ڕێگات، بینی بگرە و بیتاسێنە.

## لەدوتوێی کوڵەپشتی پارتیزانێکدا

من چیایەکم لوتکەی بەرزم سەری تۆیە
پەرتوکێکم ناونیشانم ناوی تۆیە
پێشەکیەکەم سەرگوزشتەی خەمی زۆرو
خەندەی گەرمی لێوی تۆیە
قوڵەمێکم مەرەکەبم خوێنی تۆیە
من شیعرێکم کێش وسەروام
وێنەی ڕێکی بالاّی تۆیە
ئاوازێکم سەمفۆنیاکەم
هەڵهەلەی ڕەبیەگرتنی کاك ئاکۆیە

## خۆزگە بۆکەرکوکێکی ئازادتان دەبردمەوە

تۆ دڵداربووی، کەجاش گوڵەیەك پێکاتی
دەستت برد بۆمەمکی کوردستانە دوڵبەرەکەت





چاوت لێ بوو؟! چۆن دەس بەجێ زەوی لەرزی!
سەفین داهات! سەری کڕنوشی بۆت دادەنواند
ئای چەند دڵ خۆش بووی
کاتێ زانیت بۆ دونیاکەی
ئەنوەرورِیشەوحاجی دەڕۆی تا ئەوکاتەی
بەرەو گۆرستانەکەی تەقتەق چووین
گوێم لەناخی فرمێسکەکانت بوو
کەدەیان ووت:
خۆزگە! بۆکەرکوکێکی ئازادتان دەبردمەوە.

## فەرهادی کوردستان(١)

هەڵۆی باڵ بەخوێن، شاسواری مەیدان
ئاکۆسوور، گڕی قودسی کوردستان
چواردەساڵ، ڕێبوار تولە ڕێی باریك
هەنگاوبەهەنگاو، ڕۆژوشەوی تاریك
بڕیت، ڕێت کرد هەوراز و لێژی
ئازارت زۆرچێشت،تائازاد بژی
جیهازوکوڵەپشت، تفەنگەکەت لەمشت
دۆڵ وئەشکەوتی پیرەمەگروون گشت

شێخ بزێنی خواروو بناری خاڵخالاّن
بێ جگە لەئێوەی پۆلێك پارتیزان
کەتاقە هاوڕێی، نیشتمان تان بوون
بۆمێژوو دەلێم ئاشنای کێی تربوون؟
بۆئەنفالەکان، زۆر ئاخت هەڵ کێشت
بۆشەهیدەکان، زۆر فرمێسکت رێشت
بۆئازادی گەڵ، زۆر برسێتیت چێشت
زۆر بیرەوەریت لەدوای خۆت جێهێشت
گەشترین ئەستێرەی ناو حەوتەوانە
وونبووی لەباوەشی ئەم نیشتمانە
تۆ وەکو فەرهاد کێوت، ئەنەخشان
ئەو بۆشیرین تۆش بۆ کوردستان

---

(١) هــۆنراوەی جومعــە عومــەر دەربەنــدی-یــە،دوای شــەهیدبوونی لەخۆشەویستی شەهید ئاکۆسور ووتویەتی.





## ٢-شەهید ئاواتەڕەش،

## ئەو پێشمەرگە پارتیزانەی وورەی لێ دەباری



شەهید ئاواتەڕەش

- ناوی تەواوی (ئاوات رەشید کریم)ە، ناسراو بەئاواتەڕەش ، ساڵی ١٩٦٠ لەگەرەکی تەپەی کەرکوك لەدایکبووە.

- ساڵی ١٩٨١ لەتەمەنی ٢١ساڵی لەهەرێمی دووی کەرکوك چەکی پێشمەرگایەتی هەڵگرتووە.

-بەشداری هێزی پشتیوانی کردووە لەکوردستانی ڕۆژهەلاّت ساڵی ١٩٨٢

—لەژیانی پێشمەرگایەتی چەندین جار بەسەختی برینداربووە، لەساڵی ١٩٨٥ لەشەڕی تۆڵەسەندنەوەی مامەڕیشە وساڵی ١٩٨٦لەشەڕی نەبیاوا، لەهەردوو شەڕدا بەسەختی برینداربووە و گوللە لەسنگی داوە ولەناو شانیەوە دەرچووە.

—لەداستانی قەیوان ماوەت، فەرماندەی کەرتی دووی ساڵەیی لەقوڵەکەی خۆیەوە سەرپەرشتی شەرەکەی کردووە وزۆر قارەمانانە ڕووبەرووی دوژمن بوّەوە ڕۆڵی کاریگەری هەبووە.

—لەزۆربەی چالاکیەکانی سنوری تیپی ٢١ی کەرکوک بەشداربووە.

—لەساڵی ١٩٨٨ەوە لەدوای ئەنفالەکان بەپارتیزانی لەسنوری کەرکوک ماوەتەوە تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٠

—مەدالیای زێرینی ڕێزلێنانی پێشمەرگەی پارتیزانەکانی پێدراوە.

—لەڕاپەرین بەشداری کارای کردووە لەرزگارکردنی شاری کەرکوک ساڵی ١٩٩١

—لەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمان وپێکهێنانی حکومەتی هەرێم بووە جێگری بەرێوەبەری ئاسایشی چەمچەماڵ.

— دواجار لە چیای سورێن لەشەوی ٢٣/٢٤-٣-١٩٩٥لەشەری نەگریسی ناوەخۆ گەیشتە کاروانی شەهیدانەوە.





## ٣-بەوری پێدەشتەکەناریەکانی شێخ بزێنی

### شەهید خاڵە بەخە



شەهیدخاڵە بەخە

یەکێك لەفەرماندە دڵسۆزوئازاو لەخۆبردوو وخۆنەویستەکانی کەرکوك، هەمیشە بەرژەوەندی شۆرش و گەڵەکەی لەلا پیرۆز بووە، کەسێکی ڕوّح سووك و خۆشەویستی نێو هاورێکانی بووە.

—ناوی تەواوی(کاکە مەند محەمەد ساڵح)ناسراو بە خاڵە بەخە،ساڵی ١٩٦٢لەگوندی مەرزیخەی سەرووی ناوچەی شێخ بزێنی لەدایکبووە.

—لەتەمەنی ١٧ساڵیدا لەساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات.

—لەتەمەنی ١٨ساڵیدا لەساڵی ١٩٨٠دەبێتە پێشمەرگە لەهەرێمی دووی کەرکوك.

—لە بەرواری ٢١-٣-١٩٨٢لەبناری خاڵخالان لەگوندی مۆرخوارده لەگەڵ شەهید عەلی ساڵح وچەند هاورێیەکی تر توشی شەڕێکی سەخت دەبن و دوای شەهیدبوونی هاورێکانی، خاڵە بەخە بەسەختی بریندار دەبێت و دەکەوێتە دەست دوژمن، هەر لەوێ بە هەلیکۆپتەر دەیگوازنەوە بۆ هەیئەی کەرکوك و دواتر ڕەوانەی مەحکەمەی سەورەی بەغدای دەکەن، و لەدادگایەکی کارتۆنی ئەو سەردەمەی ڕژێمی بەعسی لەناوچوو، سزای لەسێدارەدانی بەسەر دەسەپێنن، و ڕەوانەی شاری موسڵی دەکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی مانگی ڕەمەزانی بەسەر دادێت، لەو مانگە سزاکەی ڕادەگرن، پاشان بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێت، و هەر هەمان ساڵ ئازاد دەکرێت و بەبێ هیچ ڕاوەستان و وچانێك دەگەڕێتەوە ریزی پێشمەرگەی کوردستان و دەبێتەوە پێشمەرگەی تیپی ٢١ی کەرکوك.

— بەشداری چەندین چالاکی و نەبەردی پێشمەرگایەتی کردووە وەك گرتنی خاڵی پشکنینی کەرکوك، شەڕەکانی شیوەسوور، گرتنی قەلاتە، تەقتەق، نەبیاوە، دووبزنی، ناوسورکەل، گۆپتەپە،





ئاغجەلەر، کەڵکەسماق، شەڕەکانی سەرکردایەتی، دابان هەلاج، قەیوان ماوەت، دووبرا، لەژیانی پێشمەرگایەتی ٢جار بەسەختی برینداربووە.

—پاش شاڵاوی ئەنفال، بەفەرماندەیی شەهیدئاکۆسور وەك پێشمەرگەیەکی پارتیزان گەڕاوەتەوە کوردستان و سنوری کەرکوك لەناوچەی شێخ بزێنی.

—پلەکانی پێشمەرگایەتی پلەبەپلە بریووە تا جێگری لەشکری ١٤ی باباگوڕگوڕ و مەدالیای ئازایەتی پێدەبەخشرێت.

— دواجار لە بەرواری ٥-٩-١٩٩٦ لەسنوری هەولێر لەگوندی پونگینەی بنەسلاوە لەشەڕی نەگریسی ناوەخۆ دەچێتە کاروانی نەمرانەوە. (١)

—لەدوای خوی دوو جگەرگۆشە بەناوەکانی (ڕێژین و ڕەوز)بەجێدەهیلێت بۆ خاکی کوردستان.

١- د.محمد شوانی، لە پێداچوونەوە و خوێندنەوەکەیدا دەڵێت: لە ١٩٩٦/٩/٧ لەو هێرشەدا (٢٥) پێشمەرگە شەهیدبوون، فەخرەدین سمایل بەگیش برینداربوو.

## ٤-هەڵۆچنگ گڕەکەی کەرکوك

### شەهید ئیباو



شەهید ئیباو

-ناوی تەواوی (ئیبراهیم فازل حەمە رەحیم)ە،ساڵی ١٩٦٧لەگوندی قزڵقایەی ناحیەی شوان لەدایکبووە.

-لەتەمەنی ١٦ساڵیدا لەساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کردووە.

-لەتەمەنی ١٨ساڵیدا لەساڵی ١٩٨٥ دەبێتە پێشمەرگە لەکەرتی ٢ی شوانی تیپی ٢١ی کەرکوك.





-بەشداری ئەم چالاكی ونەبەردیانەی کردووە، شەری بان نەیبەسەرە، شیوەسور،ناوسورکەل، گرتنی هەردوو جاری کەرکوك، گرتنی هەردووجاری تەقتەق، شەرەکانی سەرکردایەتی، قەیوان ماوەت، داستانی رزگاری، کەلی سمایل بەگی، هەموو شەرەکانی سنوری ٢١ی کەرکوك.

-لەدوای ئەنفالەکان لەگەڵ دەستەیەك پێشمەرگەلە١-٨-١٩٨٨ گەرانەوە سنوری کەرکوك کە ئەوسا(کوێخاسیروان)سەرپەرشتی دەکردن،و شەهید ئیباو لەدەستەی حەمەسەقەر بوو،پێشمەرگەیەکی ئازاوشارەزای ناوچەکە بوو، دوای ئەوەی لەمانگی ٩و١١ی ١٩٨٨مەفرەزەکەیان توشی دووشەڕ بوون بەبریاری سەرکردایەتی کشانەوە بۆئێران، لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٨لەئاوی هەرزنە پەرینەوە دیوی ئێران لەبارەگای تیپی ٢١یکەرکوك لەگوندی بلەکێ جێگیربوون.

-لەدوای راپەرین بووە فەرماندەی تیپ لە بەتالیۆنی ٧٦ی کەرکوك.

-لەبەرواری ١٧-٤-١٩٩١دوای پەلاماری حکومەتی عێراق بۆ کوردستان لەهیزۆپ شەهیدبوو وچووە کاروانی نەمرانەوە.

## ٥-پۆلاّهەیبەیی



پۆلاّ هەیبەیی

-ناوی تەواوی (ڕەمەزان محەمەد سالّح)ە، سالّی ١٩٦٨ لەگوندی هەیبەی سەرخاسەی ناحیەی قەرەهەنجیری كەركوك.

-لەتەمەنی ١٧ساڵیدا لە ساڵی ١٩٨٥پەیوەندی بە ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە لەریزەكانی (ی.ن.ك) دەكات، ئەوكات (عیسا عوبێد ئەحمەد) ناسراو بە جوتیار حاجی بەیخانی كادری ناوچەكە بووە.





-لەتەمەنی ١٨ساڵیدا لەساڵی ١٩٨٦بووە بەپێشمەرگەی كەرتی دووی شیوەسورلە تیپی ٢٥خاڵخالاّن تاوەكو ساڵی ١٩٨٧و دواتر گواستراوەتەوە كەرتی تیپی، تیپی ٢١ی كەركوك تا ئەنفالەكان.

-لەدوای ئەنفالەكان بەپارتیزانی لەگەڵ دەستەیەك پێشمەرگە بەسەرپەرشتی(سیروانی كوێخانەجیم)لەسنوری خاڵخالاّن وكەركوك ماوەتەوە، تا ٢٠-١٢-١٩٨٨.

-ساڵی ١٩٩٠وەك پێشمەرگەی پارتیزان بەسەرپەرشتی شەهید ئاكۆسورهاتونەتەوە سنوری كەركوك،لەسنوری خاڵخالاّن وشێخ بزێنی تا پیرەمەگروون ئەركیان بەجێ گەیاندووە.

- لەژیانی پێشمەرگایەتی چوارجار برینداربووە، وە بەشداری چەندین نەبەردی وقارەمانێتی كردووە وەك داستانی قەیوان ماوەت،داستانی رزگاری، شەڕی حەسەن بەگ، لێدانی بیرەنەوتەكانی كەركوك، شەڕی شاخی تەورداسە، شەڕی گوندی ئیلنجاغ، شەڕەكانی مەڵبەندی سێ، شەڕەكانی ئەنفال ومقاوەمەت، هەردووجار رزگاركردنی تەقتەق و قەلاّتە، لێدانی ناحیەی ئاغجەلەر، گرتنی ڕەبیەكانی تەوەكەڵ، شاخی پشتی گەڕەدێ، شەڕەكانی سەركردایەتی، وە زۆربەی شەڕەكانی سنوری تیپی ٢١ی كەركوك و٢٥ی خاڵخالاّن، وە شەڕەكانی پاراستنی دەسكەوتەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان.


-پلەکانی پێشمەرگایەتی تا جێگری فەرماندەیی(٣٣)ی زەمبوور بریووە.

-ئێستا بەپلەی مقەدەم لێپرسراوی بنکەی ئاسایشی ١٧ی قەرەهەنجیرە لەبەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکوک.





## ٦-فەخرەدین سمایل بەگی



فەخرەدین سمایل بەگی

- ناوی تەواوی (فەخرەدین مەحمود محەمەد ئەحمەد)ە، ناسراو بە(فەخرەدین سمایل بەگی).
- لە١-١-١٩٦٥ لە گوندی سمایل بەگی ناحیەی شوان لەدایکبووە.
- لەناحیەی شوان تاوەکو پۆلی دووەمی ناوەندی خوێندووە.

-لەتەمەنی ١٦ساڵیدا، ساڵی ١٩٨١پەیوەندی دەکات بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە لەلای کادیرانی ئەو سەردەمی سنورەکەیان (ووریا ئاغجەلەری وکاک فەرەیدوون مام سەلام، کاك راپەر،شەهید رێباز کەلاوقوتی).

-لەساڵی ١٩٨٣ هەوڵیداوە ببێتە پێشمەرگە بەلام لەلایەن شەهید (دارا سەیدانی)داوای ئەنجامدانی چالاکیەکی لێکراوە،لە ١٩٨٣/١٠/٢١ لەگەڵ دوو هاورێی بەناوەکانی(محەمەد حەسەن ناسراو بە حەمەی خاڵە بەگ وشەهید عەبدولرەحمان سادق ناسراو بە کوێخا بچووك)لەنزیك ناحیەی شوان دەچنە بۆسەوە ولەکۆتایی کاروانێکی سەربازی دەست بەسەرسەیارەیەکی جۆری ئەلب دەگرن ودەیبەنە گوندی (تۆمار)ولەماڵی (تاهیر خەییات)نیوەرۆ چێشتی کفتە دەخۆن.

-لەدوای ئەم چالاکیە دەبێتە پێشمەرگەی کەرتی چواری خاڵخالان لەتیپی ٢١ی کەرکوك.

-ساڵی ١٩٨٤تیپی ٢١ی کەرکوك کرا بەدوو تیپەوە، لەوپێکهاتە نوێیەوە دەخرێتە تیپی ٢٥ی خاڵخالان.

- لەکاتی ئەنفالەکاندا چووەتە تیپی ٢٩ی کەڵکەسماق.

-لە مانگی ٦ی ساڵی ١٩٩٠بەسەرپەرشتی شەهید ئاکۆسوور وەك پارتیزانێك دێنە ناوچەی شێخ بزێنی سنوری کەرکوك.





-پلەکانی پێشمەرگایەتی بریووە تا پلەی جێگری فەرماندەیی دووبز،لەماوەی پێشمەرگایەتیدا ٦جار برینداربووە.

-بەشداری چەندین نەبەردی وداستانی کردووە وەك زۆربەی شەڕەکانی سنوری تیپی ٢١ی کەرکوك و٢٥ی خاڵخالان، دەشتی هەولێر، پۆریجە، کارگەی قیری قەرەناو، بێتواتە، گورزەین، گۆپتەپە، جادەی کەرکوك-هەولێر، حەسەن تەپە، کێوەڕەش، گرتنی تەقتەق، کارگەی سێوی کەرکوك، جادەی شیوەسوور-تەقتەق، بان ئیلنجاغ وبان نەیبەسەرە، بناری قەندیل شاخی ساوێن، پشت ئاشان، جادەی دووکان-سلێمانی.

-ئێستا خانەنشینکراوە بەپلەی عەمید.

-لە ٢٥-٣-١٩٨٧لەسەر پردی ٣ی کەرکوك لەلای نەخۆشخانەی مناڵبوون برایەکی ڕەمی کراوە لەلایەن جەلادەکانی بەعس.

## ٧- شەهید وریا قەفاری

## پێشمەرگەیەك هەمیشە بەلێواری مەرگەوە ڕۆیشتووە



شەهید ووریا قەفاری

-ناوی تەواوی(ئەیوب عومەر عەبدوڵلا)ناسراو بە وریاقەفاری، لەساڵی ١٩٧٢لەگوندی قەفاری ناحیەی شوان لەدایکبووە.

-تاکو پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندووە.

-لە١-٣-١٩٨٥ لە تەمەنی ١٣ساڵیدا، پەیوەندی بەرێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کردووە.





-لەتەمەنی ١٤ساڵیدا، لە١٥-٩-١٩٨٦لەتیپی ٢١ی کەرکوك بووە بەپێشمەرگە.

-پێشمەرگەی پارتیزانی دوای ئەنفال بووە، تا ساڵی ١٩٨٩لەگەڵ هەڤاڵەکانی چووەتە ئێران.

-ساڵی ١٩٩٠لەگەڵ شەهیدئاکۆسوروهاورێکانی بووە پارتیزان لەسنوری شێخ بزێنی خوارووی پارێزگای کەرکوك.

-لەڕاپەڕین بەشداری رزگارکردنی پیرەمەگرون وشاری کەرکوك دەکات.

-لەسوپای یەکگرتووی کوردستان دەبێتە فەرماندەی فەسیل.

-لە٢٤-٨-١٩٩٤لەبەرگریکردن لەدەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قەلادزێ شەهید دەبێ و دەچێتە کاروانی شەهیدانەوەو دوای براکەی(تەیب عومەر عەبدوڵلا)دەبێتە دووەم شەهیدی خێزانەکەی.

-بەشداری ئەم قارەمانێتی ونەبەردیانەی کردووە وەك گرتنی دوجاری کەرکوك، دووجارگرتنی تەقتەق، ئاغجەلەر، شەرەکانی شیوەسوور، شەری قەرەهەنجیر، داستانی رزگاری، قەیوان ماوەت، رەبیەکانی کەلی سمایل بەگی.

-لەدوای خۆی کچێکی چاوگەشی بەناوی(هاونان)جێهێشتووە.

## ٨- نەقیب بیبانی



نەقیب بیبانیی

-ناوی تەواوی(نەقیب ناسح ئەحمەد)ە،لە٥-٣-١٩٦٤ لەگوندی بیبانی گەورە لەدایکبووە.

-تاپۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندووە.

-لەتەمەنی ١٧ساڵیدا، لەساڵی ١٩٨٣پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات تا ساڵی ١٩٨٥ کاری رێکخستنی نهێنی دەکات.





-لە تەمەنی ١٩ساڵیدا، لەساڵی ١٩٨٥ لەکەرتی یەکی ساڵەیی تیپی ٢١ی کەرکوک دەبێتە پێشمەرگە.

-بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنوری تیپی ٢١ی کەرکوکی کردووە لەگەڵ شەڕەکانی سەرکردایەتی.

-لەساڵی ١٩٨٨تاساڵی ١٩٨٩ پارتیزانبووە و دواجار لەگەڵ هاورێکانی دەچێتە وولاٌتی ئێران.

-پلەکانی پێشمەرگایەتی بریووە تا جێگر لەشکر، لەماوەی پێشمەرگایەتی دووجار برینداربووە.

-ساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ ڕستەکەی کەرکوک بەسەرپەرشتی شەهید ئاکۆسور وەك پێشمەرگەیەکی پارتیزان هاتونەتەوە سنوری شێخ بزێنی خواروو.

-دوای ڕاپەرین بەردەوام دەبێت و لەزۆربەی شەرەکانی پاراستنی دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێم بەشداربووە.

- ئێستا خانەنشینە بەپلەی عەمید.

## ٩-لیوا چەتۆ،٧برا و باوک شەهید



لەسەرەتای شۆڕشی نویٚ-وەوە، چونکە ماڵیان لەشاری کەرکوك بوو،بەردەوام لەژێر فشارو زەبرو زەنگ دا بوون، خۆی و خێزانەکەی، بەتایبەت لە نێوان سالآنی (١٩٨٧-١٩٨٨) کە ٧برا و باوکی بەشێوازی دڕاندانەی جۆراوجۆری وەك گوللەباران و کیمیاباران و بێسەر و شوێنکردن، لەلایەن رژێمی بەعسەوە شەهید دەکرێن،





بۆیە تەنها لەخێزانەکەی خۆیدا خاوەنی ٨شەهیدە لەپێناو شۆڕشی نویٚ ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وخاك وگەڵ ونیشتمان.

-ناوی تەواوی(چەتۆ ساڵح سەعید باین)ە،ساڵی ١٩٦٧لەشاری کەرکوك لەدایکبووە.

-لەتەمەنی ١٧ساڵیدا، لەساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کردووە، لەکەرتی رێکخستنی بنگرد، پۆلی چەمی رێزان، شانەی شەیدا.

-لەتەمەنی ١٨ساڵیدا، لەساڵی ١٩٨٥دەبێتە پێشمەرگەی تیپی ٤٣ی ئاسۆس ودواتر دەگوازرێتەوە تیپی ٢١ی کەرکوك و تا کارەساتی ئەنفال.

- دوو مەدالیای رێزلێنانی وەرگرتووە.

-پلەکانی پێشمەرگایەتی بریووە تا فەرماندەی تیپ لەبەتالیۆنی ١٥ی چەمی رێزان.

-دوای ڕاپەرین،لەساڵی ١٩٩٢ کارگێری کۆمیتەی رێکخستنی دووکان بووە.

-بەرپرسی بەرەی کوردستانی لەدووکان تادروستبوونی حکومەتی هەرێم.

-بەکالۆریۆسی لەکۆلیژی زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی سلێمانی، ساڵی (٢٠٠٧-٢٠٠٨) وەرگرتووە.

- لەبواری کارکردنی لەحکومەتی هەرێم لەو بوارو پۆستانەدا کاریکردووە:

١- ئەفسەری لێکۆڵینەوەوبەرپرسی بەشی لێکۆڵینەوەی ئاسایشی ناوشاری هەولێر١٩٩٤-١٩٩٦.

٢-بەرێوەبەری ئاسایشی قەزای ڕانیە١٩٩٧-٢٠٠٠.

٣-جێگری ئاسایشی پارێزگای کەرکوك-دەربەندیخان ٢٠٠٠-٢٠٠٤.

٤-جێگری بەرێوەبەری دەزگای(مباحث)ی پارێزگای کەرکوك٢٠٠٣-٢٠٠٤.

٥-بەرێوەبەری پۆلیسی گەرمیان ٢٠٠٤-٢٠٠٩.

٦-دواپلەی سەربازی، پلەی لیوایە لەساڵی ٢٠٠٩ەوە.

-لەدەرەوەی هەرێم وناوەخۆی هەرێمدا بەشداری چەندین خولی جۆراوجۆری کردووە،لەخولەکانی دەرەوەی هەرێم(٣خول بۆ وولاتی ئێران و١خول بۆ نەرویج و١خولیش بۆ ڕۆمانیا).

# بەشی سێهەم

## بیرەوەری
## فەخرەدین سمایل بەگی





فەخرەدین سمایل بەگی بیرەوەرییەکانی خۆی بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە، کەیەکێك لەپێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕستی کەرکوك بووە، وەك خۆی بلاوی دەکەمەوە و کەمترین دەستکاری زمانەوانی کراوەوناونیشان بۆ هەندێ لەبیرەوەریەکان دروستکراوە و هەندێك لە گێڕانەوەکانی لەبەر ئەوەی لەگەڵ برادەرەکانی دووبارەیە بۆیە خۆمان لێی بەدوور گرتووە تاوەکو دووبارە کردنەوەی بابەت و بیرەوەرییەکان بێ مانایی دروست نەکەن و وە تێکرای بیرەوەریەکانیتری بەئەمانەتەوە بۆ مێژوو تۆماری دەکەین.

## ڕەزامەندی هەڤاڵ نەوشیروان

## بۆگەڕانەوەی پارتیزانەکانی کەرکوك

دوای ئەوەی شەهید (ئاکۆسور)داوای لەهەڤاڵ(نەوشیروان مستەفا)کرد،کەخۆی وکۆمەڵێك پێشمەرگەی بوێرودڵێردەیانەوێت بەپارتیزانی بگەڕێنەوە خاکی پیرۆزی کوردستان و وەبەتایبەتی بۆ سنوری پارێزگای کەرکوك،هەر لەچاوەڕوانی وەڵامی هەڤاڵ(نەوشیروان مستەفا)بوین،لەوماوەیەدا شەهیدئاکۆسور سەری لەیەکەیەکەی ئەو پێشمەرگانەدا کەبەخواستی خۆیان بەڵێنیان دابوو بگەڕێنەوە خاکی نیشتمان وسنوری کەرکوکی قودسی کوردستان،هەرلەوێ بەتێکرای دەنگ شەهیدئاکۆمان کردە فەرماندەونوێنەری خۆمان بۆقسەکردن لەگەڵ هەڤاڵ نەوشیروان،خۆشبەختانە دواجار هەڤاڵ نەوشیروان ڕەزامەندبوو، وە دوای لەشەهیدئاکۆ کردبوو، کە دەیەوێت لەگەڵ سەرجەم پێشمەرگەکان دابنیشێت ، کاتی شەهید ئاکۆ ئەم هەواڵەی پێداین ئێمە لە(قاسمەڕەش)بووین،هەموو برادەران دڵخۆش و شادمانبووین و روومان لەخۆشیا گەشایەوە،ڕۆژێکمان دیاریکرد





کە بچینە لای هەڤاڵ نەوشیروان،لەسەرەتای مانگی ئایاری ١٩٩٠لەگەڵ کاك نەوشیروان کۆبوینەوە،سەرەتابەخێرهاتنی کردین وپاشان ووتی:"هاوڕێ-یان خۆتان باش بارودۆخی کوردستان دەزانن،ئێستا وەکو جاران نی یە پشت بەگوندنشینان و جوتیاران ببەستین بۆ نان خواردن وهاوکاری وحەسانەوە،ئەمڕۆ کوردستان وێرانەیەو تەنیا تاك وترۆك لێرەو لەوێ لادیواری خانوویەك لەگوندەکانە بەپێوە ماوە،سەخت ودژوارە چونەخوارەوە زۆر زەحمەتە چونکە ماندوو وبرسی و تێنوو دەبن ونەخۆش دەکەون،هەموو کورێك ناتوانێ خۆی بەرامبەر ئەم بارودۆخە رابگرێت، وە دەبێت چاوەڕوانی هەموو جۆرە حاڵەتێکی نەخوازراو بکەن وقارەمانانە بەرگەی بگرن وخۆتانی لەبەر راگرن،وەئەوەی ناتوانێت بڕوات وبچێت بالێرەوە نەروات".

هەموومان دوای ووتەکەی کاك نەوشیروان ووتمان"بریارمانداوە لەپێناوی ئەم خاکە سەرمان ببەخشین، باکمان نیە لەهەرچی زەحمەتی و تاڵی و سوێریەکی ژیان کەهەیە بیچێژین".

لەمەوە هەڤاڵ نەوشیروان دەستخۆشی لێکردین و ووتی"بەڕاستی ئێوە ڕۆڵەی بەئەمەکی ئەم گەڵ وخاکەن،وە کوری ڕۆژی تەنگانەن وحەقە کە کوردستان رزگاری بوو مەدالیای زێرتان بۆبکرێ".

## مەفرەزەكەی كەركوك خولیان بۆكرایەوە

كاك خدرمەحمودجانی و دكتۆر شوان لە ١٢-٥-١٩٩٠تاوەكو ٢٤-٥-١٩٩٠خولێكیان پێكردین لەسەرچۆنیەتی هەڵگرتنەوە ونانەوە و دروستكردنی مین وفریاگوزاری سەرەتایی فێركراین و خولەكە ١٢ڕۆژی خایاندو دوای خولەكە بۆماوەی هەفتەیەك پشوو دراین و دواتر لەسەرەتای مانگی شەش(حوزەیرانی ١٩٩٠)چوینە لای هەڤاڵ نەوشیروان وهەموو پێداویستیەكانی بۆ دابینكردین كەبریتی بوون لە(چەك وخواردن وفیشەك وجیهازوچاوساغ(دلیل) بۆ ڕێگەنیشاندان ووەناوی نهێنی بۆ جیهازەكەمان دانا بەناوی(شابان)وەنهێنی كاك نەوشیروانیش(ئارام)بوو،لەهەفتەی یەكەمی حوزەیران مەفرەزەكەی ئێمە دەستمان بەڕۆیشتن كرد وچوینە گوندی(بێتوش) لەوێشەوە شەهیدئاكۆ وچەند برادەرێك چوون بۆ بینینی ڕێگاكەوتەماشاكردنی بەڵام كەوتبونە كەمین وبۆسەی ئەرتەشی ئێرانەوە وتەقەیان لێكرابوو، كاك ئاكۆ وچەندبرادەرێك برینداربوو بوون و بەدیل گیرابوون، تەنها كاك خدرمەحمودجانی رزگاری دەبێت وهەواڵەكەمانی پێگەیاندوئێمەش بەجیهاز كاك نەوشیروانمان ئاگاداركردەوە، ئەویش لەهەوڵدانبوو بۆ رزگاركردنیان و ئازادی كردن وگەیشتنەوە لامان بۆ گوندی(بێتوش)ئەم ڕووداوەش ماوەیەك كارەكانی مەفرەزەكەی كەركوكی بۆگەڕانەوە دواخست تاوەكو





لەشەوی ٢١/٢٢-٦-١٩٩٠بەرەو كوردستانی خۆمان بەرێكەوتین كە وولاتێكی وێران وسۆتماكراوبوو،سیمای لادێكان ڕەشپۆشی پێوەدیاربوو.

## لە(بێتوش)ەوە بۆ باوزێ

## لە(ئاسۆس)ەوە بۆ گۆمەزەڵ

هەڤاڵانی ماندوو نەناس كاك (بەكرئیسۆی) ی وپێنج پێشمەرگەی تر،ئەركی هێنانی پێشمەرگەپارتیزانەكانیان لەئەستۆ بوو،چاوساغی ئەو پێشمەرگانەبوون كە لەسەرسنورەوە دەهاتنەوە خاكی كوردستان،جگە لەو هەڤاڵانە چەند هەڤاڵێكی تریشمان لەگەڵ بوون لەوانە(حەیدەرحاجی تانی وبێستون تەلانی وبێستون سابووراوەیی) تاوەكو گەیشتین بەماموستای پێشمەرگەپارتیزانەكان شەهید غەریب هەڵەدنی-یەوە،٢٣-٦-١٩٩٠گەیشتینە گوندێكی رووخاو بەناوی(باوزێ) لەكەناری رووباری (هەرزن)ەوە بوو،لەوێ ماینەوە تاخۆرئاوابوون، دواتردەستمان بەڕۆیشتن كردەوە بۆئێوارە گەیشتینە سەرشاخێك لەنزیك رووباری هەرزنەوە ناوی شاخەكە(سەرشاخان)بوو،وە بۆ ڕۆژی دواتر ٢٤-٦-١٩٩٠گەیشتینە سەر رووباری هەرزان ونیوەڕۆ نانمان لەسەر ئەو ڕووبارە خواردوبۆ ئێوارە گەیشتینە

سەرشاخی(ئاسۆس) و لەوێ لەگەڵ مەفرەزەکەی بەکرئیسۆی لەیەکترجیابووینەوە و ئەوان گەرانەوە بۆ سەرکردایەتی ولای کاك نەوشیروان، بەڵام کاك حەیدەرحاجی تانی وبێستون تەلانی وەکو دەلیل وچاوساغ لەگەڵمان مانەوە،بێستون تەلانی هەندێ کاروباری تایبەتی پێسپێردرابوو جێ بەجێی کرد وگەرایەوە سەرسنوروسەرکردایەتی،شەو لەئاسۆس ماینەوە لەپشتی (کانی توو)بەیانیەکەی ٢٥-٦-١٩٩٠ کۆڵەپشتەکانمان بەکۆڵدادا کە نزیکەی ٣٣کیلۆگرام دەبوو هەر کۆڵەپشتەی، تەنیا شەهید ئاکۆ نەبێت کە جیهازەکەی هەڵدەگرت ، کەوتینە رێگاو بەرەو دۆڵی (شێخ موحەمەد) تاگەیشتینە گوندی(گۆمەزەڵ)،وە لەکاتی جەنگی ئێران -عێراق فرۆکەیەکی جۆری هەلی کۆپتەر لەوێ کەوتبووە خوارەوە کەڵەشی فرۆکەکە هەرمابوو،برادەران بۆ یادگاری وێنەیەکمان بەکۆمەڵ لەتەك فرۆکەکە گرت.

## لەهەڵەدن و مێرگەپانەوە بۆسنوری کەرکوك

ڕۆژی ٢٦-٦-١٩٩٠گەیشتینە ناوچەی (هەڵەدن ومێرگەپان) بەگەیشتنی ئێمە بۆ ناوچەکە وارێکەوتبوو ئەوڕۆژە سوپای بەعسی عەفلەقی پشکنینی ئەوسنورەیان بەدەستەوە بوو، هێزەسەربازییەکانی رژێم چوبونە شاخەکانی هەڵەدن،کەزاڵبوون





بەسەر هەڵەدنەوە، نیوکاتژمێر پێش ئەوەی هێزی رژێم دەربچێت ئێمەسەر ئەو شاخەمان جێ هێشتبوو، رێکەوتی ٢٧-٦-١٩٩٠ئێمە گەیشتینە مەفرەزەپارتیزانەکەی شەهید غەریب هەڵەدنی،ئەوکاتەی گەیشتین زۆرماندوو وهیلاك بووین،بەڵام مەفرەزەکەی غەریب هەڵەدنی زۆر بەرپرسانەوبەرێزەوە رێزیان لێگرتین و خزمەتیان کردین هەموو ماندووبونی رێگامان لەبیرچۆوە،ئەو رێزوحورمەتەمان تاهەتایە لەبیرناچێ،ئەوانەی شەهیدبوونە سڵاولەگیانی پاکیان وئەوانەی ماون یادیان بەخێر،غەریب هەڵەدنی مامۆستای پارتیزانەکان بۆخۆی چووە ناو ئۆردوگای پیرەمەگرون خواردنی بۆهێناین وبەتایبەتیش بۆ ئێمە گۆشتی هێناوخزمەت ورێزێکی زۆریان کردین.

چەند ڕۆژوشەوێکی کەم لەلای مەفرەزەکەیان ماینەوە، شەوێکیان کاك غەریب هەڵەدنی وکاك ئاکۆسور چوون بۆ ناو ئۆردوگای پیرەمەگرون ، بۆ ئەوەی چاویان بەدەلیلەکەمان بکەوێت، کە پێشمەرگەی ناوشاربوو،تاوەکو دەربارەی مەفرەزەکەی ئێمەوە قسەی لەگەڵ بکەن،ئەویش زۆر مەردانەوبوێرانە ئامادەیی خۆی بۆرێنوێنی ورێنیشاندانمان دەربریبوو،ئێمەرۆیشتن بۆسنوری کەرکوك ئامانجی سەرەکیمان بوو،پاشان هەردوو فەرماندە(غەریب هەڵەدنی وئاکۆسور)گەڕانەوە لامان لەشاخی پیرەمەگروون کۆبونەوەیەکیان پێکردین،غەریب هەڵەدنی ووتی"پێم وایە

مەفرەزەکەی ئێوە زۆر سەرکەوتوو دەبێت،چونکە بەڕاستی دەلیلەکەتان تابڵێ ی کورێکی ئازاوچاونەترسە وپیاوی ڕۆژی تەنگانەیە،جێگەی پشت پێبەستنە"،دواتر ئاکۆسور ڕووی کردە ئێمەو ووتی"برادەران ئەگەر ناوی دەلیلەکەتان پێ بلێم هەمووتان دەیناسن چونکە وەختی خۆی پێشمەرگەبووە لەگەڵمان"ووتمان کێیە؟ووتی"کاك چەتۆی برای شەهید دکتۆر هادی-یە".

بەبیستنی ناوی کاك چەتۆوشەهید دکتۆر هادی زۆر دڵخۆش بووین چونکە زیاتر لەخۆمان بروامان پێ ی هەبوو، ووتمان"پیاوی ئەوها قارەمان چاوساغ وهاوکارمان بێت بەدڵنیاییەوە سەرکەوتوو دەبین".

شەوی ٤/٥-٧-١٩٩٠لەشاخی پیرەمەگرونەوە کەوتینە ڕێگابەرەو سنوری کەرکوك،شەهید غەریب هەڵەدنی تاوەکو پشت ئۆردوگای پیرەمەگرون هات وبەرێی کردین.

## قۆناغ بەقۆناغ بۆ سنوری کەرکوك

بەرواری ٥-٧-١٩٩٠لەجێگای دیاریکراو کاك چەتۆ هات وگەیشتە لامان ونان وهێلکەی کولاوی بۆ هێنابووین،پێکەوە نانمان خواردوو پاش نان خواردن کاك چەتۆ گەرایەوە ناوشار وئێمەش کەوتینە ڕێگاوگەیشتینە پشت شاخی(تەڕەمار)دوای





پشودانێکی کورت لەسەرشاخەکە،کەوتینەوە ڕێگاو شەوی ٥/٦-٧-١٩٩٠بە(کانی بۆگەنە)ی نزیك گوندی(بلۆکێن)دا تێپەرین وتاگەیشتینە هەڵەتی گوندی(فەقێ میرزا)،شوێنی دیاریکراومان وابوو لەتەنیشت خوێندنگە ڕووخاوەکەی گوندی(فەقێ میرزا)چاوەڕوانمان بکات،یان خواردن وپێداویستیەکانمان لەژێر کەلاوەی بینای خوێندنگەکە بۆ دابنێت، گەیشتینە شوێنەکە بەلاّم کاك چەتۆ هەر نەگەیشت وهۆکاری نەگەیشتنەکەیشمان نەدەزانی و زۆر بۆی دڵگرانبووین،بۆماوەی (٣)ڕۆژ چاوەڕێمانکرد بەلاّم بەداخەوە کاك چەتۆ نەگەیشت،پاش دڵنیابوون لەنەگەیشتنی کاك چەتۆ،بەرێکەوتین بۆ هەڵەتی گوندی(عەلی موسا)و چوینە چەمی(تاژین) و لەوێ پشویەکماندا ونەختێك حەساینەوە،دواتر شەهید ئاکۆسور ووتی"برادەران من لەساڵی ١٩٨٨لەکاتی ئەنفال لەم چەمە هەندێك ئازوقەم وەکو ئاردوشەکروبرنج شاردۆتەوە بابچین بۆ ئەو جێگایە بزانین ماوە"،گەراین ودۆزیمانەوە، شتەکان مابوون بەلاّم شەکروبرنجەکە مشکێکی زۆری تێدا تۆپی بوو،بەو حالەوە چونکە هیچمان شك نابرد کەوتینە خواردنی ئەو ئازوقەیە،لەگەڵ ئەوبرەئازوقە کەمەی کەپێمانبوو چێشتێکی برنج ونۆکمان دروستکردو ئاردەکەمان کرد بەنان ونانێکی زۆرمان لێدروستکرد(نانی ساجی)،لەرێگا گیانێکمان بەو نانە بوو ئەگینا زوو نانمان لێدەبرا.

## لەچەمی ئاژنین-ەوە بۆ شێخ بزێنی خواروو

لەبەرواری ١٠-٧-١٩٩٠ەوە لەچەمی ئاژنین-ەوە بەرێکەوتین بۆسنوری شێخ بزێنی خواروو،شەهیدئاکۆسور لەپێشەوە دەڕۆیشت تاوەکو نزیك گوندی(تەرەقە)و(شیوەسور)لەوێ گوتی"بافەخرەدین سمایل بەگی بێتەپێشەوە ولەپێشەوە بڕوات چونکە ئەو ناوچەیە لەئێمە شارەزاترە"کەوتمە پێش مەفرەزەکەو کە گەیشتینە راست گوندی(شیوەسور) گوێم لەدەنگەدەنگی خەڵك بوو،بەچرپە شەهید ئاکۆسورم ئاگادارکردەوە،ئەویش بەنەرمی ووتی"برادەران بێ دەنگی بپارێزن نەبادا ئەوانە پیاوخراپ بن"، بەبێدەنگی لەوشوێنە تێپەرین بەچۆمی شیوەسور بەرەو خوار،تاوەکو لەجادەی گشتی شیوەسور-تەقتەق تێپەرین و لەنزیك جادەکە بەووردی تەماشای سەرجادەکەودەوروبەریم کرد،تێبینی هەندێك نەفەرم کردو بەشەهید ئاکۆسوورم راگەیاند ئەویش هات وسەیری کرد هەندێك نەفەر لەژێر ساباتێکدابوون لەنزیك جادەکە ووتی"لەوانەیە خاوەن ڕەزەکانی ئەم سنورە بن"بەووریاییەوە کەوتینە رێگاوتا لەجادەکە تێپەربین و رێگاکەشمان دەبوایە بەتەنیشت ئەو ساباتەوە بێت،لەساباتەکە نزیك بووینەوە لەناکاو گوێمان لەوەڕینی سەگ بوو و سەگەکان بۆمان هاتن ،ئەو نەفەرانەی لەژێرساباتەکەدابوون لەگەڵ وەڕینی سەگەکان لەساباتەکە دەرچوون،رەبیەی جاش لەهەردوو بەری





شیوەسور هەبوو،یەکێك لەجاشەکانی رەبیەکەی لای کەرکوك بانگی ئەوانەی ناوساباتەکەی کردو ووتی"ئەوە جەماعەتی خۆمانن لەکەمین دێنەوە"،بەم بانگە تێگەیشتین لەوەی کە ئەو دەنگەدەنگەی نزیك گوندی شیوەسور گوێمان لێبوو،کەمینی جاشەکان بووە،وە ئەوانەی ناوساباتەکەش بەتەواوەتی بۆمان دەرکەوت کەجاشن،بەبانگی جاشەکەی بەری کەرکوك فرسەتێکی باشمان بۆرێکەوت چونکە جاشەکانی ساباتەکە بێدەنگبوون وئێمەش بەبێدەنگی ونهێنی خێرا جادەکەمان بری، بەڵام هێشتا لەجادەکە زۆر نزیك بووین ، ئۆتۆمبیلێك بەخێرایی هاتوو لەئاوی شیوەسور کوژایەوە،ئەوساڵە بەهۆی باران بارینی زۆرەوە ئاوی شیوەسور هێشتا زۆربوو،ئێمەکەوتینە نێوان ئەو سەیارە کوژاوەیەو رەبیەی جاشەکان، خۆمان لەگەڵ زەویدا یەکسان کرد و زۆر ترساین ئاشکرا بین ،بەڵام خودا رەحمی کرد سەیارەکە زوو بەئیش کەوتەوە و رۆیشت،لەگەڵ دەرچونی سەیارەکە ئێمەش بەخێرایی لەجادەی شیوەسور پەرینەوە و بەرەو سنوری گوندی(کانی ڕەش) ڕۆیشتین،دوای برینی ماوەیەکی زۆرو لەجادەکە تەواو دوور کەوتینەوە کاك ئاکۆسور ووتی"لەمەترسی دەرچووین باپشوویەك بدەین"،ئێمەش بێ ترس دانیشتین وپشوومانداوئاومان خواردەوە وئەوەی جگەرەی دەکێشا جگەرەی داگیرساند، دوای ئەو پشووە بەرێکەوتین بۆ(هەڵەتی هەناره)کە

دەكەوێتە سنوری ئاقاری نێوان سێ گوند(عەمدۆن وحەسەن قەپاغ ومەرزیخەی خواروو)هەر ئەو شەوە گەیشتینە ئەو شوێنەی دیاریمان كردبوو،بێ ترس ماینەوە و لێی خەوتین.

## شەوە سەمەرەكە

ئەو شەوەی لەچەمی شیوەسوروجادەی گشتی تەقتەق–شوان پەرینەوە جگە لەوەی پڕبوو لەرەبیەو كەمینی جاشەكان،وە پشوودانمان لەنزیك گوندی كانی ڕەش و جگەرەكێشان وپاڵكەوتن وقسەكردنمان و ئاوخواردنەوە،دوای ئەوەی بەیانیەكەی لەخەوهەڵساین لە هەڵەتی هەنارەوە بەدووربین روانیمانە دەوروبەری شوێنەكەمان وئەورێگەیەی كەشەوێ پێی هاتبوین و ئەو شوێنەی كەشەو لەنزیك گوندی كانی رەش بێ ترس پشوومان لێدابوو،لاپاڵی رەبیەیەكی تازەی رژێم بوو،بەسەر ئەو لاپاڵەوە بوو، بەڕاستی بەو دیمەنە سەرسام بووین ، ووتمان"چۆن شەوئاشكرانەبووین"،بەڵام وادیاربوو بەهۆی درەنگی شەوەوە كات نزیكەی ٣ی شەو بوو ئێمە لەو شوێنە پشووماندا،ئەوكاتە درەنگەی شەو بووە بە بەخت یاوەریمان بكات.





## شاڵاوی برسێتی

دوای برینی ڕێگای سەخت ودژوار تاگەیشتن بە هەڵەتی هەنارە،و برینی ئەو ڕێگایانە بەسەركەوتوویی ونەمانی ترس بەسەرمانەوە،ئەمجارە برسێتی تاو وشاڵاوی بۆهێناین،هیچ خواردنێكمان لانەمابوو تەنها چەند نانەساجیەك نەبێت، ئەویش كاك ئاكۆسور دەیووت"با بۆ كاتی تەنگانە بێت"،سات لەدوای سات برسێتی تێنی بۆدەهێناین و ووزەی نەئەهێشتین، هەموومان لەبیری برسێتی دابووین كاتێ شەهید ئاكۆسوور ووتی"برادەران لەساڵی ١٩٨٨هەندێ ئازوقەم لەپشتەوەی گوندی(دەرماناو)شاردۆتەوە،زۆر دوور نیە لێرەوە بابچین بزانین ماوە تاوەكو سودی لێ ببینین" لەتاو برسیەتی بەپەلە بەرێكەوتین بۆ ئەو شوێنەوجێگەكەمان دۆزیەوە،خۆشبەختانە ئازوقەكە مابوو،كەبریتی بوو لە ٣فەردەشەكروبرێك برنج وڕۆن و ئاردێكی زۆر،بەڵام ئەوەی جێی داخ بوو ،ئاردەكە كرابووە تانكیەوە لەگەڵ باران باریندا تەڕبوو بوو،شەكرەكەش فەردەیەكی زەردەواڵە خواردبووی و نیو فەردەش تێكەڵی خۆڵ بوو بوو،ئەو نانەساجیەی كەپێمان بوو،كەكاك ئاكۆ دەیگوت بابۆتەنگانە بێت،نەمان دەخواردو هەڵمان گرتبوو، تەنها چێشتی برنجمان دەخوارد، بەو حاڵەوە چوار ڕۆژمان بردە سەر، بۆ بەدبەختی ئەو نانەی هەڵمان گرتبوو كاتێك لێی بەئاگا هاتین كەرووی لێدابوو،هیچ بەكەڵكی

خواردن ناهات،برسێتی شێتی کردبوین و وەخت بوو بۆ نان شێت ئەبووین،چونکە چەند ڕۆژێك نانمان نەخواردبوو تەها شیوی برنجمان دەخوارد،بۆیە نەمان دەزانی چی بکەین؟

## دایە خونچەی شێرەژن لەبرسێتی رزگاری کردین

شەهیدئاکۆی فەرماندە چۆن فەرماندەیی دەکردین ئەوهاش خەمی دەخواردین و ووتی"برادەران نارەحەت مەبن لەچەمی ئیلنجاغ مالێکی لێە خەریکی کشتوکاڵ کردنن بەناوی(دایە خونچە)ئەم دایە خونچەیە پێش ئەنفال دۆستێکی زۆر نزیکم بوون لەخۆشەویستیا پێم دەوت"دایەخونچە".

شەهید ئاکۆسور لەگەڵ پێشمەرگەیەکیتر بەناوی (شەهید خاڵە بەخە)چوون بۆ چەمی ئیلنجاغ بۆلای دایە خونچە،چونکە لەدڵسۆزی ئەو خێزانە دڵنیابوون، و پێی وابوو ئەگەر دایە خونچە لەچەمی ئیلنجاغ مابێت، دەتوانێت بەفریامان بکەوێت و هاوکاریمان بکات بەتایبەتی لەڕووی خۆراك وهەواڵی ناوشارەوە،کاك ئاکۆوخاڵەبەخە چووبوونە چەمی ئیلنجاغ و دایە خونچەیان بینیی بوو، لەگەڵ یەکەم بینینی کاك ئاکۆ شاگەشکە دەبێت و دەڵێ "توخودا ئاکۆ پێم بڵێ چی دەکەی؟لێرە بۆ هاتووی؟"، شەهید ئاکۆش دەڵێ"دایە خونچە من بەپێشمەرگایەتی





پارتیزانی هاتومەتەوە ئێرەولێرە دەمێنمەوە، ئێستاش زۆر ماندوو برسین ،بەڕاستی ماندوبوونەکەمان زۆری لەبرسانە" کاك ئاکۆسور ووتی"کە گوێی لەو قسانەبوو دایەخونچە"ووتی"ئارام بگرن هەر ئێستا چایەونانتان بۆ ئامادە دەکەم ئاکۆ گیان" کاك ئاکۆش دەڵێت"دایە من هەر خۆم بەتەنها لەگەڵ ئەو پێشمەرگەیەی لەگەڵمدایە نیم، بەڵکو شەش پێشمەرگەی ترم لەگەڵدایە و لەشوێنێکی دوور لێرەوە بەجێهێشتووە"، بەلآم دایە خونچەی نیشتمانپەروەر،شێرەژنی ڕۆژی تەنگانە دەڵێ"باشە بان چاو کوری خۆم چەندی توانام هەبێت هاوکاریتان دەکەم و چی داوایەکتان هەیە پێم بڵێ چونکە من لەگەڵ کچەکانم بەشەو دەچینەوە شارۆچکەی تەقتەق وبەڕۆژ دێینەوە سەر کێڵگەکشتوکالیەکەمان، تا ئەو پێداویستیانەتان بۆ بهێنم" کاك ئاکۆش داوای نان وپاکەتی جگەرەوپێداویستی تری لێکردبوو بۆمان بهێنێ، هەروەها دایە خونچە چەند زانیارییەکی سەبارەت بەو سنورەوئەوخەڵکانەی وەکو خۆی یان وەکو مەڕلەوەڕێن لەسنورەکەماوەتنەوە بەکاك ئاکۆ گەیاندبوو،بۆنمونە دەڵێت مالی(مام حاجی غەفور)وچەند مالێکیتری گوندی (سمایل بەگی)لەچەمی مەرزیخەی سەروون ئەگەر بیان ناسیت؟کاك ئاکۆ ئەوکات نەیانی ناسی بوو،ئێمەش پێشمەرگەکانیتر کە مابوینەوە وەك منالآنی لادێ چۆن کەباوکیان دەچوو بۆشارو چاوەروانی گەرانەوەیان دەکرد تابزانن باوکیان

چیان بۆ دێنێ بەو شێوەیە چاوەرێ ی کاك ئاکۆوخاڵەبەخەمان دەکرد تاکو دەگەڕێنەوە بۆلامان، چونکە برسێتی زۆری بۆ هێنابوین و بێتاقەتی کردبووین، لەوچاوەروانیەدابووین کاتێك لەناکاو کاك ئاکۆ وخاڵەبەخە بەدەرکەوتن ودەهاتنەوە، ئای کەچەند دڵخۆشبوین لەخۆشیاندا خەریکبوو شاگەشکە ببین، هاوارمان کرد کاك ئاکۆ شێرن یان نا؟ کاك ئاکۆ لەوەڵامدا ووتی "هەرشێر بووینەوهەرشێر دەبین"نانێکی باشیان بۆ هێنابینەوە و تێرنانمان خوارد.

## پورەخەجەی حاجی غەفوری سمایل بەگی وهاوکاریەکەی

دوای ماوەیەك کاك ئاکۆ ووتی فەخرەدین ئەمجارە نۆرەی تۆیە نانمان بۆ پەیدابکەی؟!منیش لەوەڵامدا وتم بەسەرچاو بەڵام چۆن؟ووتیماڵێك بەناوی حاجی غەفورخەڵکی گوندەکەی ئێوەیە و والەچەمی مەرزیخەی سەروو خەریکی مەر بەخێوکردنن دەیانناسی و پەیوەندیتان چۆنە لەگەڵیان لەوەلامدا ووتم ئەو ماڵە خزمی منن،بەندەوکاك ئاکۆ چوین بۆچەمی مەرزیخەو بۆماڵی حاجی غەفور شەو لەناو ڕەزەکەی ماڵیان ماینەوەوشەومان لەوێ بەسەربرد،بۆبەیانی ماڵی مام غەفور هاتنە سەر ڕەزەکەیان و بەتراکتۆر هاتوچۆیان دەکرد و بەشەو دەچوونەوە شارۆچکەی





تەقتەق وبەڕۆژیش دەهاتنەوە سەرڕەزەکەیان،کاتژمێر ٧ی بەیانی بوو گەیشتنە سەر ڕەزەکەیان،من و کاك ئاکۆش چوین بۆ لایان وکەچاویان بەمن کەوت حەپەسان!چونکە منیان دەناسی ووتیان تۆ چی دەکەی لێرە؟ووتم پێشمەرگەی پارتیزانین وبەپێشمەرگایەتی لێرە ماوەتینەوە وکوردستانمان چۆڵ نەکردووە،ئیتر ئەوان زۆر گەرم وگوڕبوون لەگەڵمان ،دیتم منالێك بەباوەشی ژنێکەوە بوو،ژنەکە ناوی(مەلەك)بوو،لێم پرسی کچە یان کورە ، ووتی کچەو ناوی(هەوارە)،تەمەن درێژیم بۆخواست ،بەڵام پسکیتێك بەدەست هەوارەوە بوو،زۆر تەماحم تێیدابوو، ووتم هەوار ئەو پسکیتە دەدەیتە مامە؟ئەویش یەکسەر پسکیتەکەی پێمدا،وایزانی یاری لەگەڵ دەکەم، نەیزانی بەڕاستمەوپسکیتەکەی ئەخۆم،پسکیتەکەم نەگێرایەوە بۆ هەوار و یەکسەر خواردم،ئینجا هەوار زۆر بەمۆنەوە تەماشای دەکرم دوای ئەوەی پسکیتەکەیم خوارد،ئەو ئاگای لەبرسێتی من نەبوو،منیش لەبرساندا ئاگام لەدڵی ناسکی ئەو نەبوو،ماڵی حاجی غەفورمان تێگەیاند کەئێمەزۆربرسین وبرسێتی هیلاکی کردوین ئەوانیش خێرا نان وماستاووهەنجیریان بۆ هێناین ونانمان خوارد،دواتر ووتمان شەش پێشمەرگەی ترمان لەگەڵدایە،پێویستە نان بۆئەوانیش بەرین،وتیان بەسەرچاو بەڵام تکاتان لێدەکەین تا ڕۆژی خۆی دێت ئەو هاوکارییەی ئێمە بۆ ئێوە نهێنی بێت،چونکە خۆتان دەزانن

ڕژێم بەم هاوكارییەی ئێمە بزانێت ئەنفالمان دەكات،وەكو چۆن ئەو هەموو خەڵكە ڕەشوڕووتەی ئەنفال كرد بەبێ گوناه،ئێمەش بەلێنمان پێدان كەنهێنی پارێز بین،بۆ ڕۆژی دواتر ماڵی حاجی غەفور هەندێك ئازوقەیان بۆ هێنایین وەك(دوو فەردە ئارد،یەك فەردەشەكر،یەك تەنكەڕوون وە لەگەڵ هەندێك شتی تری وەكو سێ پاكەتی جگەرەوتاقمی تراش وموس وسابوون وتایت.

بەڕاستی ئەو هاوكاریە بۆ ئەو ڕۆژەی ئێمە شتێكی زۆر زۆر بەنرخ بوو، وە هەرگیز لەبیرم ناچێت،داوا لەسەركردایەتی یەكێتی دەكەم كەخێزانی ماڵی حاجی غەفور بە پ.م دێرینی (ی.ن.ك)خانەنشین بكرێن،هەرچەندە ئەوان وەكو خێزانێكی نیشتمان پەروەر بەئەركی سەرشانی خۆیان دەزانی هاوكاری پێشمەرگەكانی كوردستان بكەن تاوەكو شەرەفی كوردایەتیان بەربكەوێت وسەربەرزبن لەئاستی دایكی نیشتمان وخاكی وولات.

ئەو كەل وپەلوخۆراكەی كەبۆمان هاتبوو گواستمانەوە بۆشوێنی حەشارگەونهێنینیەكەی هەناره،پێشمەرگەكان بەبینینی زۆر خۆشحاڵبوون،و ترسی برسێتیمان ڕەوییەوە.





## ئەوماڵەی گومانمان لێ هەبوو دۆستی خاڵەبەخە دەرچوون

سەرەتا ئاماژەم بەوەدا كەماڵی حاجی غەفوروچەند ماڵێكیتربوون،ماڵەكانیش بریتی بوون لەماڵی حاجی وكورەكانی ،بەڵام ئەوەی جێگەی گومانی ئێمەی پێشمەرگە بوو،ماڵێك بوون لەگەل ماڵی حاجی غەفوربوون،زۆر پێویست بوو بەزوویی لێكۆڵینەوەی نهێنی لەكەسایەتی ئەوماڵە بكەین،چونكە ئەگەر كەسێك لەو ڕۆژە تەنگانە وناخۆشەدا، نەت ناسیباو بڕوای تەواوت پێی نەبوایە،بەهیچ شێوەیەك نابوایە بتی بینیباو هەستی بەتۆی پێشمەرگە بكردایە،بۆیە هەر لەگەڵ یەكەم بینینی ماڵی حاجی غەفور ئەو ماڵەیان لەگەڵدابوو،كە سەرۆكی خێزانەكە ناوی(كازم عەبباس) بوو،پرسیمان ئەوانە كێن؟ماڵی حاجی غەفور ووتیان ئەوانە وەك ئێمە بڕواپێكراون وخێزانێكی نیشتمانپەروەرن،تاڕادەیەك بەقسەكانی ماڵی حاجی بڕوامان بەو ماڵەكرد،بەڵام شەهید ئاكۆسور بۆ خاڵەبەخە ناساندێكی ئەو ماڵەی بۆ باسكرد و ووتی دەبێت زانیاریان لەسەر بزانیت؟لەئەنجامی لێكۆڵینەوەی خاڵەبەخە دەركەوت ئەو خێزانە دۆستێكی نزیكی خاڵە بەخەبوون،لەو ماڵەش تەواو دڵنیابووین،لەگەڵ خاڵە بەخە چووینە ئەو ماڵە و زۆریان پێخۆشبوو،داوای هاوكاریمان لێكرد بۆ

مەفرەزەپارتیزانەکەمان،ئەویش ئامادەیی خۆی دەربڕی یارمەتیمان بدات،یەکەم یارمەتی کە داوامان لە کاك کازم عەبباس کرد (پاتریەك)ی سەیارە بوو، بۆ جیهازەکەمان چونکە زۆر پێویستمان بەپاتری هەبوو،تاوەکو جیهازەکەمان لەکاردابێت،بۆ پەیوەندیکردن بەسەرکردایەتیەوە،ئەویش داواکەی جێبەجێ کردین وپاتری سەیارەی بۆهێناین ،هاوکاری ئەو ماڵانەی کەیارمەتیانداوین هەرگیز لەبیر ناکرێت،چونکە چاکەیان ئەوەندە زۆرە بەسەرمانەوە،هەرچیەکیان بۆبکەین ناتوانین پاداشتەکەیان بدەینەوە،وەك پێشمەرگەیەکی پارتیزانی دانەبراو داوا لەسەرکردایەتی(ی.ن.ك)دەکەم،کەچاکەوهاوکاری ئەو خێزانانە لەبیر نەکات و ئاوڕی جدیان لێبداتەوە،چونکە ئەوێ ڕۆژێ کە ئێمە پارتیزان بووین، ئەوان نانیان لەقورگی منداڵەکانیان دەگرتەوەو هاوکاری ئێمەیان پێدەکرد،ئێستا ئەو پارتیزانە لەحکومەتن وئەو خێزانانەش هەروەکو خۆیان ماون.

## پەیوەندیگرتن بەسەرکردایەتیەوە

بەگەیشتنی پاتری سەیارەکە یەکسەر پەیوەندیمان بەسەرکردایەتی و هەڤاڵ نەوشیروان –وە کرد،هەر لەرێگەی کاك نەوشیروانەوە پەیوەندیمان بەکاك غەریب هەڵەدنی –وە





کرد،تاوەکو پەیوەندی بەکاك(چەتۆ)پێشمەرگە هاوکارەکەی ناو شارەوە بکات، وە شوێنێ دیاری بکرێت،تا لەگەڵ کاك چەتۆ یەکتری ببینین،کاك غەریب وەڵامی داینەوە بەجیهازو بۆ ئەو مەبەستە شوێنێك لەگەڵ ڕۆژێکیان دیاریکرد کەیەکتری ببینین ، ئەو شوێنەش ناو ڕەزەکانی دەشتی قەرەناو بوو،کاك ئاکۆ و خاڵەبەخە چوون بۆشوێنی دیاریکراو بۆ دەشتی قەرەناو،پاش سێ ڕۆژ چاوەڕوانی لەشوێنی دیاریکراو ،بەڵام کاك چەتۆ لەبەر چەند هۆکارێك نەیتوانی بوو بێت،کاك ئاکۆ و خاڵە بەخە گەرانەوە لای خۆمان، بۆ جارێکی تر لەرێگەی غەریب هەڵەدنیەوە پەیوەندیمانکردەوە بەکاك چەتۆ ،ئەمجارە شوێنێکی ترمان دیاریکرد بۆ یەکتر بینین ، شوێنەکە گوندی(مۆرخواردەی سەروو) بوو،کەزێدی کاك چەتۆ بوو،هەرچەند لەشوێنی ئیختیفاوحەشارگە نهێنیەکەمانەوە زۆر دوور بوو،بەڵام بۆ پێشمەرگە بۆ ئامانجی سەرکەوتن ئەو رێگایەی هەلیبژاردبوو هەرگیز دوور نەبوو.

من وکاك ئاکۆسور چوین بۆ گوندی مۆرخواردەی سەروو، گەیشتینە شوێنی دیاریکراو، کاك چەتۆ لەوێ چاوەڕوانی دەکردین، یەکترمان بینی، دواتر شوێنێکی ترمان بۆ بەیەکتربینین دیاری کرد شوێنەکەش چەمی مەرزیخەی سەروو بوو، بەو ماوە کەمەی کە لە هەڵەتی هەنارە بوین، شارەزایی زۆرمان لەرووی سەربازگە نوێیەکانی رژێم پەیداکردو لەهەرشوێنێك مەترسی

بەدیکردبێت رەبیەکی جێگیر کردبوو، وەهەروەها بەتەواوەتی شارەزای رێگە نهێنیەکانی خۆمان بووبووین،کەهاتوچۆمان پێدادەکردن، هەروەها چەندین خێزانی هاوکارو نیشتمانپەروەری سنورەکەمان ناسی کە پێشتر ئاماژەم بەناوەکانیانەوە کرد، ئەوانە بۆ ئێمە سەرکەوتن ودەسکەوتێکی گەورە بوو،کاك چەتۆ بۆ جاری دووەم هاتە چەمی مەرزیخە و یەکترمان بینیەوە لەگەڵ کاك ئاکۆسور و پێشمەرگە پارتیزانەکان.

## کاك چەتۆ ،

## پێشمەرگەپارتیزانەکانی دەبردەوە ناوشار

لەگەرانەوەی کاك چەتۆ بۆناوشار شەهید(ئاواتەڕەش)ی بەنهێنی بردەوە بۆ ناو کەرکوك،دیاربوو مۆڵەت وشتی ساختەی بۆ کردبوو،تەنها کاك چەتۆ خۆی سەری لەوکارانە دەردەچوو کە دەیکرد،چونکە کارەکە ئەوپەڕی نهێنی بوو،وەبەهەمان شێوە دواتر شەهیدئاکۆسوریشی بردەوە بۆلای دایك وباوکی کە راگوێزرابوون بۆ کۆمەڵگای زۆرەملێی پارێزگای هەولێر (کەورگۆسك)،کەنزیکەی ٢٠کیلۆمەتردەکەوێتە باکوری خۆرهەلاتی ناحیەی(کەڵەك)لەسەر زێی بادینان(زێی گەورە)کە ئەو کات پێی دەوترا ناحیەی(خەبات)،حکومەتی رەفتارفاشی بەعس چەند





ئۆردوگایەکی زۆرەملێی لەدەوروبەری ئەم ناحیەیە دروستکردبوو بۆ خەڵکی کەرکوك بەتایبەتی وخەڵکی سنوری قەلادزێ وەك(خەبات،تۆبزاوا،جدیدە،کەورگۆسك)، گێرانەوەی ئەم بیرەوەریە تەنیا بەووتن وقسەکردن ئاسانە،ئەگینا بردنەوەی هەریەك لەشەهید ئاکۆسورو شەهید ئاواتەڕەش کارێکی ئەوەندە دژواروسەخت بوو کەتەنیا پێشمەرگەکانی یەکێتی دەیان توانی مجازەفەی لەوشێوەیە بکەن چونکە ئەمە نەك ڕۆیشتن بەلێواری مەرگ بەڵکو مل خشاندن بوو بەچەقۆی هەڵکێشراو وخوێناوی بەعس،کە لەو ڕۆژگارەدا رژێم هەرچی کون وکەلەبەر هەبوو هەمووی بەجاسوس وئەلقەلەگوێ وچڵکاوخۆرەکانی تەنیبوو،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە پێشمەرگەپارتیزانەکانی یەکێتی بەماناى ووشە لەخۆبردوو وقارەمان وگیان لەسەردەستبوون،بوونە بەشێکی هەرەدیارو خۆسەپێن لە مێژووی سەروەرییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەتایبەت و مێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەگشتی.

## ئەوانەی هاوکاریانکردین

ئەوبەرێزانەی لەسنورەکە لەماوەی پارتیزانیدا هاوکاریانکردین لەسنوری شێخ بزێنی خوارووی سەربەناحیەی شوانی پارێزگای

کەرکوك ئەمانە بوون:- ( کاك چەتۆ ساڵح سەعید نازناوی سەربەست بوو، خەڵکی گوندی مۆرخواردەی خواروو بوو، پێشمەرگەی ناوشارو دەلیلی مەفرەزەکەمان بوو، خونچە حەسەن عەبدوڵلا نازناوی دایکی ئاکۆ، خەڵکی گوندی ئیلنجاغی شوان، نەوزاد کەرکوکی، نازناوی شێرەدڵ بوو، خەڵکی کەرکوك بوو، خەدیجە محەمەد قادر نازناوی دایەخەجێ بوو، خێزانی حاجی غەفوری سمایل بەگی بوو، حاجی غەفوری مام عوسمان سمایل بەگی، مەلەك عوبێد ئەحمەد خێزانی ئەنوەری حاجی غەفور، ئەنوەرحاجی غەفورعوسمان و کازم عەبباس مەحمودی مەرزیخەی سەروو ئەمانە لەتەقتەق نیشتەجێبوون ورەمزی فەلامەرز نازناوی رەمزی هەمەوەندی بوو، خەڵکی چەمچەماڵ بوو، وەستا ڕەسول هاوکاربوو لەشاری کەرکوك،عادل شەریف مامۆستاعادل نازناوی بوو، خەڵکی گوندی سێکانیانی کەرکوك بوو،وە ئەوانەی لەسنوری شاخی پیرەمەگروون هاوکاریان کردین لەکاتی پارتیزانیدا لەدوای ئەنفال ئەمانەی خوارەوە بوون:(مام ڕەسول تەلانی ،مام رەسول کرژەیی، بەکر تەلانی ، شەوکەت سورداشی، رەوف دووکانی، مام هێمن سێوکانی، شێخ عوسمان ناسراو بەمام شێر پێشمەرگەی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون هاوکاروچاوساغی مەفرەزەکەمان بوو)وە داوای لێبوردن دەکەم لەو کەس وخێزانانەی ئەگەر ناویانم لەیادچوو بێت.





## بەجێهێشتنی سنوری کەرکوك

لەرێکەوتی ٨-١٠-١٩٩٠بەفەرمانی هەڤاڵ نەوشیروان لەسنوری شێخ بزێنی خواروو لەهەڵەتی هەنارەوە گەراینەوە بۆ سنوری پیرەمەگرون، بەسێ شەو وڕۆژ، بڕینی تولە ڕێگای نهێنی گەیشتینەوە سنوری پیرەمەگروون،لەوێ لەئەشکەوتێکی بچوك ماینەوە وپێشمەرگەیەکی قارەمانی سنورەکە بەناوی(شێخ عوسمان) ناسراو بە(مام شێر)،چاوساغی بۆ دەکردین چونکە ئێمە شارەزای ناوچەکە نەبووین، شەوێکیان من وکاك ئاکۆسوری فەرماندەی مەفرەزەکە پێکەوە چوین بۆ ناو ئۆردوگای پیرەمەگرون ، چوینە ماڵی پێشمەرگەیەکی ناوشار،ماڵەکەیمان دۆزییەوەو بەنهێنی لەدەرگاماندا وارێکەوت خۆی لەماڵ نەبوو،بەڵام خێزان ومناڵەکانی لەماڵبوون،کە ماڵی براکەی کاك(ئاسۆ سورداشی)بوون،بەڕاستی قەت لەبیرم ناچێتەوە، کەئەو شێرەژنە زانی ئێمە پێشمەرگەین وناسیمانی،زۆری هاوکاریکردین، بەبۆچونی من ئەو ژنە هیچی کەمتر نی یە لەو ژنانەی مێژوو باسیان دەکات لەقارەمانێتی وسەربەرزیدا، چونکە زۆر چاونەترس و بوێر بوو ئامادەیی هەموو هاوکاریەکی پێشمەرگانە بوو،ئەو شەوە زۆر ئامۆژگاری ورێنماییکردین، ووتی"برایان من زۆر خەمی سەلامەتی ئێوەمە ئاگاداری خۆتان بن،دەترسم لەوەی کە ئۆردوگا

پڕە لەجاسوس وئەلقەلەگوێ وخۆفرۆش، ئێوەش بێ باکانە دێنە ناو ئۆردوگای پیرەمەگرونەوە".

کاك ئاکۆسوریش زۆر سوپاسی ئامۆژگارییەکانی کرد و ووتی"خوشکی بەرێزم وامەزانە بێ باکین ئێمە هەموو حسابێکمان بۆ نەخشەوپلانی دوژمن داناوە، دڵنیابە لەوەی کەزۆر ئاگاداری خۆمان دەبین، پیلانەکانی دوژمن پوچەڵ دەکەینەوە، هیچ مەترسە سەرکەوتوو دەبین پەنا بەخوا"، ژنەکەش ووتی"خوانەکردە ئەگەر ئێوە شەهید بن ، زوو جێگەی ئەو کورە قارەمانانە پڕنابێتەوە، گەڵ و ووڵات چاوەڕوانی بەرهەمی شۆرشی نوێن، بەرابەری هەڤاڵ (مام جەلال)وپێشمەرگەی گیان لەسەر دەستی وەکو ئێوەیە".دوای ئەم گفتوگۆیە من وشەهید ئاکۆ کۆلەپشتەکانمان هەڵگرت و بەرەو لای برادەرەکانمان بۆ حەشارگە نهێنیەکە بەرێکەوتین.

## لەدۆلەبی کەوتینە بۆسەیەکەوە

دوای گفتوگۆ لەگەڵ خوشکە بەرێزەکەمان نیوەی شەو گەراینەوە بۆ شوێنی نهێنی و لای هەڤالەکانمان هەریەکە ٣٥کیلۆ کەل وپەل وخواردنمان بەکۆلەوە هەڵگرتبوو، لەو رێگایەی ئێمە هاتوچۆمان پێدەکرد، شوێنێك هەبوو(دۆلە بیان)پێدەووت،زۆربەی جاران ئەمنی پیرەمەگرون کەمین وبۆسەیان لێ دەنایەوە، تاوەکو





دەسکەوتیان هەبێت، وادیاربوو بەهۆی جاسوس و ئەلقەلەگوێکانیانەوە دەنگۆی ئەوەیان پێگەیشتبوو کە پێشمەرگە لەو رێگەیەوە بۆ پێداویستیەکانیان دێنە ناو ئۆردوگای پیرەمەگرون،ئەو دۆلە زۆر دوور نەبوو لەو ئەشکەوتەی کەلەشاخی پیرەمەگرون ئێمەکردبوومانە شوێنی نهێنی مانەوەمان ، من و کاك ئاکۆ بەدەم رێگاوە دەهاتین و لەو شوێنە نزیك بووینەوە کە(دۆلەبیان)پێدەوت و شوێنی مەترسی بوو،کاك ئاکۆ ووتی"بادانیشین پشوویەك بدەین"دانیشتین وپشوویەکماندا تەماشای کاتژمێرەکەم کرد، کات ٣,٢٠سێ وبیست دەقیقەی دوای نیوەشەوە، پاش ووچانێکی کەم هەڵسواین وبەرێکەوتین، دەبەیەکی(٥)لیتر نەوتیشمان پێبوو،کاتێك ئاگاداربووینەوە کەوتوینەتە ناو کەمین و تەنها شەش مەتر نێوانمان بوو،تا بگەینە سەریان ، بەڵام چونکە ئێمە زۆر بەنهێنی رێمان دەکرد، ئەوان ئاگادار نەبون، بەتایبەتی پاسەوانەکەیان ، وە ئەوانیتر دیاربوو خەویان لێکەوتبوو، لەو حاڵەتە لەگەڵ کاك ئاکۆ سەیری یەکترمان کردوو، کاك ئاکۆ دەنگدانی پاسەوانەکە وتەقەکردنی یەك بوو،منیش لەگەڵ کاك ئاکۆ دەستم کرد بەتەقەکردن رووەو کەمینەکەو شەر لەنێوانمان دروستبوو،بۆماوەی ١٠ دەقیە شەر درێژەی کێشاو لەو ماوەیەدا توانیمان خۆمان دەرباز بکەین، لەکاتی دەربازبونماندا(ئاربی جی)یەکیان پێوەنایین، لەشاخێك

کە٣مەتر بەرزبوو کەوتمە خوارەوەو بەسوکی زامداربووم، لەگەڵ ئەوەی کاك ئاکۆ بینی بەربومەوە، بەپەلە خۆی گەیاندە لام وهەلیساندمەوەو ووتی"خێراکە وەرە کوڵم با رزگارت بکەم"بێ ئەوەی حساب بۆ کوڵەپشتەکەی بکات کە ٣٥کیلۆ قورسی بوو،منیش ووتم نا براگیان خۆم دەتوانم بەپێی خۆم بڕۆم، بەراستی ئەوەی جێگای سەرسوڕمان بوو ئەوەبوو کاك ئاکۆسور تابڵێی کەسێکی بەوەفاوبەسۆزوخۆنەویست ودڵسۆز بوو لەبەرامبەر پێشمەرگەکانیدا پێی خۆش بوو ڕووحی خۆی پێشکەشیان بکات بەراستی شایەنی فەرماندەیی وبەرپرسیارەتی بوو،هەرگیز جارێك، ساتێك لەمەیدان ورووبەروبونەوە نەمبینیوە لەهەولی خۆدەبازکردنی خۆی بێت، بەردەوام سەلامەتی پێشمەرگەکانی لەپێشەوەی هەموو شتێك دادەنا، بەم حالەوە لەکەمینەکە رزگارمان بوو بەبێ ئەوەی یەك کیلۆ لەشتەکانی کوڵەپشتەکانمان بەجێ بمێنێ یان فرێی بدەین هەتا دەبە نەوتەکەشمان هەرپێ مابوو،کە لە ئەشکەوتەکە نزیك بووینەوە بینیمان براکانمان کە گوێیان لە تەقەبوو بوو، بێ یەك ودوو بەرەو پیری شوێنی شەرەکە دەهاتن چونکە دەیانزانی ئێمەین کە کەوتوینەتە کەمینەوە لەبەر ئەوەی تەنها رێگایە، کە بەنهێنی هاتوچۆمان پێدەکرد، لەوێ گەیشتین بەیەکتری چاومان بەیەك کەوت بەراستی براکانمان زۆر خۆشحاڵبون، شەهیدئاواتەڕەش





لێمان هاتە پێشەوە ودەستی لەملمان کرد ماچی کردین،فرمێسکی خۆشی لەچاوی هەموو براکانمان بەدیدەکرا،ووتیان لەوبڕوایە نەبوین ئێوە لەناو کەمینەکە لەو شەرە دەستەویەخەیە رزگاربوبێتن، چونکە گوێیان لەو١٠دەقیقە شەرەی نێوان ئێمە وکەمینەکە بوو بوو، دواتر لەرێگای خەڵکانی خۆمانەوە بەنهێنی هەواڵەکەمان بۆ هاتەوە کەوا دوو لەئەمنەکان لەو شەرە بەسزای گەڵ ونیشتمان گەیەنراون وکوژراون بەناوەکانی(خەلەف عەلی مەحمود وخالدعەباس حوسێن).

## نیازی لێدانی پیاوەکانی رژێم

لەو ڕووداوە، بەدواوە رژێم بەرێگا نهێنیەکانی زانین وبەردەوام کەمینی بۆ دەنایەوە،وایلێهات بێزاربوو بووین، بۆ ئەو مەبەستە شەهید ئاکۆسور بەجیهاز پەیوەندی بەکاك نەوشیروانەوە پێی راگەیاند کەپیاوەکانی رژێم چەند جارێکە کەمینمان بۆ دادەنێنەوەو هەراسانیان کردوین و بەنیازم لێیان بدەم تۆ رات چیە؟ لەوەلامدا کاك نەوشیروان ووتی"نابراگیان کاری وانەکەی سەرنجی تەواوی هێزەکانی سنورەکە بۆ خۆت رابکێشی، چونکە بۆی هەیە لەناکاو هێرشی گەورە بکەنە سەرناوچەکە"،لەگەڵ ئەو ئامۆژگاریانەی کە کاك نەوشیروان بەشەهید ئاکۆی ووتبوو،هێشتا

شەهید ئاکۆ لێیان بەداخ بوو، تارۆژێکیان کاك ئاکۆ ونەقیب ناسح وخاڵەبەخە هەرسێکیان چوون بۆ ناو ئۆردوگای پیرەمەگرون بۆ هەندێ کاری پێویست،بەلاّم لەبەرئەوەی ترسێکی زۆرمان لەسەربوو لەو ڕێگایە، زۆر بەحەزەرەوە ڕۆیشتبوون، بینیبویان کە پیاوەکانی ڕژێم دەردەچن بۆ کەمین نانەوە، ئەوانیش نایکەنە نامەردی بۆسەیان بۆ دەنێنەوە لەگوندی(بیران) لەگەڵ گەیشتنی پیاوانی ڕژێم بۆ ئەو گوندە، ئەم سێ قارەمانە لێیان دێنە دەست ووایان لێدەکەن دەستیان بەبێریەکانیان نەگات و تاوەکو جادەی گشتی هەلاّتبوون و خۆیان پێنەگیرابۆوە و سەرئەنجام دوو ئەمنی ڕژێم برینداربوبون.

## هەڵوێستێکی مەردانەی مام ڕەسول کرژەیی

شەوێکیتر من وکاك ئاکۆ و خاڵە بەخە چوین بۆ ناو ئۆردوگای پیرەمەگرون بۆماڵی ناسیاوێکمان کەسەر بەرێکخستنەکانی ناو شاربوو بەناوی مام ڕەسول کرژەیی،گەیشتینە ئۆردوگاکەو چوینە ماڵی ناوبراو، پاش گەیشتنمان ودانیشتین، کاتێ دەنگەدەنگ پەیدابوو، لەدەرگای ماڵی مام ڕەسولێ دراو، مام ڕەسولیش چووە دەرەوەو تابزانێ کێیە؟کاتێك بەپەلە هاتەوە ژوورەوەوگوتی کورە کورینە جاش دەوری ماڵەکەیان گرتوین خێراکەن برۆنە





حەمامەکەوە و کچێکی عازەبی خۆی لەگەڵ ناردین بەکچەکەی ووت"ئەگەرجاشەکان ویستیان ژووری حەمامەکە بپشکنن، تۆ نیوەی جلەکانت دابنێ وبقیژێنەو لەکەلێنی دەرگاوە شانی خۆت نیشانبدەو پێیان بڵێ(شەرم لەخۆتان ناکەن هەموو سوچێك ئەپشکنن بۆئەوەی ئەم پێشمەرگانە رزگاربکەیت)".

پاش ئەم ئامۆژگاریانە بەپەلە چووە دەرەوەو دەرگای لەجاشەکان کردەوە، جاشەکان هاتنە ژوورەوەو، بەلاّم وادیاربوو بەرێکەوت هاتبوون،چونکە هیچ شوێنێك نەگەران و بەهێمنی گەرانەوە، ئەم ڕووداوە زۆر کاری تێکردم لەدڵی خۆمدا دەمووت"ئەگەر ئێمە وەك پێشمەرگەی پارتیزان ڕۆحی خۆمان خستۆتە لاوە بۆسەربەرزی گەڵ ونیشتمان وپاراستنی شەرەف وکەرامەتی خۆمان وگەڵەکەمان ،بەلاّم خەڵکی ئەوها دڵسۆزیش هەیە کە بەڕۆح وگیان وشەرەف وکەرامەتی خۆی پارێزگاری لەئێمە دەکات وەکو ماڵی مام ڕەسول کرژەی"،لێرەوە بەقەد چیای سەرکەشی پیرەمەگرونی لانکەی شێرەکورانی پارتیزان، سلاّوی ڕێزووەفاداریم بۆماڵی مام ڕەسولی کرژەیی وتەواوی ئەو ماڵانە هەیە کەشێوەی مام ڕەسول هاوکاریان کردوین، ئێستا دڵنیام مام ڕەسولیش وەکو چیای سەرکەشی پیرەمەگرون سەربەرزە بەو هاوکاریانەی کە لەپێناوی خاکی پیرۆزی نیشتمان وشەرەف وکەرامەتی گەڵەکەی کردویەتی.

## لەسۆفی سمایلەوە بۆ سۆفی قوربانی

لەسەرەتای دابەزینمانەوە وەکو پێشمەرگەی پارتیزان بۆ سنوری کەرکوك، ئێمە بەردەوام بەو جیهازە راکالەی کەپێمان بوو، پەیوەندیمان بەسەرووی خۆمانەوە دەکرد کەبریتیبوون لە(سەرکردایەتی،مەکتەبی سیاسی، هەڤاڵی بەرێزمام جەلال سکرتێری گشتی ی.ن.ك، وە لەهەمووشیان زیاتر پەیوەندیمان بەکاك نەوشیروانەوە دەکرد، سەرەرای ئەوەش ئێمە وەکو رایەلەیەکی نهێنی رێکخستنەکانی ناوشارو سەرکردایەتیش بووین بەتایبەتی شاری سلێمانی و کەرکوك، بۆ ئەو مەبەستە ئێمە جیهازێکی راکالی ترمان هێنابوو لەگەڵ خۆمان، دامانە رێکخستنەکانی ناو شاری سلێمانی، پاش گەیشتنی جیهازەکە بەدەستی برادەرانی ناوشاروبەتایبەتی کاك(خالدرەزا)ی ئامۆزای کاك نەوشیروان، وەژمارەی جفرەونهێنی بۆ دانرابوو بەناوی(سۆفی سمایل)وە ژمارەی جفرەوناوی نهێنی خۆشمان دابووە کاك (خالدرەزا)بەناوی(سۆفی قوربانی)واتە ناوی نهێنی کاك ئاکۆسور بوو لەجیهازەکەی کەپێمان بوولەگەڵ رێکخستنەکانی ناوشار،دوای ئەم چالاکیە لەرادیۆی(دەنگی گەلی کوردستان)ەوە کەزمانحاڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، بروسکەیەك خوێندرایەوە کەجیهازی ناوشار پێیدابوون، بروسکەکە بریتیبوو لە(لەسۆفی سمایلەوە بۆ سۆفی قوربانی، سۆفی قوربانی یارمەتیەکەتان





گەیشت، دەستتان خۆش بێ)، ئەو بروسکەیە مانای ئەوەبوو کەجیهازەکە گەیشتووە بەکاك خالدرەزاورێکخستنەکانی ناوشاری سلێمانی.

## مەفرەزەی سێ حزبەکە

لەدوای گرتنی وولاتی کوەیت لەلایەن رژێمی عێراقەوە،سەرکردایەتی ئاگاداری کردینەوە، کەوا لەلایەن حزبەکانی تری کوردستان، کە پێکهاتبوون لە(پارتی دیموکراتی کوردستان وحزبی شیوعی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان)بەهەرسێ لایەن مەفرەزەیەکی پێشمەرگەیان پێکهێناوە و رەوانەی سنوری پیرەمەگرون-یان کردووە، ویستمان بزانین و بەگوێرەی توانا هاوکاریان بکەین،بەڵام بەداخەوە ئەو مەفرەزەیەی هەرسێ حزبەکە کە بەسەرکردایەتی کاك(حاجی مەحمودی گەورەدێی) سەربەپارتی بوو،پێکیهێنابوو، پێش ئەوەی بگەنە سنورەکە واتە سنوری پیرەمەگرون، لەرێگا لە(دۆڵی جافایەتی)توشی تەمشیت(کێومالٚ)ی هێزەکانی رژێم بوون و لەشەروپێکداداندا(حاجی مەحمودی گەورەدێی سەرکردەی مەفرەزەکە و پێشمەرگەیەك بەناوی موحەمەد ئیسماعیل

عەبدولرەحمان ناسراو بە(نەوزاد)خەڵکی گوندی(دار ئەختیار) بەدیل دەگیرێن ولەدوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ ئینجا ئازادکران.

بەرپرسی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی ناوی(مەولود تەلانی)بوو،لەژیانـدا ماوە وبەرپرسی پێشمەرگەکانی حزبی سۆسیالیست ناوی(قادرچاوشین)بوو،بەداخەوە شەهیدبووە و لەژیاندا نەماوە، ئەمانە گەیشتنە سنورەکەو لەشاخی پیرەمەگرون یەکترمان بینی، یادیان بەخێر باش لەبیرم نەماوە کە ئایا بەرپرسەکەی حزبی شیوعی یان سۆسیالیست بوو، واتە(کاك مەولود تەلانی یان کاك قادرچاوشین)، کەبینی ئێمە مەفرەزەیەکی تۆکمەین،لەهیچ کەل وپەلێکی سەربازی و خواردن کەموکورتیمان نیە وشوێنی خۆمان چەسپاندووە وگوتی قسەیەك دەکەم بۆ مێژو هەرچەندە قسەکە زەرەری لایەنەکەی خۆم وهەردوو لایەنەکەی تریشە، کە بەهەرسێ لایەنی حزبی ئەم مەفرەزەیەمان پێکهێناوە، قسەکەش ئەوەیە بەراستی زۆر بەعەیب و شەرمی دەزانم کەبەخۆمان بلێین پێشمەرگە یان حزب لەئاستی ئێوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان،بەحەقیقەت ئێوە پێشمەرگەن وشۆڕشن بۆ گەل، وە ئێمە بە(٣)حزب مەفرەزەیەکمان دروستکردووە، ئەویش نەگەیشتینە شوێنی دیاریکراومان بەرپرسەکەمان بەدیلی کەوتە دەست ڕژێم، کەچی ئێوە ڕایەلەی تەواوتان لەنێوان خۆتان





ورێکخستنەکانی ناوشارتان پتەو وبەهێزە، لەهیچ جۆرە یارمەتیەکتان کەم نیە.

## بەرنامەڕێژی بۆ ڕاپەرین ئەندازیاری هەبوو

لەسنوری پیرەمەگرون بەپارتیزانی ماینەوە، لەچاوەڕوانی هەواڵی نێوان هاوپەیمانەکان وعێراق بووین، ئایا عێراق دەکشێتەوە وپاشەکشەدەکات بەئاشتی و دوور لەجەنگ، یان دەکەوێتە جەنگێکەوە، خۆ ئەگەر بەئاشتی بکشێتەوە بۆ دۆزی کورد سودێکی ئەوتۆی نابێت، بەڵام ئەگەر لەجەنگەوە تێوەبگلێت ئەوا بێ گومان بۆ مەسەلەی کورد قازانجە وئومێد بە بڕوای پێشمەرگەوخۆڕاگری جەماوەر شۆڕش و ڕاپەرین دەست پێدەکات،لەو ماوەیەدا بەردەوام لە پەیوەندی دابوین لەگەڵ کاك نەوشیروان وسەرکردایەتی، تا دواجار ڕژێمەکەی سەدامی بەعسی لەدژی هەموو ڕێگەیەکی چارەسەری ئاشتیانە بوو،ناچار هاوپەیمانەکان بەسەرۆکایەتی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ١٧-١-١٩٩١جەنگی کەنداوی ڕاگەیاند بەناوی(گەردەلولی بیابان)پەلاماری ئاسمانی و زەمینی هێزەکانی عێراق دراو لەماوەی (١٠٠)کاتژمێردا تەفروتونایان کرد،لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی کەنداو، یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەوپەڕی

ئامادەسازی وخۆسازدان بوو، بۆدروستكردنەوەی شانەی چەكدار لەناو شاروشارۆچكەكان و ئۆردوگا زۆرەملێیەكان، چەندین مەفرەزەی لەپێشمەرگە دابڕاوەكان ئەوانەی بەناچاری تەسلیم بەرژێم بوبونەوە و لەگەڵ ڕێكخستنەكانی ناوشار دروستكرد و پەیوەندی لەگەڵ حزبەكانی بەرەی كوردستانی بەهێزتر كردو نەخشەوپلانی ڕاپەرینی داڕشت، پەیوەندی كرد بەسەرۆك هۆز وپیاوانی ئاینی وپیاوماقولانی كورد وسەرۆك جاش و مستەشارو هەتا مەفرەزە خاسەكانیش ، ئەوەبوو توانی یەكێتیەكی كوردانە ودڵسۆزانە بۆ خاكی پیرۆزی كوردستان بەنهێنی دروست بكات، بۆ ڕزگاركردنی خاكی كوردستان بەكەركوكی قودسی كوردستانیشەوە.

## لەزمناكۆوە بۆ ١٧٢٠

## ١٧٢٠جیهازەكەی شەهید ئاكۆسوربوو

ڕۆژبەڕۆژ لەساتەوەختی ڕاپەرین نزیك دەبوینەوە، ژمارەی جفرەمان بۆدیاریكرابوو، كە(١٧٢٠)بوو،تا ڕۆژێك لەڕادیۆی دەنگی گەلی كوردستانەوە، تاقە رادیۆی ئومێد و هیوابەخشی خەڵكی كوردستان بەبروسكە ووتی(لەزمناكۆوە بۆ ١٧٢٠ تكایە برادەرانی ناوشار ئاگاداربكەنەوە لە ٧ی مانگ زەماوەند ساز بكەن)، ئەوە





بوو شەهید ئاكۆسور بەپەلە برادەرانی ڕێكخستنەكانی ناوشاری سلێمانی ودەوروبەری ئاگاداركردەوە، ئەو شەرەفە گەورەیە بەشەهید ئاكۆسور راسپێردراو بەرئەو كەوت،ئەوەبوو لە ٥-٣-١٩٩١بەبەشداری تەواوی خەڵك وهاولاتیان وحزبەكوردستانیەكان و وەبەتایبەتی شانەچەكدارەكانی بروسك وشالاو، كە ڕێكخستنەكانی یەكێتی ڕێكی خستبوون كە دواتر بونە داینەمۆی ڕاپەرین، بەمجۆرە شاری ڕانیەی خۆشەویست وشاری شەهید عەلی نەبی بووە دەروازەی ڕاپەرین.

لەكۆتایی ئەو بیرەوەریانە، داوا لەسەركردایەتی یەكێتی نیشتمانی كوردستان دەكەم كە كالاّ بەقەدبالاّ ببڕێت وئەرك وماندووبونی ئەو پێشمەرگە پارتیزانانەی كە لەناو خاكی كوردستان مانەوە وبۆساتێكیش بەتەنها جێیان نەهێشت، لەگەڵ ئەو كەس وخێزانانەی كەهاوكاری پێشمەرگە پارتیزانەكانیان كردووە،لەبەرچاو بگیرێت، پاداشتیان تەنها بەناوهێنان ودەستخۆشی وسوپاس نەبێت ، بەڵكو لەگەڵ ئەمانەشدا هاوكاری مادی ومەعنەویان بكرێت.

## هەندێك بیرەوەری

## دایە خەجێ و دایە خونچە

زۆرجاران ئێمەی پێشمەرگەپارتیزانەکانی سنوری کەرکوك بەشەهیدئاکۆسوریشەوە،ووره بەرزی وخۆراگریمان لەو دوو دایکە وەردەگرت، دایە خونچە لەچەمی ئیلنجاغ و دایە خەجێ لەچەمی مەرزیخە، بەڕاستی ووزە بەخشی ئێمەی پارتیزانەکان بوون ، هەموو کات شەهید ئاکۆ دەیووت " ئەو دوو شێرە ژنە هەوێنی خۆراگری مەفرەزەکەی ئێمە بوون لەسنورەکە، تاکورد شێرە ژنی ئەوهای هەبێت هەرگیز چۆك بۆ ڕژێمی بەعس وهیچ ڕژێمێکی تر دانادات.

## وامزانی ئەمرۆ٧ی مانگە

لەحاویەی مەرزیخەی ژوورو بوین(حەسەن حاجی غەفور)م بینی، پێم ووت:من تا ٨بۆ ٩ڕۆژیتر ناتوانم بێمەوە ئێرە هەندێك ئیش وکاری ناوشارمان هەیە، بەڵکو وابکەیت لە١٧-٧-١٩٩٠عەلی برام بۆ بێنیە ئێرە بەڵکو بزانم دەنگ وباسی ماڵەوە چیەوچیان بەسەرهاتووە و بارودۆخیان چۆنە؟کاتێك ١٧ی مانگ لەگەڵ شەهید ئاکۆگەراینەوەو چوین عەلی برام ببینین، حەسەن هات لێم پرسی ئەی کوا عەلی برام،ووتی بۆ ئەمڕۆ چەندی مانگە ووتم ١٧ی





مانگە، ووتی وەڵڵا وامزانی ئەمرۆ ٧ی مانگە، من کوا لەمانگ و ڕۆژ دەزانم، شەهید ئاکۆ دایە یەك پێکەنینێك وئەولاو ئەملای حەسەنی ماچ کردو ووتی"وامزانی بەس خۆم بێ ئەقل ونەزانم کەچی لەخۆم بێ ئەقڵترونەزانترحەسەنە".

## سەروسمێڵی من مشکیلەیە

دوای ڕێکەوتنی عێراق وئێران لەسەر گۆڕینەوەی دیلی شەڕی هەشت ساڵەی نێوانیان، ئێمە لەدۆڵی هەنارەی حەشارگە نهێنیەکەمان بوین، لەرادیۆ گوێمان لێبوو، پێی نیگەران بووین کەعێراق وئێران نێوانیان خۆشی و ئاشتی بێت، چونکە ئەمە خەباتەکەی ئێمە قورستر دەکات، دوای ئەوەی شەهید ئاکۆ پەیوەندی بە کاك نەوشیروانەوە کرد وبەم بابەتە گفتوگۆی لەگەڵ کرد، کاك نەوشیروان ووتبووی"بەئارەزووی خۆتان بکەن ئەگەر بێتاقەت بوون دەتوانن بێنەوە لای من لەسەرکردایەتی، وەئەگەر دەتوانن بەرگەی ئەو بارودۆخە بگرن ولەشوێنی خۆتان دەمێننەوە ئەویش بەئارەزووی خۆتان بێت، بەڵام دڵنیاشتان دەکەمەوە ئەو بارودۆخە هەروا بەکەیفی بەعس ودارودەستەکەی نابێت،وورەتان بەرز بێ وخۆراگربن"،ئەم بابەتەمان خستە ڕاوێژەوە بوین بە(٣)بیروبۆچونەوە، یەکەمیان دەیانووت بابگەڕێینەوە

سەرکردایەتی و دووەمیان دەیووت بابمێنینەوە کە زۆرینە بوو، سێیەمیان هیچ قسەیەکی نەکرد، لەپرێکدا پێشمەرگەیەکیان ووتی:ئەرێ بگەرێنەوە سەرسنور یان نەگەرێینەوە، کەی مشکیلەیە؟ ئێمەش گوتمان ئەی ئەوە مشکیلە نەبێت ئەی چی مشکیلەیە؟ خاڵە بەخە گووتی"سەروسمێڵی من مشکیلەیە کەتاشیوومە؟!مەسیری هەر هەموومان بەلایەك وسەروسمێڵی منیش بەلایەك ، بەم قسە خۆشەی خاڵە بەخە تێکرا دامانە قاقای پێکەنین.

## ئامۆزا گیان

لەسەر سنوری عێراق – ئێرانەوە تاوەکو شاخی پیرەمەگرون، هەرکاتێك دڵمان توند بوایە، کاك بێستون سابوراوی کە بەیەکەوە بوین لەو نێوەندە، بۆ ئەوەی لەکاتی ماندوو بوون و بێتاقەتیمان زیاتر بێتاقەت نەبین گۆرانی خۆشی بۆمان دەووت: یەکێك لەو گۆرانیانە (ئامۆزا گیان)بوو،بەراستی زۆر خۆشی دەوت، هەر بۆیە لێرەوە سوپاسی کاك بێستون دەکەم و یادی بەخێر.

## هەریەکەمان خەتی خۆی هەبوو





سەبارەت بە وەستارەسوڵ ئەوەندەی ئاگاداری ئیش وکارەکانی ئەوبم لەحاوی مەرزیخە بوین، خاڵەبەختیار ووتی" کاك ئاکۆ بۆ نامەیەك نەنێرین بۆ ئەو برادەرەی خۆمان هاوکاریمان بکات،منیش خۆم کەڕوگێل کرد، نامەکەیان نوسی وناردیان، کاتێك وەڵامی نامەکە هاتەوە، بانگی منیان کرد، ووتیان ئەوە وەڵامی نامەکەیە، وەستا رەسوڵ وەڵامی داوەتەوە دەڵێت"ئامادەم بەهەموو شێوەیەك هاوکارتان بم"، بەڵام ئەوکاتە ئەوها بوو هەریەکە لەئێمە(خەتی)خۆی هەبوو،ئەویتر ئاگاداری ئیشەکانی ئەویتر نەبوو، بەڵگەوڕاستیەکانی وەستارەسول بەراستی لەلای شەهیدئاکۆسوروشەهید خاڵەبەخەبوون.

## چەند بیرەوەریەکی جیاوازی فەخرەدین سمایل بەگی

## یەکەمیان:

## بەرپەرچدانەوەیەکی بێ وێنە

لەکاتی ئەنفالی سنوری کەرکوك وخاڵخاڵان وقەلاسێوکە،لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك لەسنورەکەدابووم، وایلێهات ژیان گوزەراندن زۆر ئاستەم بوو،بەناچاری لەگەڵ ئەو پێشمەرگانە چوینە سنوری ئێران–عێراق، لەوێ هێزێك دروستکرا بەفەرماندەیی کاك(شێخ دارای شێخ جەلال)،لەوێ لەگەڵ تیپی (٢٩ی کەڵکەسماق)هاتین

بەرەو بناری(قەندیل)، زیاتر لە٢مانگ لەبناری شاخی قەندیل وشاخی ساوێن وقرناقەوپشت ئاشان و بن شاخان ماینەوە، تیپی پارێزگاری و تیپی ٣١ی سلێمانی شاخی ساوێن-یان پێسپێردرابوو، ئێمەشیان دانا بۆ پشوودانی ئەو دوو تیپە، ئەوە بوو دوژمن بەهەزاران جەیش وجاشی خۆفرۆش و بەسەدان تۆپی دوورهاوێژوهاوەنی ٦٠بۆ٨٠ملمی وبەچەندین فرۆکەوچەند هەلیکۆپتەرێك هێرشێکی بەربلاۆیان کردە سەرمان کە بەدرێژایی شاخی قەندیل وساوێن ومەڵبەندی سێ کە هێزێکی زۆری پێشمەرگەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو تیپی ٨٧ی قەرەچوغ و بەشێکی تیپی ٢١ی کەرکوك لەوێ مابوون، لەهەمان ڕۆژدا ٣١-٨-١٩٨٨شەر دەستیپێکرد لەسعات ٧ی سەرلەبەیانیەوە تاوەکو ٨ی شەو بەدرێژایی شاخی قەندیل وساوێن وقرناقەوپشت ئاشان، شەرچ شەرێکی قورس و بێ وێنە، تەنیا پێشمەرگەکانی یەکێتی دەیانتوانی ئەو بەرگریە بکەن، بەدەیان تۆپ وراجیمە لەزەوی دەقینەوە وبەدەیانی تریش بەردەوام لەئاسمانەوە دەهاتنە سەر زەوی، لەیەك کاتیشدا هەزاران جەیش وجاشیش هێرشی دەکردە سەرمان،بەلاّم پێشمەرگەکانی یەکێتی لێیان هاتنە دەست سەرەرای بارینی ئاگروئاسن بەسەرمانەوە، هەر لە تیپەکەی ئێمەتیپی ٢٩ی کەڵکەسماق ٢پێشمەرگە شەهیدو٢بریندارمان هەبوو،بەم ناوانە شەهیدەکان(عەبدولرەحمان ساڵح قادروفەلاح محەمەد ئەحمەد





هەردوکیان خەڵکی گوندی سمایل بەگی بوون)بریندارەکانیش(بەندە وساڵح حەسەن رەسول ئێمەش خەڵکی سمایل بەگی بووین)،هەروەها شەهیدی فەرماندە (ئازاد هەورامی) لەهەمان ڕۆژ لە(کونە کۆتر) شەهید بوو،زیانی گیانی دوژمنیش زۆر بوو،ئەوەی بەچاو بینیمان لەبەرەی شەڕ ١٥جەنازەمان بینی،بەهۆی برینەکەمەوە گواسترامەوە سەرسنوربەلاّم پێشمەرگەکان تا ٨ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ شەریانکردو شاخی قەندیل تامانگی ئۆکتۆبەری ١٩٨٨بەدەست پێشمەرگەوە بوو،هەزاران سلاّو لەگیانی پاکی ئەم سێ شەهیدەو تێکرایی شەهیدانی کوردوکوردستان.

## دووەمیان:

## لەتۆڵەی مامەڕیشە

لەدوای شەهیدبوونی مامەڕیشەی فەرماندە، سەرکردایەتی داوای چالاّکی لەهەموو تیپەکان کرد لەتۆڵەی مامەڕیشە چالاکی ئەنجام بدەن، لەتیپی ٢٥ی خاڵخالاّن کەرتەکەی ئێمە خاڵەجەبار و دوو پێشمەرگەی نارد سەیارەیەك بێنن لەدوای ٣ڕۆژ نەخۆیان دیاربوون ونەسەیارەیان هێنا، من لەگەڵ حەمەسور دوشیوانی ئێوارە بوو داوامان لەکاك مەلاوەیسی کرد مەجاڵمان بدات بچین

سەیارەیەك بێنین كاك مەلا وەیسی ووتی باشە ئێوە لەخاڵە جەباروبرادەرەكانی ئازاترن ، منیش ووتم نالێم ئازاترین بەڵام شارەزاترین، ئەمە ساڵی ١٩٨٥بوو ئێمە لەگوندی (گۆپتەپە)بوین،بەسەیارە تاوەكو گوندی(گەڵناغاج) هاتین و لەوێوە بەپێ گەیشتینە حاوی (قەرەناو)لەسەرجادەكە لەناوقەمیشەكان خۆمان حەشارداومن لەرووی(تەقتەق)وە حەمەسور لەرووی(كەركوك)ەوە،ووتم ئەگەر لای منەوە هات من دەچمە پێشی و بەپێچەوانەوەشەوە بێت دەبێت تۆ بچیە پێشی بەم شێوەیە رێكەوتین، پاش كەمێك سەیارەیەكی پیكاب هات بەبەری حەمەسورەوە رەتبوو، ووتم ئەمە بۆ سەیارەی حكومی بوو بۆ نەچویتە پێشیەوە، ووتی وەلا نەمزانی، لەدوای ئەوە وە سەیارەیەكی لاندكرۆز هات وهەردوكمان چوینە پێشەوە وسەیارەكەمان گرت ومۆدێلی تازەو جیهازێكی لەمس لەناو دەشپولی سەیارەكە بوو،سەیارەی ئامری قاتعی جەیشی شەعبی بوو،دوو جەیشی شەعبی تێدابوو، بەعەرەبی پێیانم ووت:"انزل"ئەوانیش دابەزین وحەمەسوریش لەسەر یەك دەیگوت گەواد لیش ئینزل نابن، هەردوو جەیشی شەعبیەكەش وەخت بوو بتۆقن بەدەوری مندا دەسوران وهاواریان بۆم دەكردو ووتیان چی لێمان دەوێت،منیش بەحەمەسورم ووت"چیت لێیان دەوێت، چی بكەن؟ ووتی بۆ ئینزل نابن ووتم باشە ئەوە نیە دابەزیوون،





حەمەسور ووتی"من دەلێم سەركەون ئینجا پێیانم ووت"اسعد"سواربوون وچوینە گوندی (ئیلنجاغ)و لەوێوە بۆ(ئۆمەرمەندان)ولەوێوە بۆ گوندی(توركمان باغ) وچوینە ماڵی (عومەرعەبدوللا حەسەن)نانمان خواردو دەرچوین، كاتێك فیشەكێك بەسەرمان تەقی و حەمەسور دەستی بۆتفەنگەكەی بردو ووتی وەلا تفەنگەكەم لەخۆشی سەیارە لەبیرچووە، گەراینەوە بەپێكەنینەوە تفەنگەكەی حەمەسورمان هێنا،سەیارەكەمان تەسلیم بەكەرت كرد.

### سێیەمیان:

لەكاتی ئەنفال ئەوەبوو سنورەكانی كوردستان بەر شاڵاوی ئەنفال كەوتن، سنورەكەی ئێمەش بێبەش نەبوولەئەنفال، خاڵە بەخە لەبەرئەوەی لەرووی جەسەدیەوە هەندێك بێتاقەت بوو، ڕۆژێكیان(ماین)ێكی گرتەوە، بۆهەڵگرتنی نان وپێداویستی ژیانی ئەو پێشمەرگانە وتەقەمەنی، بۆماوەی ٢٠ڕۆژ زیاتر(ماینەكە)لای خاڵە بەخە دەبێت، ڕۆژێكیان لەسنوری چەمی رێزان بووین كابرایەك لێمان پەیدابوو ووتی" كاكە ئەم ماینە هی منە "خاڵە بەخە زۆر بەنەرمی هاتە وەڵام و ووتی"كاكە بۆ هی تۆیە، ئەمە ماوەی ٢٠رۆژە من خزمەتی ئەو ماینە دەكەم ودەیپارێزم، بۆ ئێمە

زۆر پێویستە"، کابرا هەر وازی نەهێناووتی" کاکە ئەمە ماینەکەی منە" بووە مشتومریان(کوێخا سیروان)یش لەبن بەردێکی گەورە پاڵی دابوۆوە وجگەرەی دەکێشا و گوێی لەمشتومرەکەی ئەوان گرتبوو،خاوەنی ماینەکە ووتی"کاکە ئەم ماینە حساب وکتابی هەیە" کوێخا سیروانیش ووتی"لەمروری کەرکوك ئەوەلیاتی هەیە" هەموومان دامان لەپێکەنین، کوێخا جارناجارێك مژی لەجگەرەکەی دەداوخۆی پێناکەنی، ناچار خاڵە بەخە ئەوەندە پیاوێکی بێگەردودلسۆزوپاك بوو ماینەکەی دایەوە خاوەنی و ئێمەش بەنەمانی ئەوماینە توشی زەحمەتی و ئەزیەتێکی زۆر هاتین، ئەو ماینە ئەوکات زۆر باشتربوو لە وەنەوشەی ئێستا و هەر ئاخمان بۆماینەکە هەڵدەکێشا.

## چوارەم:

### یارم هات وخەمناك وشادمانم

### ڕەحمەت عەزابی هێنا

بەرلەوەی ببم بەپێشمەرگە، دڵم بەکچێکەوە بوو، بەدڵ خۆشم دەویست، بەهۆی پێشمەرگایەتیەوە، بۆماوەیەکی زۆر دابڕاین، کە بەپارتیزانی هاتینە خوارەوە، ڕۆژێك لەگەڵ خاڵە بەخە لەنزیك شارۆچکەی تەقتەق (ئیختیفا)بووین، لەناو باخێك هەر لەو





ڕۆژە(مەوعید)مان هەبوو، لەگەڵ دایکم، کەچاوی پێمان بکەوێت، لەدەشتی (کەپەنك) کە خەڵکی سنورەکە پێی دەلێن(حاوی))، دوای سعات ٩ی بەیانی دایکم هات، لەدوای دایکم وا ڕێکەوت، ئۆتۆمبیلێك هات بۆ ئەو شوێنەی کە ئێمە تێیدا خۆمان حەشاردابوو، لەناوباخەکەوە بەدووربین سەیرم کرد ژنێك وپیاوێکە، تادێن لێمان نزیك دەبنەوە واهەستم کرد، ئەو برادەرەی منە، بەڵام زۆر دڵنیانەبووم، بەدووری ١٠مەتر لەنزیك ئێمە دابەزین، کەسەیرم کرد ئەو(کچەیە) سەرم سوڕماو لەخۆشیا هەناسەم سواربوو، ڕەنگم تێکچوو، خاڵەبەخە ووتی"فەخرەدین ئەوە بۆ ڕەنگت تێکچوو"، ووتم" چیت لێبشارمەوە ئەوە خۆشەویستەکەمە"، ئەو کچە چووە لای دایکم وووتی"چی دەکەیت لێرە؟" دایکیشم ووتی" هاتووم لەبەر نەبوونی گوڵەگەنم کۆدەکەمەوە"، بەڵام کچەکە گومانی دروستکرد، ووتم خاڵە بەخە بە ئاماژە بانگی دەکەم وقسەی لەگەڵ دەکەم، بەڵام خاڵە بەخە ڕازی نەبوو، ووتم ئەگەر هەردوکمان بکوژرێین دەبێت چاوم پێی بکەوێت، بەڵام خاڵە بەخە هەر ڕێگربوو لەوەی بیبینم، کچە گومانی لادروست بوو، بەناو باخەکەدا دەگەرا، خاڵە بەخە منی کردە تورەکەوە بەزۆر، بەهەرحاڵ کات ڕۆیی گەیشتە ٣,٤٠سێ وچڵ دەقیقەی پاشنیوەڕۆ، ئەوان ویستیان بگەرێنەوە، بانگیان کرد ئەویش گەرایەوە بۆ لای پیاوەکەی تا بگەرێنەوە، کەچی هات

بەسەر من وخاڵەبەخە، کەچاوی پێم کەوت لەخۆشیا هەردوکمان ڕەنگمان تێکچوو وشلەژاین، ووتی"لەبەیانیەوە لێرەیت خۆت لەمن شاردۆتەوە" تەوقەیەکمان کرد و دووبارە بانگیان کردەوە و بەچاوی فرمێسکاوییەوە ڕۆیشت، چوومە ناو دونیایەکی قولی خەمەوە، دوای خۆرئاوا گەراینەوە بۆلای برادەران، ئاگام لەدونیا نەما، بەس لاشەکەم دەڕۆیشت، لەخاڵە بەخە توڕەبووم ووتم"خەتای تۆبوو نەتهێشت لەبەیانیەوە بیبینم".

بەهەرحاڵ گەیشتینەوە لای برادەران، ماوەیەك دانیشتین بەلاّم من زۆر بێتاقەت بووم، چووم لەو لاوە درێژبووم، شەهید ئاکۆسور بەخاڵەبەخە دەڵێت"خێرە فەخرەدین وابێ خولّقە" ئەویش دەڵێت نازانم! شەهید ئاکۆسور هاتە لام و ووتی"فەخرەدین بۆ وا بێتاقەتیت" ووتم"ئەمڕۆ دایکم پێی ووتم زانیوتە باوکت مردووە، ووتم نەمزانیووە، باوکم کۆچی دوایی کردووە" ئاکۆ ووتی" نەخێر ئەم وەزعەی تۆ پەیوەندی بەمردنی باوکتەوە نی یە، ڕاستم پێ بڵێ تۆ پیاوێکی بەهیممەت و ئازایت، ووتم تەنها کۆچی باوکم نارەحەتی کردم، بەلاّم ئاکۆ بڕوای نەهات و خاڵەبەخەی بردبووە لاوە پێی ووتبوو دەبێت پێم بڵێیت فەخرەدین بۆ وای بەسەرهاتووە، ئەویش بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێرێتەوە، ئینجا کاك ئاکۆ بەپێکەنینەوە هاتەوە لام ووتی"فەخە دەك داوەشێیت دەك بمریت توخودا عەیب نی یە، بۆ ئەو شتە وا دەکەیت" منیش





ووتم"شتی چی؟"ووتی" بۆ ئەو کچە وادەکەیت، وامزانی گوللە کارت لێ ناکات، داوەشێیت"منیش گوێم بەقسەکانی نەدا وهەر سەغڵەت بووم، ناچار هەندێك ختۆکەوختیلکەی کردمەوە، بەلاّم هیچ سوودی نەبوو، تاوەکو یەك دوو ڕۆژ نەهاتمەوە سەرخۆم، سەرەتیەکی زۆر خۆش، کۆتاییەکی زۆر ناخۆش، ناخۆشترین ڕۆژوکات بوو بۆمن و ئێستاش کەباسی دەکەم کزە لەجەرگمەوە دێت، وەك شاعیر دەلێت:

یارم لەهەندەروون هات دەستی ڕەقیب لەدەستا
خەمناك وشادنم ڕەحمەت عەزابی هێنا

## پێنجەم

## گفتوگۆی شەهیدئاوات وشەهیدئاکۆ

کاتێك بەرنامەی ڕاپەڕین لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە نەخشەی بۆکێشرابوو،لەهەموو شاروشارۆچکەکانی کوردستان هێزی چەکداری بۆ دروستکرابوو وچاوەڕوانی ئاگادارکردنەوە بوون، ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان وەك پیشەی هەمیشەیی خۆی دەستیکردووە بەڕاگەیاندن وگۆرانی وسرودوهەرایەکی ناوەتەوە دونیای شلەژاندووە،گۆرانی خۆش خۆشی لێدەدا، لەوکاتە گۆرانی هۆکاکی پێشمەرگەی

لێدەدابەدەنگی هونەرمەندی پێشمەرگە وخۆشەویست محەمەدجەزای خوالێخۆشبوو،لەوکاتە جیهازمان کراوەبوو، شەهید ئاکۆ ووتی فەخرەدین بەجیهازپەیوەندی بکە بەدەنگی گەڵی کوردستانەوە بڵێ گۆرانی گوڵی سەربەستی بەدەنگی مامۆستا تایەرتۆفیق بۆمان لێبدەن،منیش پەیوەندیم پێوەکردوداوام کرد ئەو گۆرانیەمان بۆلێبدەن، ئەوانیش ووتیان بەچاوان هەرئێستا،دواتر دەنگی خاڵەتایەر لەناوشاخی پیرەمەگرون دەنگی دەدایەوەو زۆردڵمان خۆشبوو، لەوکاتە شەهیدئاواتەڕەش ووتی"دڵتان زۆر خۆش نەبێت شەهیدئاکۆ ووتی هاشێتە بۆ؟ ڕاپەرین دروست دەبێت کوردستان بەکەرکوکەوە رزگار دەکرێت،بەڵام کورد ناتوانێت پارێزگاری لەکەرکوک بکات.

شەهید ئاوات ووتی"ئاکۆ ئەگەر کورد رزگاری بێت بۆ پێتوایە تۆ دەبی بەچی؟دەبیت بەموحافیز یان بەوەزیر"ئاکۆ ووتی"گرنگ نی یە کێ دەبێت بە وەزیر یان هەرشتێکی تر گرنگ ئەوەیە گەلەکەمان رزگاری دەبێت"ئاواتەڕەش ووتی"وەللا دەبێت تۆ کرێکاری بکەیت؟!،ئەوەی کەمێك عاقل بێت خۆی لەمستەشارەکان نزیك بکاتەوە لەوانەیە شتێکی بەرکەوێت ئەگەر نا لەبان پێڵاو جێگەمان نابێتەوە".ئەوەبوو کەرکوك رزگاری بوو، دوایی حکومەت هێرشی کردەوە کەرکوك وهەولێروسلێمانی گرتەوە، چوینەوە نزیك سنورو لەڕانیە دووبارە تەشکیلات کرایەوە، بەڵام





ئاکۆسوریان زویر کرد،جێگەیان بۆدیاری نەکردبوو، چۆوە ماڵەوە ئەوسا ماڵیان لەناو خوێندنگەی خەلیفان بوو، دواتر بینیمان ئاکۆ بەجلیکان بەنزینی دەفرۆشت.

ڕۆژێك ئاوات ووتی بابچین بۆ خەلیفان بۆلای ئاکۆ وسەردانی بکەین، لەڕانیەوە لەگەڵ ئاوات بەڕێکەوتین بۆ خەلیفان سەیارەیەکی تویوتا مۆدیل ١٩٨٠مان پێبوو،کە گەیشتینە خەلیفان سەیرمان کرد ئاکۆ وا بەجلیکان بەنزین دەفرۆشێت، چاك وچۆنیمان کرد، ئاوات ووتی"ها ئاکۆ من بێ عەقلم یان تۆ"دیسان ئاکۆ وەڵامی دایەوە ووتی"گرنگ نیە من چیم وچی دەکەم گرنگ ئەوەیە گەلەکەم تاحەدێك رزگاری بووە"ئینجا بەیەکەوە چوینەوە ماڵی ئاکۆ ونیوەڕۆ لەخوێندنگەکەی خەلیفان بەیەکەوە وەك جاری جاران بەیەکەوە نانمان خوارد.

## ستایشی مام ڕۆستەم

لەکاتی هاتنە خوارەوەمان بۆسنوری کەرکوك هەندێك لێرەو لەوێ ، لەناویاندا لێپرسراو هەبوو، پێی وابوو سەرکەوتوو نابین، لێرەوە بەباشی دەزانم باسی هەڵوێستی جوامێرانە وکوردانەی برای بەرێزمان مام ڕۆستەم بکەم، کە یەکێك بوو لەوانەی هەڵوێستی زۆرجوان وباشی هەبووە، بەرامبەر بەو مەفرەزەی

پارتیزانەی ئێمە دەیگووت"بەڕاستی ئێوە سەڵماندتان، کە پێشمەرگەی ڕاست وبەوەفای کورد و وارسی شەهیدانان، ئەمەش لەڕووی دەروونیەوە زۆر وورەی پێدەبەخشین، وورەمان زیاتر بەرزدەبۆوە بەو ووتانەوستایشەی مام ڕۆستەم، بۆیە بەپێویستی دەزانم لێرەوە سوپاسی هەڵوێستی کوردانەی ئەو بەرێزە بکەم.

# بەشی چوارەم

## بیرەوەری

## نەقیب ناسح بیبانی





نەقیب بیبانی بیرەوەرییەکانی خۆی بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە، کەیەکێك لەپێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕستی کەرکوك بووە، وەك خۆی بڵاوی دەکەمەوە و کەمترین دەستکاری زمانەوانی کراوەوناونیشان بۆ هەندێ لەبیرەوەریەکان دروستکراوە و هەندێك لە گێڕانەوەکانی لەبەر ئەوەی لەگەڵ برادەرەکانی دووبارەیە بۆیە خۆمان لێی بەدوور گرتووە تاوەکو دووبارە کردنەوەی بابەت و بیرەوەرییەکان بێ مانایی دروست نەکەن و وە تێکرای بیرەوەریەکانیتری بەئەمانەتەوە بۆ مێژوو تۆماری دەکەین.

## لەمانگی(١) وە تا مانگی( ١٢)ەی١٩٨٨

## پارتیزانی هەربەردەوام بوو لەسنوری کەرکوک

پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ی کەرکوک وتیپی ٢٥ی خاڵخاڵان لەسنورەکانی ساڵەیی وشوان وشوان خاسەوشێخ بزێنی خواروو وشێخ بزێنی سەروو و خاڵخاڵان وقەلاّسێوکەو گۆپتەپەو عەسکەر و کەنار زێی بچووک ، بەرگەی شالاّوی ئەنفال وتۆپباران وکیمیاباران وبرسێتی وڕاوەدونان وهەموو جۆرە پلانێکی دوژمنیان گرت هەر لەسەرەتای کانونی دووەمی ١٩٨٨وە تاوەکو کۆتایی ساڵی ١٩٨٨، بەلاّم بەردەوام لەشەوڕۆیی ولەخۆشاردنەوەبوون لەماوەی ڕۆژ هەتا لەخۆریش، دووچاری تەمشیت وشەڕی نەخوازراو و بەسەرسەپێنراو دەبوین ،لەبەرامبەر هەموو ئەمانەشدا هێزی پێشمەرگە زۆر قارەمانانە بەرگری دەکرد، تا لەکۆتایی مانگی ٨ی ١٩٨٨سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دیارە بیری لەوە کردبۆوە، کە دەبێ هێزی پێشمەرگە ڕەوانەی ناوچەکانی کەرکوک وگەرمیان وئەو ناوچانەی کەئەنفال بەسەریاندا تێپەڕیووە و چۆڵکراوە لەجەماوەر، بۆ ئەوەی تەحەدای دوژمن بکەن ، ئەوەبوو بۆ زۆربەی سنورەکان پێشمەرگە ڕەوان





کران، سنوری کەرکوکیش هێزی بۆ ناردرایەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- مەفرەزەیەك بەسەرپەرشتی وەستا سابیر بۆسنوری ساڵەیی و شێخ بزێنی.

٢-مەفرەزەیەك بەسەرپەرشتی شەهید سەباح بۆ شوان .

٣-مەفرەزەیەك بەسەرپەرشتی عەلی چیمەنی بۆسنوری شوانی سەر خاسە.

٤-شەهید حاجی هەڵمەت جێگری تیپ و سیروانی کوێخا نەجم سەرتیپ و سەرپەرشتیاری هەرسێ مەفرەزەکە ومام ڕۆستەمیش سەرپەرشتیاری گشتی بوو.

ئەمە لەسەرەتای مانگی ٧ی ١٩٨٨ئەو پێکهاتە نوێیە کاری پێکراو لەسەرشاخی (کەژوەست)تا کۆتایی مانگی ٨ی ١٩٨٨بەرامبەر دوژمن وەستاین،

لە٢٨-٨-١٩٨٨ دوژمن بەسەختی تۆپبارانی کردین، سەرکردایەتی بریاری پاشەکشەی هێزەی پێشمەرگەی دا بۆسنوری ئێران، لەتاریکی شەو بەرێکەوتین بەرەو گوندی(گولاّن) و لەوێشەوەی لەجادەی پلینگانەوە پەڕینەوە.تا دواتر بەشێك لەپێشمەرگەکان بەهۆی لێبوردنەوە کە لە٤-٩-١٩٨٨دەرچوو تەسلیم بوونەوە، و نەخۆشی مەلاریاوبرسێتی و نەهامەتیش زۆری

هێنا، بۆیە لە(٢٠٠)پێشمەرگەوە،ماینەوە(٣٦) پێشمەرگە،دووبارە مەفرەزەکان ڕێکخرانەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١- مام ڕۆستەم بەرەو لای کاك ئازادی سەگرمە و ئەو برادەرانەی گەرمیان ڕۆیشت.

٢-سیروان کوێخا نەجم سەرپەرشتیاربوو.

٣-شەهید ئاکۆ سەرپەرشتی مەفرەزەی سالەیی-شێخ بزێنی بوو.

٤-محەمەد سەقر سەرپەرشتی مەفرەزەی سنوری شوان سەرخاسە بوو.لەگەڵ مەفرەزەیەکی تیپی ٢٥ی خاڵخالأن، بەم شێوەیە ماینەوە تاوەکو مانگی ١٢ی ١٩٨٨، ئەوەی زیاتر هۆکاری گەرانەوەمان بوو بۆ سنوری ئێران، لەڕۆژی ١٤-١١-١٩٨٨مەفرەزەیەك لەمەفرەزەکانمان توشی شەڕ هاتن لەهەڵەتی(ماسقەلأن)، کە (٣)پێشمەرگەی پارتیزان وقارەمانمان شەهیدبوون بەم ناوانە: (ئیبراهیم ئەحمەد خدر ناسراو بە سەرکەوت، ڕێکخەری تیپ بوو، شەهید خەیروللاّ ناسراو بە جوتیار، نیزام خەڵکی گوندی (قادر عەلی)بوو).





## پێکهاتەی مەفرەزە پارتیزانەکانی

## مانگی ٧ تا ١٢ی ١٩٨٨ی سنوری کەرکوك

## مەفرەزەکەی سیروانی کوێخا نەجم پێکهاتبوو لە:

١- سیروان کوێخا نەجم، فەرماندەی تیپ

٢-مستەفا چالأوەیی، ئیدارەی تیپ

٣-وریا ئاغجەلەری، پێشمەرگە

٤-جەمال حسێن میرزا، پێشمەرگە

٥-شەهید خەیروللاّ (جوتیار)، پێشمەرگە

٦-خەلیل عەبدوللاّ عومەر،(خەلیل تۆماری)، پێشمەرگە

٧-سەربەستە درێژ، پێشمەرگە

٨- خەلیل بێدەری، لەتیپی ٢٣ی سورداش تەنیا خۆی مابوو.

٩-شەهید نیزامی گوندی قادرعەلی، پێشمەرگە

## مەفرەزەکەی سنوری شوانی سەرخاسە:

١-محەمەد سەقر، فەرماندەی مەفرەزە

٢- شەهید ئیبراهیم ئەحمەد خدر ناسراو بەسەرکەوت، ڕێکخەری تیپ

٣-شەهید قارەمان چیمەنی ناسراو بە مامەقاڵە، پێشمەرگە

٤-شەهید رزگار چیمەنی، پێشمەرگە

٥-شەهید ئارام چیمەنی، پێشمەرگە

٦- مودیر چیمەنی، پێشمەرگە

٧-شەهید ئەیوب عومەر عەبدوڵلاّ، ناسراو بە وریا قەفاری، پێشمەرگە

٨-رەمەزان محەمەد ساڵح، ناسراو بەپۆڵا هەیبەیی، پێشمەرگە

٩-شەهید زولفەقار عەلی خورشید، ناسراو بەپشکۆ، پێشمەرگە

١٠-خەلیل عەبدول مام ڕەشی، پێشمەرگە

١١-شەهید ئیبراهیم فازل حەمە رەحیم، ناسراو بەئیباو،پێشمەرگە.

## مەفرەزەکەی تیپی ٢٥ی خاڵخالاّن:

١-سیروان رەشید گۆکجەیی، فەرماندەی مەفرەزە

٢-ستار عەبدوڵلاّ ئەحمەد،ناسراو بەهیواڕەش، پێشمەرگە.

٣-شەماڵ خڕە،پێشمەرگە.

٤-عادل شەریف، مامۆستا عادل، پێشمەرگە.

## مەفرەزەکەی ساڵەیی و شێخ بزێنی لەمانە پێکهاتبوو:

١- شەهید رەمەزان ئەحمەد حمەعەلی،ناسراو بەئاکۆسوور، فەرماندەی مەفرەزە.





٢-موحسین عومەر سدیق، ناسراو بە ڕەنجە، رابەسیاسی تیپ.

٣-حەسەن عەبدوڵرەحمان، حەسەن شورتە، پێشمەرگە.

٤-تالب فاروق حەمە عەلی،پێشمەرگە.

٥-نورەدین، ناسراو بە نەهرۆ رەش، پێشمەرگە.

٦-رەحمان عومەر محەمەد، ناسراو بەرەحمان کۆنفۆ،پێشمەرگە.

٧-شەهید کاکەمەند محەمەد ساڵح، ناسراو بەخاڵە بەخە، پێشمەرگە.

٨-شەهید یونس ئەحمەد حەمە عەلی، ناسراو بە کاکە، پێشمەرگە.

٩- نەقیب ناسح ئەحمەد،پێشمەرگە

١٠-کاروان کادر،کادیر.

١١-عەلی محەمەد ناسراو بە عەلی حەیران، پێشمەرگە.

## لەمانگی ١٢ی ١٩٨٨وە

## چۆن گەیشتینە سەرسنوری ئێران

تا دوای شەری ماسقەلان لەسنوری کەرکوك بەپارتیزانی ماینەوە، بەلاّم لەدوای ئەو شەڕە چووین بۆ چیای پیرەمەگرون، تاوەکو لەرێگەی شەهید غەریب هەڵدنی یەوە بگەرێینەوە

بۆسەرسنور، شەهید غەریب لەچیای (ژیلوان)ەوە دوو پێشمەرگەی شارەزای لەگەڵ ناردین تاوەکو سەرسنور، ئەوانیش (کاك سالار ومامۆستا جەلال تەلانی) بوون، بەرێگەیەکی سەخت تێپەرین لەچیای ژیلوانەوە، تەنها خواردنی دوو ڕۆژمان پێبوو، چونکە ڕێگاکە بەدوو ڕۆژ دەبڕدراو دەگەیشتینە سنور،و سەر چەمی رووباری هەرزنەوە، هەر کە چەمەکە ببڕیت بەچەند سعاتێك دەگەیشتیە گوندی بێتوشی کوردستانی خۆرهەڵات، ئەو گوندەش تیپی ٦٣ی جوتیارانی لێبوو، ئەوساکەش کارئاسانیمان بۆ دەبوو، بەڵام لەیەکەم ڕۆژی ڕێگەکەماندا بەفروباران دایکرد، یەکەم شەو لە ئەشکەوتێك ماینەوە لەدۆلی(گەڵاڵە)، کە بەڕۆژەکەی بەردەوام بەرێگەوە بووین و بارانێکی زۆری لێدابوین، شوێنی ووشکمان ناو دەممان بوو، ئەو شەوە بۆ چارەگە سعاتێکیش نەمانتوانی بخەوین، ئەوەندەمان بۆ کرا جلەکانمان ووشك بکەینەوە، تا بەیانی ئاگرێکمان لەئەشکەوتەکە کردەوە، کە دونیا تاریك وڕوون بوو کەوتینەوە ڕێ بەرەو چیای(ئاسۆس) تەواو سپی پۆش بوو بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆرەوە، هەرچۆنێك بێت لەچیایەکە سەرکەوتین، هەندێ برادەر زۆر بەزەحمەت توانیان سەربکەون، چونکە زۆربەمان نەخۆش کەوتبوین وتوانای جەستەییمان زۆر لاواز بوبوو، بەڵام کەشۆر بوینەوە بەدیوی ئەودیوی چیای ئاسۆس بەفرەکە زۆر کەم بوو لە هەندێ شوێن هەرنەمابوو، ئەو ڕۆژە بەردەوام بەرێوەبووین





تاوەکو ئێوارە، ئەو ناوچەیەش شەڕگەی نێوان عێراق وئێران بوو، هەرچەندە شەڕ وەستابوو، بەڵام هێشتا جمەی دەهات لەسەربازی هەردوو لا، هەر لەو شەوەدا کەوتینە کێڵگەی مین–ەوە ، مامۆستا جەلال تەلانی کە یەکێ لەشارەزاکانی ڕێگەکە بوو بریندار بوو، هەرچۆنێك بوو بەهاوکاری کاك(کوردۆ ڕەحمان) کە شارەزابوو لەهەڵگرتنەوەی مین، توانی ڕێگایەك بکاتەوە تاوەکو لەو مینانە رزگارمان ببێ، سەیر لەوەدابوو هێستریك وجاش هێستریکمان لابوو، جاش هێسترەکە بەئارەزووی خۆی بەناو لوغمەکان کەوتبوو، بەڵام یەك لوغمیش پێیدا نەدەتەقی، هەرچۆنێك بێت ئەو شەوە گەیشتینە سەر ئاوی هەرزنە، کە ئاوێکی زۆر بەخوڕی پێدادەهات، کە کەسمان نەماندەتوانی بەئاسانی پێیدا بپەرینەوە، ئەو شەوە ماینەوە لەسەر ئاوەکە، کە هەندێ بەردی گەورەی لێبوو، لەژێر ئەو بەردانەدا بووین تاوەکو بەیانی، بەیانیش نەمانتوانی رووبارەکە ببڕین لەگەڵ ئەوەشدا باران ورەحمەتی خودا هەر دەباری، ئاوەکەش هەر لەزیادبوون بوو، ئەو ڕۆژە چەند هەولێکماندا بۆ ئەوەی هەواڵ بەسەرکردایەتی بدەین لەرێگەی تیپی ٦٣ی جوتیارانەوە، بەڵام بێ سوودوبێ ئاکام بوو، جارێکیان کاك (کاروان دووبزی) ناسراو بەکاروان کادیر، کە هەڵکەوتەی دووبز وایە لەسەر زێی بچوکە وزۆربەی خەڵکەکەی مەلەوانی دەزانن، وە نەشمانزانی کاك کاروان نەخۆشی گورچیلەی هەیە،

هەوڵی دا لەئاوەکە بپەڕێتەوە، تا هەواڵ بگەیەنێتە تیپی ٦٣ی جوتیاران، بەلاّم هەر کە گەیشتە ناو ئاوەکە لەبەرساردی ئاوەکە کلیەی لەژانی دا و نەیتوانی ئاوەکە ببڕێت، و ئەم هەولەشمان سەرکەوتوو نەبوو، ڕۆژی دوایی کاك سالار ویستی بە سواری هێسترەکە بپەڕێتەوە ئەویش نەیتوانی و ئەو هەولەشمان وەك ئەوانیتر سەرکەوتوو نەبوو، بۆ شەوی سێیەم مەفرەزەیەکی تیپی ٦٣ی جوتیاران هاتن داوایان لێکردین کە لەو شوێنەوە ناتوانن بپەرنەوە هەوڵبدەن لەشوێنێکی تر بپەڕنەوە،کاك سیروان لێیان توڕەبوو ووتی ئێمە سێ ڕۆژە نانمان نەخواردووە ناتوانین ڕێبکەین ئێوە ئەوەندەمان بۆبکەن، کاك نەوشیروانمان بۆ ئاگاداربکەنەوە، چونکە بەڕاستی نەمان ئەتوانی نە بەرەو پێش بڕۆین ونەبەرەو دواوە بگەڕێینەوە، وە لەڕۆژی چوارەم کەتا ئەو ڕۆژە هیچ خواردنێکمان نەخواردبوو، کاك سیروان داوای لەشەهید ئاکۆسور کرد کە بگەڕێتەوە بۆ ژیلوان وتاوەکو شەهید غەریب هەڵەدنی ئاگاداربکاتەوە ئەویش سەرکردایەتی ئاگاداربکاتەوە لەڕێگەی جیهازەوە ، شەهید ئاکۆ بەبێ دوو دڵی ئەو ڕێگا پڕمەترسیەی قبوڵکردو داوای لە کاك حەسەن شورتە وخەلیل بێدەری وشەهید یونسی برای کرد کە لەگەڵی بگەڕێنەوە، ئەوانیش لەگەڵی گەرانەوە.





ئێمەش لەژێر رەحمەتی باران دا هیچ پەناگەیەك نەبوو خۆمانی لێ بشارینەوە و بەسکی برسی و لەپێشەوەشمان ئاوێکی بەخوڕوسامناکە وپشتیشمان دوژمنێکی دڕندەیە، تا ئێوارەی ڕۆژی چوارەمیش بەو شێوەیە ماینەوە، خەریکبوو هیوابڕاو دەبووین، بەیانی ڕۆژی پێنجەم تەگبیری ئەوەمانکرد، ئەگەر تا ئێوارە هیچ هەواڵێك نەبێ وکەس بەهانامانەوە نەیەت، ئەوا جاش ئێسترەکە سەرببڕین وگۆشتەکەی بخۆین بۆ ئەوەی هەندێك ووزە بگەڕێنینەوە، سەیر لەوەبوو جاش ئێسترەکە بەکەیفی خۆی ئەم بەرو ئەوبەری دەکرد، لەو کاتەدا لەوبەری ئاوەکە بوو، هەموومان بانگمان دەکرد،تاوەکو بێتەوە ئەم بەری ئاوەکەی لای خۆمان، بەلام ناهاتەوە وەك ئەوەی خودا لەدڵی نابێ کە سەرت دەبڕن، بەلاّم لەگەڵ تاریك وڕوونی ئێوارە کۆمەڵێك پێشمەرگە لەوبەری ئاوەکەوە بەدەرکەوتن، چاومان پیانکەوت گەشاینەوە، بانگیان کردین و ووتیان هاتوین بتانپەڕێنینەوە، بە(سیم وبەکرە)، بەلاّم گرفت ئەوە بوو چۆن ئەو سیمە بگەیەنن بە ئێمە، جاش هێسترەکە هەر لەوبەربوو، ووتمان لەملی ئێسترەکەی ببەستن، سیمەکەیان خستە ملی ئێسترەکەو ئەویش پەڕاندیەوە لامان، سەیر لەوەدابوو ٣٣پێشمەرگەبوین نەمانتوانی سیمەکە لەدارێك بخەین چونکە ئەو پێنج ڕۆژە هێزمان لەبەربرابوو، ناچار یەکێك لەپێشمەرگەکانی ئەوبەر بەمەلەوانی پەڕییەوە ولەگەڵمان سیمەکەی بەستا، یەکەم

کەس کەپەڕیەوە مام(عەلی حەیران)بوو،کە خۆی کابرایەکی بچکۆلە ولاوازبوو وە توشی نەخۆشیش هاتبوو لاوازتری کردبوو، کە کێشی هەرنەمابوو، برادەرانی تیپی ٦٣ی جوتیاران چاویان پێکەوت ووتیان"ئەگەر هەمووتان ئاوا بن خۆ نەماون".

یەك یەك بەسیموبەکرەکە پەڕینەوە تاوەکو دواین کەس، کات گەیشتە بەری بەیان و لەوبەرئاوەکەوە بەرێکەوتین وبۆ ڕۆژی دوایی گەیشتینە لای برادەرانی مەڵبەندی دوو لەگەڵ هەموو تیپەکانی لەگوندی(بلەکێ و بان وان)دا بوون.

## بیرەوەریەکی تاڵ

## لەماوەی پارتیزانی یەکەم لەمانگی ١٠ی ١٩٨٨

دیارە لەماوەی ئەو چەند مانگەی کە لەناوچەکانی شێخ بزێنی وساڵەیی وشوان بووین، کۆمەڵێك یادگاری وبەسەرهاتمان بەسەرداهات، کە بیرەوەری تاڵ وشیرینی تێدایە، بۆنمونە ڕۆژێکیان لەمانگی ١٠ی ١٩٨٨لەشێخ بزێنی خواروو لەحاوی گوندی(پەڵکانە)بووین، هەردوو مەفرەزەکەی کاك سیروان ومەفرەزەکەی ساڵەیی کە شەهیدئاکۆسورفەرماندەی بوو، ئەوڕۆژە ڕۆژێکی زۆر گەرم و خۆش بوو، لەچەمەکەی پەڵکانە بووین، کاك سیروان ووتی باجیهاز بکەین بۆ سەرکردایەتی،





هەرکەجیهازەکەمان کردەوە، پەیوەندیەکە هێشتا بەتەواوی تەواو نەبووبوو، جەیش وجاشێکی زۆر لەهەردوو بەری زێی بچوکەوە هاتن واتە لەتەقتەق-ەوە بەرەو سێگردکان و لەبەری ئێمەشەوە، لەتەقتەق-ەوە بەرەو گوندەکانی مەرزیخە و عەمدۆن ودەرماناو وپەڵکانە، وە بەپێچەوانەشەوە لەئاڵتون کۆپری-یەوە بەهەمان شێوە بەرەو ئەوشوێنە هاتن، هەر ئەوەندەمان پێکرا جیهازەکە بشارینەوە، خۆشمان بەرەو لای گوندی (کاولەسوار)چووین، بەرحالێك خۆمان گەیاندە ئاودڕێکی نزیك گوندەکە، کە لەرێگەی نێوان(کاولەسوار)و(شەوگێر)پەڕینەوە، هەر نزیکەی ٥٠ مەترێك ئۆتۆمبیلە سەربازیەکان بەلاماندا تێپەڕین، نازانم چۆن چاویان بەئێمە نەکەوت؟!لەئاودڕەکە خۆمان شاردەوە، کاتێك کۆپتەرەکان گەیشتنە سەرسەرمان وتێپەڕین، هێندە نزم ئەفڕین، ئەگەر ناسیاویت لەگەڵ فڕۆکەوانەکان هەبوایە زۆر بەئاسانی دەتناسینەوە، بەڵام واخۆمان حەشاردابوو ئێمەیان نەبینی،تا تاریك داهات لەو شوێنە بووین، کەتاریکیش داهات هێزەکانی دوژمن هەر لەو ناوە مابونەوە، ئێمەش بەپەنایاندا خۆمان گەیاندە ئەو شوێنەی بەیانی لێی بووین، تەماشامان کرد، هەندێ شت وکەڵ وپەل ودەرزی و دەرمان-مان لابوو،هەموویان تێك دابوو، ئەو شەوە خۆمان گەیاندە هەڵەتی پشتی گوندی(حەسەن قەپاخ) لەو شوێنە هەندێ ئازوقەمان شاردبوۆوە، هەندێ ئاردو ڕۆنمان

دەرهێناو دەستمانکرد بەدروستکردنی نانی ساجی بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆمانی بەرین، نزیکەی ٢٠پێشمەرگە بووین تا بەرەبەیان کارەکانی خۆمان تەواو کرد، پێش ئەوەی خۆر هەڵبێ هەریەکەوهەندێ نان ساجیمان هەڵگرت وکەوتینە ڕێ و لەئاودڕی نێوان گوندی(عەلی بەیان)و(قولی بەگ)خۆمان حەشاردا، تا ئێوارە دانەهات نەمانتوانی لەو کۆندڕە دەربێین، چونکە دوژمن چەند سەدمەترێك لێمان دوور بوو لەسەر کەلەوە بەسەرسەرمانەوە بوون، ئێوارە کەوتینەڕێ و چوینە گوندی(عەلی بەیان) لەوێ هەندێ ئاومان هەڵگرت چونکە ئاومان لانەمابوو، هەریەکەونان ساجیەکمان بەئاوەکە خواردەوە، چووینە خرێکەوە کە لەنێوان گوندی(بیراڵك)و(بیرەسپانە) ئەو ڕۆژە هەریەکەمان لەبن پنچکە کفرێك خۆمان حەشاردا وەك کەروێشك، چونکە ئەو ناوچەیە زۆر تەختە و وە زۆریش نزیکە دوژمنە، ئەگەر ئاشکرابووینایە بەدڵنیاییەوە هەموومان لەناو دەچووین، دوژمنیش قەت بڕوای وانەبوو کە پێشمەرگە لەوشوێنانە بمێننەوە، بۆماوەی هەفتەیەك لەو ناوچەیە بەو شێوەیە ماینەوە، بەڕۆژەوە لەژێر بنەکفر خۆمان دەشاردەوە و ئێوارانیش پێش دونیاتاریك بوون و سەرەتای خۆرئاوابوون ئاگرمان دەکردەوە، تاوەکو چایەك لێبنێین، لەبەر ئەوە ئەو کاتەمان هەڵبژاردبوو چونکە نەئاگر دیارەو نە دوکەڵیش دیارە، ئەو چەند ڕۆژەمان بەو شێوەیە بەسەر برد تاوەکو ئەو





هێزەی دوژمن ناوچەکەی چۆڵکرد، ئینجا گەراینەوە شێخ بزێنی، ئەمە یەکێ لەبیرەوەریە تاڵ وناخۆشەکانە هەمیشە لەیادم ناچێ.

## بیرەوەریەکی شیرین،
## دوای گرتنی کوەیت ترسمان لەرژێم نەما

دوای ئەوەی شەڕی عێراق-کوەیت دروستبوو، و کوەیت داگیرکرا لەلایەن عێراقەوە، وە هەڕەشەی نەتەوەیەکگرتووەکان و هاوپەیمانان بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی دژی عێراق، ئێوارەیەکیان من وشەهید ئاکۆ وشەهید ئاوات، لەچیای پیرەمەگرون هاتینە خوارێ بۆناو ئۆردوگای پیرەمەگرون، دونیا تا دەهات تاریك دەبوو، سێ بەسێ دەڕۆیشتین وباسی ئەو بارودۆخەمان دەکرد، کەنزیکی دارسنەوبەریەکانی سەرجادەی پیرەمەگرون بووین، لەو کاتە گوێمان لەدەنگەدەنگ وغەڵبەغەڵبێ بوو، شەهید ئاوات ووتی" وس بن نەوەك کەمین بێت" لەشوێنی خۆمان بێدەنگ دانیشتین، پاش تاوێك دەنگەدەنگەکە تەواو نزیك بۆوە لێمان هەستمان کرد دوو نەفەرن، بەرەو ڕومان دێن لەبەر ئەوەی زۆر تاریك بوو خەریکبوو، ملمان لێبنێن، لەوتاریکیەدا ئێمەش نەمانزانی چەکدارن یان نا؟! بۆیە دەنگمان دان لەبەر زۆر نزیکی لەشوێنی خۆیان حەپەسان تاچەند چرکەیەك هیچ قسەیان

بۆ نەکرا، پاشان پرسیمان ئێوە چین؟ ووتیان خەڵکی ئەم لادێیانەی سەرەوەین، پرسیمان چ دێیەك یەکیان ووتی "هەڵەدن" کاك ئاوات ووتی کێ دەناسن لەهەڵەدن، ووتی کەس ناناسم، کاك ئاکۆ ووتی دەیباشە کاك غەریبیش ناناسن؟ ووتی بەڵێ بەس ئەو دەناسین، پاش ئەوەی بۆمان دەرکەوت خەڵکی ناوچەکەن، هەرچەند ئەوانیش زۆر دەترسان کە ئێمە چەکداری رژێم بین، کاك ئاکۆ بۆ دڵنەوایی و ڕەوانەوەی ترسیان وتی مەترسن ئێمە پێشمەرگەین، بەلاّم قەناعەتیان نەدەهات و دەیان ووت ئەگەر دەتانەوێ تەسلیمانبکەنەوە هەر لێرە بمان کوژن، بەلاّم تەسلیمان مەکەنەوە.

دووبارە ووتمانەوە پێشمەرگەین و ناوی زۆر لەو پێشمەرگانەشمان پێووتن کە خەڵکی هەڵەدنن، ئێمە بۆمان دەرکەوت کە ئەوانە فێرارن و هەڵهاتوون بەلاّم بۆ دڵنیابوون ناسنامەکانمان لێوەرگرتن تا لە ئۆردوگاکە بزانین ئەمانە کێن؟ وشوێنێکمان دەست نیشانکرد بۆئەوەی لەوێ ناسنامەکانیان بدەینەوە، کاك ئاکۆ ووتی بڕۆن ئازادن، ناسنامەکانیشتان لەشوێنی دیاریکراو دادەنێین، لەو کاتەدا بۆیان دەرکەوت کە ئێمە پێشمەرگەین.

لەخۆشیاندا شاگەشکەبوون و بەروویەکی خۆشەوە ووتیان ئێمەش سەربازی هەڵاتوی ڕژێمین، پاشان هەریەکە و بۆ شوێنی





خۆمان ڕۆیشتین ئێمە چووینە ئۆردوگای پیرەمەگرون و چوینە ماڵی کاك بەکرتەلانی کەوا هەردەم شوێنی حەسانەوەو ڕێنماییکردنی پارتیزانەکانی ئەو سنورە بوو، پاش حەسانەوە ناسنامەکانمان دەرهێناوپرسیارمان لەکاك بەکر کرد، لەوەلاّمدا ووتی بەڵێ دەی ناسم ئەو ڕۆستەم ناوە خەڵکی هەڵەدنە وفیرارەولەریزەکانی سەربازی هەڵهاتووە.

پاشان شەهید ئاکۆسور ووتی "بەپێی ئەم کارەی ئەم شەو کە توشی بوین، بۆمان دەردەکەوێ کەوا رژێم بەرەو لاوازبوون دەڕوات و ئێمەش دەتوانین جارێکیتر بەهێزی زۆرەوە لەگۆڕەپانی کوردستان ئامانجە سەرەکیەکانمان بپێکین کەوا خۆی لەئازادکردنی کوردستان و پاککردنەوەی لەداگیرکەران دەبینێ، بۆیە دەبێت زیاتر لەجاران خۆمان ماندوو بکەین، بۆهاندانی جەماوەرو خۆسازدان بۆ ڕاپەڕینێکی بەرفراوان کەوا بتوانین هەموو کوردستان بەتەواوی پاك بکەینەوەو میلەتەکەمان لەزوڵم وزۆرداری دەرباز بکەین.

## دۆڵەبی

دۆڵەبی، دۆڵێکە لەچیای پیرەمەگرون، تەنگەبەرە و لەناوەڕاستی دۆڵەکەدا هیچ ڕێگایەکی تر نامێنێ، دەبێ ماوەیەك بەشاخەکەدا

بەچوارچنگۆلە بڕۆیت، تا لە کونێك کە لەشاخەکەدا هەیە بەسەر بکەویت، پاشان دۆلەکە فراوان دەبێ و لەناوەڕاستی دۆلەکە بۆ سەروو کانییەکی بچوکی لێیە، وە لەتەنیشتی لای سەرەوە ئەشکەوتێکی گەورەی لێ یە، لەنزیك کانی یەکە شەهیدغەریب هەڵەدنی لەوێ بنکەیەکی دروستکردبوو، لەوێ-وە تاوەکو ئۆردوگای پیرەمەگرون زیاتر لەسعاتە ڕێیەك بوو، وە لەدامێنی گوندەکە گوندێکی رووخاوی لێ بوو ناوی (بیران) بوو.

## ئەشکەوتەکەی کانی هەنجیر

کاتێك لەئاغجەلەرەوە بەرەو قەلاسێوکە دەهاتینەوە، لەمانگی ٦ی١٩٩٠ بۆ شێخ بزێنی سەروو، شەوێك خۆمان گەیاندە ئەشکەوتێك لەنزیك گوندی (کانی هەنجیر) لەسەر ئاوی گەڕەوکەدا بوو، وە لەساڵی ١٩٨٨یشدا کاتێك لەگەڕانەوەماندا بۆ سەر سنور چەند ڕۆژێك لەو ئەشکەوتە مابوینەوە، لەبەرئەوە شارەزایی ئەو شوێنە بووین، هەڵکەوتەی ئەشکەوتەکە وابوو، ئەشکەوتەکە لەقەدکەندەلانێکی سەرچەمەکە بوو، کەسەیریت بکردایە، لەسەرەتادا کونێکی بچووك بوو، کەدەبوو بەسکەخشکێ چەند مەترێ بڕۆیشتایە ئینجا دەگەیشتیە ژوورەوەی ئەشکەوتەکە وئەشکەوتەکە گەورەو فراوان دەبوو، وە لەناوەوە ئاوێکی پێدا





دەڕۆیشت بەلام بەکەڵکی بەکارهاتن ناهات چونکە ئاوەکە خوێاوك یان شۆرەکات بوو، وە ئەو ئاوەی بەبەردەمی ئەشکەوتەکەش دەروات بەهەمان شێوەیە بەکەڵك بەکارهێنان نایەت، ئەو شەوەی کە لەئەشکەوتەکە ماینەوە، هەندێکمان نەمانزانی لەئاوەکە خۆمان شۆری(شوشت)، بەلام دوایی سەیرمان کرد، هەموو قژمان ڕەق بووە!؟

## لەشێخ بزێنی خواروو،
## ئاژەڵەکێوەیەکان سڵ-یان لێ ناکردینەوە

ئەو ڕۆژەی کە لەساڵی ١٩٩٠ گەراینەوە شێخ بزێنی خواروو، هەندێ شتی سەیرم بینی، یەك لەوانە چونکە ماوەیەك بوو، ئەو ناوچەیە هیچ ئاوەدانی لێ نەبوو لەبەر ئەوە ئاژەڵەکێوییەکان هیچ شەرمیان لێ نارکردین، کە بەرەو حاویەی دەرماناو چووین توشی چەندین کەروێشك وڕێوی بویین، بەلام هیچ سڵیان لێناکردین، زۆر ئاسایی بوو بەلایانەوە کە بەلایان تێدەپەڕین ، بەتایبەت توشی ڕێویەك بووین، لە ژێر سێبەری کەندەلانێك پاڵکەوتبوو، زۆر لێی نزیکبووین هەر هەڵنەسا وبڕوات تاوەکو چەند هەنگاوێك مابوو بگەینە سەری، ئینجا چەمامەوە بەردێکم هەڵگرت ئەوجا ڕۆیشت

وەك ئەوەی بزانێت ئێمە ناتوانین تەقەی لێ بکەین بۆیە ئەویش هیچ ترسی نەبوو.

## لە پیرەمەگرون،

## شەهید ئاکۆسور بووە لێپرسراوی ڕەتلی ۹ی سورداش

دوای ئەوەی لەشێخ بزێنی خواروو بە سنوری شوان وشێخ بزێنی سەروو وخاڵخالان وقەلاسێوکەو ئاغجەلەرو گەیشتینە ڕێگای دووکان –سلێمانی پەرینەوە و گەیشتینەوە پیرەمەگرون، شەهید غەریب هەڵەدنی لێپرسراوی ڕەتڵی ۹ی سورداش بوو، کە لەچەند مەفرەزەیەك پێکهاتبوون لەوانە مەفرەزەی شوان موغاغی وفەریق هەڵەدنی و عوسمان شارستێنی و مەفرەزەکەی ئێمەش زیادیکرد، دوای دوو ڕۆژ لەگەڕانەوەی ئێمە بۆ پیرەمەگرون، شەهید غەریب هەڵەدنی گەڕایەوە بۆ ئێران و ئینجا مەفرەزەکانی کەلەسەرەوە ناوم هێنان هاتنە خوارەوە ولەنزیك ئێمە بارەگایان دانا، شەهید ئاکۆسور وەك لێپرسراوی ڕەتڵی ۹ی سورداش دەستبەکاربوو، هەر ڕاسپاردەو بڕیارێك لەسەرکردایەتیەوە بۆ ڕێکخراوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەبروسکە دەگەیشتە لای ئێمە و لەرێگەی ئێمەوە دەگەیشتە ڕێکخراوەکان وە بەپێچەوانەشەوە، ڕێکخراوەکانی سلێمانی هەر بروسکەو





هەوالێکیان هەبوایە لەرێگەی ئێمەوجیهازەکەمانەوە دەگەیەنرایە مەکتەبی سیاسی.

# بەشی پێنجەم

## بیرەوەری پۆلا هەیبەیی





پۆلا هەیبەیی بیرەوەرییەکانی خۆی بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە، کەیەکێك لەپێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕستی کەرکوك بووە، وەك خۆی بلاوی دەکەمەوە و کەمترین دەستکاری زمانەوانی کراوەوناونیشان بۆ هەندێ لەبیرەوەریەکان دروستکراوە و هەندێك لە گێڕانەوەکانی لەبەر ئەوەی لەگەڵ برادەرەکانی دووبارەیە بۆیە خۆمان لێی بەدوور گرتووە تاوەکو دووبارە کردنەوەی بابەت و بیرەوەرییەکان جۆرێك لەتێکەڵکردنی زنجیرەی هزری خوێنەر دروست نەکەن و وە تێکرای بیرەوەریەکانیتری بەئەمانەتەوە بۆ مێژوو تۆماری دەکەین.

## بڕیاری گەرانەوە بۆ کوردستانی عێراق

لەووڵاتی ئێران بارودۆخی ژیان وگوزەرانمان زۆرباش بوو،بەڵام لەرووی دەروونیەوە خراپ بووین چونکە هەرجارو لێبوردنێکی بدایە حکومەتی بەعس، کۆمەڵێك پێشمەرگە ئەرۆیشتنەوە، بۆیە ڕۆژێکیان شەهید(ئاکۆسور)هاتە لامان یەك یەك قسەی لەگەڵمان کرد و ووتی"برادەران با مەفرەزەیەکی بچوك دروستبکەین و برۆینەوە بۆ کوردستانی عێراق، بەڵام ئەو کات حکومەتی عێراقی لێبوردنی گشتی دەرکردبوو،بۆ هەموو کەسێك خەڵکی بەکۆمەڵ تەسلیم دەبوونەوە،ئیتر شەهید ئاکۆسور ئەوەی مەبەستی بوو لەبرادەران و خۆی بەباشی ئەزانی ئەمانە بوون(شەهید ئاکۆسورخۆی وشەهیدئاواتەڕەش وشەهید خاڵەبەخەوشەهید وریا قەفاری وشەهید ئیباو قزل قایە وفەخرەدین سمایل بەگی ونەقیب بیبانی وپۆڵا هەیبەیی).

ئێمەش رازی بووین بەپارتیزانی بچینەوە کوردستانی عێراق، شەهید ئاکۆ چوو بۆلای کاك نەوشیروان،بۆئەوەی پێی بڵێ ئەچینەخوارەوە،کاك نەوشیروان زۆری پێخۆشبوبوو،شەهید ئاکۆ





ووتی:کاك نەوشیروان رازی بوو،بەڵام دەبێت هەندێك دەورە بکەین، بۆماوەی چەند هەفتەیەك لە(قاسمەڕەش)دەورەمانکرد،بەمەبەستی زانیاری پەیداکردن لەسەر بواری ئەندازیاری سەربازی وپزیشکی وچۆنیەتی دەرزی لێدان وتەداوی وبرین پێچانەوە،لەخولەکە ئەم بەرێزانە سەرپەرشتیان دەکرد(خدرمەحمودجاف،لەبواری ئەندازەوهەڵگرتنەوەی لوغم ودانانی لوغم وتەقاندنەوەی وشتی تر،دکتۆر شوان-یش فێری تەداوی ودەرزی لێدانی دەکردین)،هەر لەوێ چەندبرادەرێکی عەدەد جیهاز کاك ئاکۆسورو ئاواتەڕەش-یان فێری چۆنیەتی بەکارهێنانی راکاڵ وئەوانیش بەباشی فێربوون وئیتر گەراینەوە بارەگاکەمان لە گوندی(بلەکێ)ی بانەی ئێران چاوەرێ بووین تا پێداویستیەکانمانیان بۆ ئامادەکرد، هەر لەو کاتە هەواڵی لەسێدارەدانی دووبرای شەهید ئاکۆسورمان پێگەیشت وشەهید ئاکۆ زۆر نیگەران بوو،بەڵام هەر سوربوو لەسەر چوونە خوارەوە، ئیتر کاك نەوشیروان هاوکاری زۆری کردین، پاش ئەوەی کۆبونەوەی پێکردین ئەم پێداویستیانەی پێدراین(یەك جیهازی راکاڵ ودوو جیهازی بچووك وسێ دوور بینی ڕۆژ ویەك دووربینی شەو و سێ رادیۆی بچووك وسێ هەزار دیناری عێراقی و ٨کۆڵە پشت و٨زەمزەمی ئاو)وەدواتر هاوکاری شەخسیشی کردین بەزیادەوە، بەڵام ووتی"برادەران من ناڵێم برۆنە خوارەوە ئەوەندە ڕۆژ یان ئەوەندە مانگە بمێننەوە، خۆتان چۆنی بەباش

دەزانن ئاوهای لێبکەن،حەز ئەکەن تەنیا بڕۆن ئیستتلاعێکی ناوچەکە بکەن، ئەگەر توانیتان بژین ئەوە بمێننەوە، ئەگەر نەتانتوانی بژین ئەوا یەکسەر بگەڕێنەوە بۆ ئێران"

## چۆن گەڕاینەوە

لەبەرواری ١٢-٦-١٩٩٠ بەرێکەوتین بەڵام لای پێشمەرگەکانی خۆمان ووتمان تەسلیم دەبینەوە، نەمان ووت ئەچینە خوارەوە، نەوەك یەکێ لەپێش خۆمانەوە بڕواتەوەو ئیخباریمان بکات،چونکە ئەوکاتە لێبوردنی گشتی بوو خەڵکی زۆر ئەرۆیشتنەوە وتەسلیم دەبوونەوە، ئیتر هەر لەبارەگاکەمانەوە چەکەکانمان کردە ناو گونیەوە و بارمان کرد لەسەیارەوتاگەیشتینە شاری (بانە)لە بانە چەکەکانمان دەرهێناوکردمانە شانمانەوە وەکو پێشمەرگە خۆمان بەستاو ترسمان نەبوو،چونکە نوسراوی رەسمیمان پێبوو،هەتا بازگەکانیش رایان نەگرتین، ڕاشمان بگرتایە زۆر ئاسایی بوو چونکە جێگای مەترسی نەبوو، تاگەیشتینە گوندی(بێتوش)ئەویش گوندی ئێرانە، لەو گوندە چەند ڕۆژێك ماینەوە،بۆ ئەوەی پێداویستیەکانمان لەخۆراك دابین بکەین چونکە لەو گوندە دەربچین ئیتر ئاوەدانی نامێنێ، شەوێکیان شەهید ئاکۆسوروخدرمەحمودجاف وچەندبرادەرێکی تر چوون بۆ





تاقیکردنەوەی ڕێگاکە بەڵام کەوتنە کەمینی ڕەبیەکانی پاسدارانەوەوشەهید ئاکۆسور گوللەیەك بەرقاچی دەکەوێت و بریندار دەبێت و بەدیل دەگیرێت و دوای چەند ڕۆژێك ئازاد دەکرێت، بەڵام برینەکەی قاچی هەر چاك نەبووبۆوە،تا سنوری وولاّتی خۆمان کاك خدر مەحمودجاف و شەهید بەکر ئیسیۆەی لەگەڵمان هاتن و دواتر گەرانەوە ئێران.

لە کوردستانی عێراقیشەوە چەند شارەزایەکمان لەگەڵ بوو، کە پێشمەرگەی کاك غەریب هەڵەدنی بوون بەم ناوانە(بێستون سابوراوایی وئەنوەر تەلانی وحەیدەرحاجی تانی)،تا ئێمەیان گەیاندە لای شەهیدی قارەمان وسەرقافڵەی پارتیزانان شەهید غەریب هەڵەدنی، لەدۆڵی شێخ محەمەدەوە هاتینە (سیرەمێرگ) لەوێ کۆپتەرێکی حەماڵی عێراقی بەهۆی شەری عێراق - ئێرانەوە کەوتبووە خوارەوە، هەندێك قوتوی موعەڵەباتی تێدابوو،زۆرمان لێخوارد هەرچەندە ئێکسپایەریش بووبوون بەڵام هەربەکارمان هێنان و خواردمان،وە سەبارەت بەنان خواردن ، هەموو ئەو نانەی پێمان بوو وورد ووردمان کردبوو، بۆئەوەی کەڕوی لێنەدات،یان قەبە نەبێ،سەرەتا نانێکمان وورد کردو ئینجاپێوانەمان کرد بە ووردکراوی یەك نان پڕ بەگلاسێك بوو،ئیتر هەرکات نانمان بخواردایە یەك گلاس نانمان دەردەکرد واتە یەك نانمان خواردووە،بۆ ئەوەی بەشی ڕێگامان بکات و بەو شێوەیە بەشمان

دەکرد،بەلأم ناو دەممان هەموو زام بوو نانی نەرممان نەبینی تاگەیشتینە لای شەهیدی فەرماندە غەریب هەڵەدنی،

که لەئێرانەوە بەرێکەوتین شەهید ئاکۆسورشتەکانی دابەشکرد بەسەرماندا وەك(جیهازورادیۆودوربین)وشتەکانی تر،کەسمان لەخۆمان رانابینی جیهازە راکاڵەکە هەڵبگرین ، شەهید ئاکۆسور خۆی هەلیگرت ، لەگەڵ هەموو شتەکانی خۆی، کە خۆی چەك وتاقم وکوڵەپشت ولەسەرووی ئەمانەشەوە جیهازە راکاڵەکەشی بەپشتەوە بوو، یادی بەخێربێ ئەیووت"ئەگەر من حەماڵ بوومایە نانی حەماڵە فەقیرەکانم ئەبڕی، چونکە من زیاتر شتم هەڵەگرت، چونکە لەوان بەقووەت تر بووم".

لەسیرەمێرگ بەرێکەوتین وبۆ ئێوارەکەی لەسەر کۆپتەرەکە لەگەڵ برادەراندا چەند وێنەیەکمان بەکۆمەڵ گرت بۆ یادگاری،دواتر کەوتینە ڕێ هەتا دوڵی(شەدەڵە)نەوەستاین ئەو ڕۆژە لەوێ ماینەوە،تەمشیتی عەسکەری دەرچوو بۆ دوڵی(شەدەڵەومێرگەپان)بەلأم ئێمە زووتر کۆپتەرەکانمان بینی و هاتن بەسەرماندا وئاگاداربوینەوە، ئەگینا توشی شەڕ دەبووین لەگەڵیاندا،باش بوو ئێمەیان نەبینی بەلأم ئەو ڕۆژە زۆر ماندوو بوین، ئەو ڕۆژەشمان بەسەربرد بەو حالەوە، ئێوارەکەی بەرێکەوتین بۆلای غەریب هەڵەدنی،بۆیە هەر بەشەو وئێواران





دەرۆیشتین چونکە "بەڕۆژ نامان توانی خۆمان پیشانی خۆریش بدەین"لەبەر باری ئاسایشی خۆمان.

بەیانیەکەی گەیشتینە لای شەهید غەریب هەڵەدنی، ئەوانیش بەگەرمی پێشوازیان لێکردین وچەند رۆژێك لەوێ ماینەوە، حەساینەوەوخۆمان و جلەکانمان شۆرد لەو شاخەدا، ئەوکات وابزانم جەژنی قوربان بوو، شەهید غەریب چووە پیرەمەگرون ومریشك وچوکلێت وناوکە وهەموو شتێکی بۆهێناین.

## شەهید غەریب وئاکۆ کۆبونەوە

دوای چەند ڕۆژێك مانەوە شەهید غەریب هەڵەدنی وشەهید ئاکۆسور کۆبونەوەکیان پێکردین،دەربارەی مانەوەو خۆراگری لەناوچەکە وتەبایی لە نێوان یەکتری دا ، هاوکاری خەتی ناوشار،بەلأم بەئێمەیان نەووت خەتی ناوشار کێیە؟کەیارمەتی ئێمە دەدات، شەهید غەریب ووتی هەمووتان ئەیناسن بەلأم جارێ پێتان نالێین، دوای کۆبونەوەکە خوداحافیزیمان لەیەکتری کردوبەلأم شەهید غەریب وچەند پێشمەرگەیەکی تا لەسنوری پیرەمەگرون بەرێی کردین لەگەڵمان هات و دواتر گەرایەوە،ئێمەش هاتین ڕێگامان ونکرد و بەرەو (باینجان)ملمان نا کە گلۆپی ماڵەکانمان بینی بەرەو دواوە گەراینەوە چونکە لە ئاوەدانی سلْمان

دەکرد، ئاوەدانی لەئێمە حەرام بوو بەتایبەت لە کوردستانی عێراق چونکە کارەکانمان وابوو نابوایە کەس بمانبینێ، ئیتر لەڕۆژمان لێ هەڵات ناچار لەنێوان گوندەکانی(تەرەماروقازان)لەوشاخە بچوکە ماینەوە هەریەکەو لەبن داربەڕوویەك خۆمان حەشاردا، هەتا ئێوارەمان بەسەرداهات، لەترسی گیانی خۆمان نەمانتوانی بجولێینەوە، چونکە لە ئۆردوگاکانی پیرەمەگرون وباینجانەوە نزیك بووین،لێرەولەوێش شوان وگاوان بەو ناوەدا دەهاتن، وە مەوعیدیشمان هەبوو لەگەڵ ئەو برادەرەی ناوشار،بەڵام نەگەیشتینە شوێنی مەوعیدەکە ناچار شەهید ئاکۆ ووتی برادەران من ئەبێ بچم بۆشوێنی مەوعیدەکە بزانم ئەو برادەرە نابینم ، ووتی خۆم رووت دەکەمەوە بەیەك کراس وشەرواڵەوە ئەرۆم، ووتی ئەگەر توشی ئاوەدانی بووم ئەلێم گاوانم مانگاکەم بزر کردووە، توشی شوانێك بوبوو، ووتبوی کاکی شوان ماندوو نەبی ئەرێ مانگایەکت نەبینیوە، شوانەکە ووتبووی نەوەڵڵا، شوێنی مەوعیدەکەش گوندی(ئەڵا قوڵی)بوو، ماوەیەکی پێچوو، کە گەرایەوە کاك چەتۆی برای شەهید دکتۆر هادی لەگەڵ بوو،ئێمەش زۆر دڵمان پێی کرایەوە،هەندێ نان وهێڵکەی کوڵاو وپاکەتی سۆمەری بۆهێنابوین، ماوەی چەند سعاتێك پێکەوە دانیشتین،ئێمە زۆر پیس وپۆخڵ بوین بەلام کاك چەتۆ بە جوتێ پێڵاوی جوان وگۆرەوی سپی وقاتی ڕەش وقەمیسی سپی-یەوە هاتبوو بۆلامان،





هەر لەخۆمانەوە بێزمان لەخۆمان ئەکردەوە،ئیتر خوداحافیزی کرد ومەوعیدی دووەممان دانا.

## تلیان وتیژە

## شوێنی بەیەکگەیشتنی دووەم

پاش دوو ڕۆژی تر ئەبوو لەتلیان وتیژە یەکترمان ببینیبوایەوە،دوای ڕۆیشتنی کاك چەتۆ لەبەر ئەوەی مانگی تەممووزبوو زۆر گەرمابوو، زۆر تێنوومان بوو، ئاویشمان پێنەمابوو بەڵام لەترسی شوان وگاوانەکان نەمان دەوێرا بچینە سەرکانی ئاوەکەی کەنزیك بوو لێمان،هەرچۆنێك بێت ئەو ڕۆژەمان بەسەر برد و بۆ ئێوارە چوینە سەر کانیەکەونانمان خوارد وکەوتینە ڕێ بەرەو(کێوەچەرمەڵە) دەمەوبەیانی بوو گەیشتینە شاخی کێوەچەرمەڵە، ئەو ڕۆژەش لەوێ ماینەوە ئێوارەکەی دیسانەوە کەوتینەوە ڕێ بۆ ئەشکەوتەکەی (فەقێ میرزا)لەڕێگا من وکاك ئاکۆ وکاك ئاواتەڕەش چوین بۆشوێنی مەوعیدەکە لەگوندی تلیان بەڵام کاك چەتۆ نەهاتبوو،بۆسبەی ئێوارەش من وشەهید ئاوات گەراینەوە هەمان شوێن هەر نەهاتبوو، ماینەوە لەوێ وشەوی سێیەم گەراینەوە لای کاك ئاکۆ برادەران لە (ماسقەلان) یەکمانگرتەوە، لەگەڵ مەفرەزەکەمان بەرێکەوتین بۆ(شیوەسور)

لەوێشەوە بۆشێخ بزێنی، کە چوینە ناوشیوەسورەوە گوێمان لەدەنگەدەنگ بوو،وامزانی خەڵکی گوندەکانە هاتوون بۆهەنجیرکردنەوە،بەڵام گەیشتینە ناویان وە کە لێیان ڕەتبوین سەیرمانکرد هەمووی جاشن و لەکەمین بوون،لەگەڵ یەك قسەیان دەکرد، ئێمەش خۆمان مات وبێدەنگ کرد ویەك یەك پەڕینەوە، چونکە نەمانزانی ئەو شوێنانە کراونەتە رەبایەوجاشی لێ یە،ماوەیەکی زۆر بوولەناوچەکە دابڕابووین ،بەهەرحاڵ بەسەلامەتی پەرینەوە بۆ ئەو بەری شێخ بزێنی چوینە هەڵەتی هەنارە.

## لەهەوڵی دۆزینەوەی کاك چەتۆ،
## توشی نوکتەیەکی خۆش هاتین

لەهەڵەتی هەنارەوە کەوتینە هەوڵی ئەوەی کاك چەتۆ چۆن بدۆزینەوە،لەحاویەکانی(جگیلەوقەرەناو ومەرزیخەوکانی ڕەش)کشتیارەکان کشتوکاڵیان بەردەوام بوو، تەنیا بەڕۆژدەمانەوە وسعات ٤ی ئێوارە بەدواوە دەچوونەوە ناوشاڕۆچکەی تەقتەق، زۆری خایاند کاك چەتۆمان نەبینیەوەو هیچ شتێکیشمان لانەمابوو،ناچار شەهید ئاکۆ بۆ ئەوەی کاك چەتۆ بدۆزێتەوە بەیەك شەڕواڵ وقەمیسێکەوە چووە سەر جادەی گشتی تەقتەق– کەرکوک





لەبەر خاتری ئەوەی بەڵکو بەرێکەوت کاك چەتۆ لەناو سەیارەیەکەوە کاك ئاکۆ بناسێتەوە وداببەزێ بۆلای بەڵام رێکەوتی نەکرد، شەهیدئاکۆ پیاوێکی زۆر قارەمان وچاونەترس بوو لەگەڵ ئەوەشدا زۆر شارەزا بوو لەرێگاوباندا، ئاکۆوشەهیدخاڵەبەخە، چەند شەوێکیان پێ چوو هەرنەهاتنەوە، زۆر نیگەران بووین ، شەهید ئاواتە ڕەش ووتی " بابچین بۆ حاوی جگیلە هەم خەبەری ئەوان دەزانین وهەمیش هەندێ تەماتەوبامێ وشوتی وتەڕەومەرە بۆ خۆمان دێنین ودێینەوە" ووتمان زۆر باشە بابچین و ڕۆیشتین لەناو کێڵگە کشتوکالیەکاندا خەریکی شتکردنەوە بوین، تومەزە شەهید ئاکۆ وشەهید خاڵەبەخەش ئێمەیان لێبۆتە جاش هەتا پێیان تێدابووە هەلاتوون، ئێمەش ئاگامان لەوان نیە و بەئارەزووی خۆمان شت دەکەینەوە وپڕ شەش کوڵە پشت تەماتە وبامیەو بیبەروشتی ترمان برد بۆشوێنی حەشارگەکەمان، تا نەگەیشتینە حەشارگەکەش نەمانزانی، دوای لەرێگا ئێمەش هەستمان بەشتێ کرد، زۆر ترساین کەخەڵك بێ بەشوێنمانەوە تاوەکو شوێنەکەمان بزانێ، هەتا لەیەك حاڵی بووین زۆری پێچوو، ئیتر یەکمان ناسی ئەوان لەترسانا هیچ شتێکیان لەگەڵ خۆیان نەهێنابوو، کەگەراینەوە شوێنی خۆمان دوای ئەوەی کە لەیەك حاڵی بووین زۆر پێکەنین، بۆ ئەوەی ئێمە بەکەیفی خۆمان گەراینەوە، ئەوانیش هەر لەپێش ئێمەوە رایان دەکرد، هەتا شەهید ئاکۆ تورە بوو ووتی

"باشە بۆ دەنگ ناکەن، ئێمە لەحاوی گوندی جگیلەوە لەترسی ئێوە رادەکەین" جاری وارێکەوتبوو ئێمە بەتەنیشت ئەوانەوە دەرۆیشتین و ئەوان خۆیان ماتکردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا یەك یەك ئێمەیان ژماردبوو، کە شەش کەس بووین، بەوە تۆزێ دڵیان خۆشە بوو، بەڵام هەر قەناعەتیان نەکردبوو کە ئێمەین، بەس ئێمەش ئەوانمان نەدیتبوو، وە ئەوان لەسەر رێگای ئێمە خۆیان حەشاردابوو، ئیتر ئێمەیان خستە پێش خۆیانەوە وشەهید خاڵەبەخە وشەهید ئاکۆ کەوتنە دواوەو بەدوای ئێمە دەهاتن ، شوێنێکمان هەبوو لەمەرزیخە سەرکانی وئاو بوو،لەناو قەمیشەلانێکدا، هەموو جارێك هەرلەوێ پشوویەکمان ئەدا،ئەوکاتەش لەوێ پشووماندا، هەر ئەوەندەمانزانی گوێمان لەدەنگی پێ بوو ،خۆمان بێدەنگ کرد وسەیر دەکەین دوو پیاون ،شەهیدئاکۆوشەهیدخاڵە بەخە، ئەوسا کە لەیەك ئاشکرابوین کەوتینە پێکەنین وقسەی خۆش بەڵام ئەوان زۆر ترسابوون.

## چەند رۆژێك لەناوشاردابراین

دۆزینەوەی کاك چەتۆی برای شەهید دکتۆر هادی لەرێگەی جیهازەوە بوو، بۆماوەی چەند رۆژێك لەگەڵ خەتی ناوشاردابراین، چونکە لەدووەم مەوعید دا لەگەڵ کاك چەتۆ لەگوندی تلیان-ەوە،





یەکترمان نەگرتەوە ونەبینیەوە، ناچار کاك ئاکۆ لەرێگەی جیهازکردنەوە بۆ سەرکردایەتی تاوەکو ئەوانیش بۆ غەریب هەڵەدنی جیهازبکەن و لەرێگەی ئەوەوە ئاگاداری کاك چەتۆ یان بۆمانکردەوە، ئەوکات پەیوەندیکردن لەرێگەی جیهازکردنەوە بۆسەرکردایەتی، ئینجا لەبەرجیاوازی جفرەکان لەگەڵ یەکتری وئەگەر جفرەیەکیش بزربوایە یان بکەوتایە دەست دوژمنەوە، یان عەدەد جیهازەکەش تەسلیم ببوایەتەوە، کاریگەری نەبوو لەسەرجیهازەکانی تر، دواتر کاك چەتۆ هاتەوە لامان وپێداویستیەکانی بۆ هێناین وچەند جارێکیش شەهید ئاوات وشەهیدئاکۆ وشەهید ووریای لەگەڵ خۆی بردەوە بۆناو شار، خەڵکی سنورەکە شەهید ئاکۆسوریان زۆر خۆش دەویست و چەند مالێکی لێبوو، کە خانەخۆی پێش ئەنفالی شەهیدئاکۆ بوون لەگوندەکانی سنورەکە،ئازایەتی وقارەمانێتی وخۆراگری وشارەزایەتی ودڵسۆزی ودەستپاکی شەهید ئاکۆسور قەت بەچەند دێرێك نوسین حەقی خۆی نادرێتێ، هەزاران سڵاو لەگیانی پاکیان، شەهیدان ئاکۆسور وشەهیدی ئازاودلێرخاڵەبەخەو ئیباو و وریاقەفاری و ئاواتەڕەش.

## دوای گرتنی کوەیت

دوای گرتنی کوەیت گەمارۆخرایە سەر عێراق، ئیتر بەزەحمەت خواردنمان دەست دەکەوت، ئەویش کاك چەتۆ بۆی ئەهێناین، بەلأم زۆر بەزەحمەت دەرئەچوو لەبازگەکانەوە، چونکە لەناو شارەکانی عێراق قەدەغەبوو، شت ئەم شارو ئەوشار بڕوات، مەگەر بەچەند کیلۆیەك نەبێ یان لەبازاردا دەست ناکەوت، کاك چەتۆ لەبەر دڵسۆزی خۆی لەماڵەکاندا ئەیکڕی و ئەی هێنا بۆمان، شەهید ئاکۆ بۆماوەی چەند ساڵێك بوو خێزانەکەی نەبینیبوو، جوابی نارد خێزانەکەی هات بۆلای ماوەی چەند ڕۆژێك لای مایەوە لەهەڵەتی هەنارە پاشان ڕەوانەی ناوشاری کردەوە، ئەو جیهازەی کەقسەمان پێدەکرد لەترسی ئاشکرابوون چەند کیلۆمەترێك لەدووری خۆمان لەژێر زەوی لەناوسندوقێکی بوك وزاوا کە پێیان دەگووت"باول" لەو گوندە رووخاوانەدا دۆزیمانەوە، دامان ئەنا و دەمانشاردەوە.

## ئەگەرچەقەڵ خواردویەتی
## بۆ پەڕۆکەی نەدڕاندووە

ڕۆژێك چەند برادەرێك لەمەفرەزەکەی ئێمە، لەگەڵ شەهید ئاکۆ دەچن بۆ ئەوچەم وحاویانە بەڵکو خواردنێکمان دەستکەوێت، لە





برسان روودەکەنە حاوی جگیلە کە ٣کم لە خوارووی تەقتەق هەڵکەوتووە، دوای ئەوەی کە خەڵکی ناوچەکە سعات ٤ی عەسر ڕەزوباخەکانیان جێدێلن ودەچنەوە شارۆچکەی تەقتەق، لەنزیك ئەوماڵەی کەیارمەتیان ئەداین و ناسیاوی شەهید ئاکۆ بوون ، ماڵێکیتر لەتەنیشت ئەوانەوە کشتوکاڵیان کردبوو، قاپێك ماستیان لەسەر دارێکی بەرز شاردبوۆەوە، بۆئەوەی شت وگیانلەبەری کێوی نەیخوات تاوەکو بەیانی دێنەوە، بەلأم شەهید ئاکۆ و برادەران جامە ماستەکەیان بینیبوو و لەسەردارەکە دایانگرتبوو، ودەستیانکردبوو بەخواردنی ماستەکە و دوای خواردنی ماستەکە، قاپەماستەکە جوان لەگەڵ پەرۆیەکەی دەشۆن ودەیخەنەوە شوێنی خۆی، بەیانی کابرای خاوەن ماست هاتبۆوە ناو زەویەکشتوکاڵیەکەی ودەستی بەکارەکەی خۆی کردووە تانیوەڕۆ، نیوەڕۆ کابرا دەڵێ کورم دەبرۆن ئەوقاپە ماستە داگرن بابیکەین بەماستاو، کاتێ دەچن وقاپە ماستەکە دادەگرن ،تەماشا ئەکەن هیچ ماستی تێدا نی یە، زۆر سەیریان پێدادێت و کابرای خاوەن ماست ووتبووی"بەخواسەیرە باشە ئەم ماستە کێ خواردویەتی؟ باشە ئەگەر چەقەل بی خواردایە ئەی چۆن پەڕۆکەی نەدریووە وچۆن قاپەکەوپەرۆکەی شۆریووە وچۆن ناوەتیەوە شوێنەکەی خۆیەوە لەسەر دارەکە،یان ئەگەر جاش بی خواردایە قاپەکەی ئەشکان وفڕێ ی ئەدات، بەلأم وادیارە ئەمە کاری پیاوێکی لێ

قەوماوەو زۆریش باشە و وادیارە بەزەمیرە"، بەلاّم ئەم قسانەمان لە هاوسێەکەیەوە پێگەیشت کە گویّ ی لیّ بوو بوو، کە ئەم قسانەی کردووە،ئەویش بۆ شەهید ئاکۆی باس کردبوو، ئەم رووداوە لەحاوی جگیلە بووە.

## گەرانەوە بۆ پیرەمەگرون

وەرزی زستان نزیك بۆوەوگەراینەوە بۆلای شەهید غەریب هەڵەدنی لەشاخی پیرەمەگرون، ماوەی چەند مانگێك توانیمان لەناوچەکە زۆر بەچاکی بژین، بەلاّم دوای ئەوەی کە کوەیت گیرا، لەلایەن دەولەتی عێراقەوە، لەرووی خواردنەوە زۆر باش نەبووین ، هەندێك جار خواردنمان ئەدۆزییەوە ٥٠٪ی تێکچوو بوو، یان گومشك بوو، زۆربەچاکیش ئەمانخوارد لەناچاریدا، لەکاتی ئەنفالەکاندا شتێکی زۆرمان شاردبۆوە، زۆری مابوو،ئەوەمان بەکاردەهێنا لەکاتی پارتیزانیدا ساڵی ١٩٩٠لەناوچەی کەرکوك وشێخ بزێنی و شوان، کەوتینە ڕیّ بەرەو لای شەهید غەریب هەڵەدنی وشەهید ئاکۆ زۆر شارەزا بوو یەك جار بەیەك جێگادا بڕۆیشتایە دووەم جار زۆر بەئاسانی پیای دەرۆیشت،کەوتینە ڕیّ لەلای ناحیەی ئاغجەلەرەوە رۆیشتین و چوینە (کانی بۆگەنە)ی لای ئاغجەلەر تووشی دوو زەلام بووین راوەکەویان دەکرد، بانگیانمان کردو زۆر ترسان لەئێمە وایانزانی ئێمە جاشین، چونکە یەکێکیان فیرار بوو،لەبەر ئەوە زۆر لێمان ئەترسا، هەردوو کیان





خەڵکی ئۆردوگای باینجان بوون، بەلاّم بۆ راو هاتبوون، تا ئێوارە نەمان هێشت بگەرێنەوە،لەترسی ئەمنیەتی خۆمان، نان وکاڵەك وتەماتەوشتی باشیان پێبوو، نانی جوانی مالاّن وهەموومان بەیەکەوە نانی نیوەرۆمان خوارد، بەلاّم ناویانم بیرنەماوە، وەزۆر لەئێمەش ئەمین نەبوون، هەروایاندەزانی ئێمە جاشین، هەرچەندە ووتمان ئێمە پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانین، قەناعەتیان پێمان نەکرد، ناسنامەمان پێدان، بەلاّم خوێندەواریان نەبوو،تا بیخوێننەوەوتێبیگەن،کە گەیشتە ئێوارە و خۆرئاوا بوو، ئینجا خوداحافیزیمان لێیانکرد ویەکێکیان دەستی کردە ملمان وماچمانی کرد و دەستی کردە گریان ووتمان خاڵە بۆ دەگری ؟ ووتی"وەلـلاّ وەلـلاّ بۆ ئەوە دەگریم کە هەردوو لامان کوردین ،کەسمان بڕوا بەکەسمان ناکەین و لەیەك تێناگەین بۆ ئەوە دەگریّم" دیارە ئێمە لەوان تێگەیشتبوین کە ئەوان دوو کابرای ڕاوچی بوون بەلاّم ئەوان لە ئێمە دەترسان ،خوداحافیزیمان کردو ڕۆیشتین تاگەیشتینە لای کاك غەریب هەلەدنی چەند ڕۆژێك لەویّ مابنەوە،کاك غەریب هەڵەدنی ووتی"مەفرەزەکان کەم ئەکەینەوە لەبەر ئەوەی گرانیە ئازوقە بەش ناکات، ئیتر چەند کەسێکی خۆیان ومن وشەهید ئیباویان ناردەوە بۆ ئێران وپاش چەند ڕۆژێکی تر خاڵەبەخەشیان ناردەوە دواتر شەهید غەریب

**هەڵـەدنی–یـش لەگـەلمان هاتـەوە ئێـران بـەهۆی گـەمارۆی ئـەمریکا بەسەر عێراق و گەمارۆی عێراقیش بەسەر ئێمەوە.**

**(ئەم قسەیە زۆر گرنگە بۆ شۆڕشگێڕکانی جیهان، تۆپ و تـەیارە و هێـز و کیمیـاوی جێگـەی پـێ چـۆڵ نـەکردوون بـەڵام گـەمارۆی ئابووری ژمارەیان کەم دەکاتەوە و دەیاننێرێتەوە ئێران)**

# بەشی شەشەم

## بیرەوەری

## لیوا چەتۆ پارتیزانێکی ناوشار





لیوا چەتۆبیرەوەرییەکانی خۆی بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە، کەیەکێك لەپێشمەرگە پارتیزانەکانی ناوشاری هاوکاری ڕستی کەرکوك بووە، وەك خۆی بڵاوی دەکەمەوە و کەمترین دەستکاری زمانەوانی کراوەوناونیشان بۆ هەندێ لەبیرەوەریەکان دروستکراوە و هەندێك لە گێڕانەوەکانی لەبەر ئەوەی لەگەڵ برادەرەکانی دووبارەیە بۆیە خۆمان لێی بەدوور گرتووە تاوەکو دووبارە کردنەوەی بابەت و بیرەوەرییەکان بێ مانایی دروست نەکەن و وە تێکرای بیرەوەریەکانیتری بەئەمانەتەوە بۆ مێژوو تۆماری دەکەین.

## لیوا چەتۆ چۆن هاتەوە ناوشار

لە٢٨-١٢-١٩٨٩دوای ئەوەی گەیشتمە قەزای رانیە لەگوندی ناو زەنگەوە بەهۆی برادەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، لەسەر ڕاسپاردەی برادەرانی مەکتەبی سیاسیەوە گەیشتمە لای ئەو برادەرانەی ڕێکخستنی نهێنی کە هێلێکی تایبەت بوون لەناو شاری رانیە.

ژمارەیەک نامەم پێ بوو، هەندێکیان تایبەت بوو بە خۆیان وبەشێکی تایبەت بوو بە کارەکانی خۆم، وە دەبوایە ماوەیەک لەلایەن بمێنمەوەوبمپارێزن تاوەکو کارەکانم تەواو دەبێت، ئەو برادەرانەش زۆربەیان چەکداربوون و فەوج وسریەیان هەبوو ئەوانیش(کاک سەیدحاجی و براکانی، کاک عەبدوڵلای حاجی رەسول خەڵکی بناری قەندیل و برادەرێکی تریەناوی کاک مستەفا عیزەددین کە خەڵکی کەرکوک )بوون، سەید حاجی کەسێکی زۆر ئازاو دڵسۆزو لەخۆبردوو بوو، ماڵیان بەتەنیشت هەواڵگری(مخابرات)ی رانیەوە بوو کەچی لەیەکێک لەژوورەکانی ماڵیان لەلایەن مستەفاعیزەدین کە بەناوی نوسەری فەوج تابیعەیەکی هەبوو، دواتر زانیم کاک مستەفا شارەزاییەکی باشی





هەبوو لەدروستکردنی ناسنامەونوسراوی میری ودروستکردنی مۆری ساختە(تەزویر)لەسەردەمی ئەنفالەکاندا لەناوچەی (سورداش وچەمی ڕێزان) چەندین بەرپرسی پێشمەرگە و پێشمەرگەی بریندار لەلایەن کاک مستەفاوە ناسنامەی ساختەی ئاسایشی گشتی (امن العام)ی بۆکراوە وبەسەیارەو پاسەوانەکانی کاک سەید حاجی دەربازکرابوون بۆ ڕانیەو لەڕانیەشەوە لەرێگای حزبی دیموکراتەوە بۆ بناری قەندیل ، لەوبەرپرس وپێشمەرگانەش( کاک عەلی بچکۆل و کاک رەفعەت کەرکوکی کە لەوکاتەدا مار پێوەی دابوو)، کاک عەبدوڵلای حاجی ڕەسول ماڵەکەی خۆی تەرخانکردبوو بۆحەشاردانی پێشمەرگەکان تاکو بەرێ دەکران ، دوای ماوەیەک بەهۆی ئەوەی کاک مستەفا خەڵکی کەرکوک بوو زیاتر یەکترمان ناسی و هەموو کاروبارەکان ونهێنی کەرەستەی دروستکردنی ناسنامەومۆرە ساختەکانی پێم نیشاندا و ئاشنای کردم بەکارەکانی .

## لەسێدارەدانی سەیدحاجی ومستەفا عیزەددین

ماوەیەک بەسەر کارە نهێنیەکان تێپەڕی کرد، بەداخەوە هەندێ پێشمەرگە لەوانەی لەرێگەی ئەم برادەرانەوە دەربازکرابوون تەسلیم بوونەوە و دانیان بەوە دانا(اعتراف) یان لەسەر هەم کاک سەید حاجی و هەم لەسەر ڕێکخستنەکانی ناو شاری سلێمانی

کرد ئەوەبوو، ئەوە بوو لەلایەن ئەمنی بەغداوە بەتایبەت کەوتنە هەڵمەتی دەستگیرکردنیان، کاك سەیدحاجی و کاك مستەفا دەستگیرکران و منیش لەوکاتەدا بەهۆی ناسیاویم لەگەڵ هەندێ خزمی خۆمەوە لەوانە کاك حاجی مولود وحاجی عەبدوڵلا وە ئەو برادەرانەم دۆزییەوە کە لەگەڵ شەهید غەریب هەڵەدنیەوە کاریان دەکرد و هاوکاری پارتیزانەکان بوون ، بۆیە خۆم گەیاندە لایان بەهۆی ناسنامەیەکی ساختەوە کە کاك مستەفا بۆی دروستکردبووم.

دوای ماوەیەك لەلایەن براکانی سەید حاجی-یەوە ئاگادارکرامەوە کە ئیتر ئەوان (مەبەست سەیدحاجی و مستەفا عیزەددین)دەستگیرکراون ونەچمەوە بۆلایان دیاربوو ئەوانیش هەڵاتبوون بۆ شاری هەولێر، پاش ماوەیەك زۆربەداخەوە ڕژێمی بەعس کاکە سەیدحاجی ومستەفایان لەسێدارەدا لەگەڵ هاوڕێکانیان لەرێکخراوی سلێمانی کاك جەباری حاجی رەشید و ئەوان .... ئەم کارەساتە جەرگ بڕبوو بۆ ئەو سەردەمەو بۆ وورە و لەرووی دەرونیشەوە زۆر کاریگەرو ڕوخێنەربوو.

## پەیوەندی گرێدانەوە بە غەریب هەڵەدنی-یەوە

دوای چەند ڕۆژێك کاك بەکرتەلانی کە خۆی بەتەنها مابوو هەموو خێزانەکەی ئەنفالکرابوون هەر ڕۆژی لەماڵێك بوو منیش





بومە هاوڕێ ی ئەم ماڵ و ئەو ماڵ، چونکە خەڵکی کەرکوك بووم لەناو پیرەمەگرون کەس نایناسیم، مام بەکر ماڵە برایەکی هەبوو بەناوی مام رەسول کاك غەریب هەڵەدنی وبرادەرانی وەك بنکەیەك بەکاریان دەهێنا ئەوەبوو یەکترمان بینی لەگەڵ غەریب هەڵەدنی و پەیوەندیم گرێدایەوە لەگەڵیان و دەست بەکاربووم و بەرێنوێنی مام بەکرو دواتر رێکخستنەکانی ناو پیرەمەگرون کە تایبەت بوون بەداڵدەدان وپەیداکردنی خواردن بۆ پارتیزانەکان هەموویانم ناسی و ناوبەناو هاتوچۆشم دەکرد بە بازگەکاندا و هیچ کێشەیەکم نەبوو بەهۆی ناسنامە تەزویرەکانەوە وە تەمەنیشم هەندێك منداڵ بوو، کاك غەریب هەڵەدنی زۆر سەرسام بوو بەکارەکانم چونکە هەم دەچووم بۆشاخ و دەمامەوە و ئەگەر کاریش هەبوایە خۆم دەکردە هاولاتی مەدەنی وکارەکانم بۆیان جێ بەجێ دەکرد، ماوەیەکی زۆر کارەکانم بەباشی هەڵدەسوران بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ ، چونکە ئەو سەردەمە زۆر زۆر سەخت و دژواروهەستیاربوو، کاك غەریب هەڵەدنی دەیووت من لە کەسانی وەك تۆ دەگەرام، غەریب هەڵەدنی زۆر بەهیمەت ومامۆستایەکی بەئەزمونی پارتیزانی بوو زۆر سەرکەوتوو بوو لەکارەکانی و توانیبوی هەم هاوڕێکانی بپارێزێ لەبنکەی خۆیان لە قەدوبناری شاخی پیرەمەگرون کە دەکەوتە سەرووی گوندی(بیران) لەسەرووی(کانی دوڵەبی) شوێنێکی سەخت ودژوارو عاسێ بوو، هەموو ڕۆژێك لەو شوێنەوە

دەهاتینەوە ناو ئۆردوگای پیرەمەگرون هەر ڕۆژێ ژمارەیەك برادەران كە لە(٥-٦)کەس تێپەڕی ناکرد بۆ هێنانی پێداویستی لەخواردنی ووشکەوپێداویستی تروهەروەها گۆڕینەوەی نامەوبلاوکراوەوبروسکەکانی سەرکردایەتی بۆ ناو شاروسەردانی کردنی خەڵکی دڵسۆز بۆ پەیداکردنی کۆمەك وپێداویستی و بەرزکردنەوەی مەعنەویاتی ڕێکخستن و گیانی کوردایەتی.

## نەوشیروان مستەفاش سەرسام بوو

بەهۆی ئەوسەرکەوتنمەوە کە بەدەستم هێنا لەگەڵ كاك غەریب هەڵەدنی واتە(ڕەتلی سورداشی پارتیزانەکان) پێکهاتەی پارتیزانەکان ئەوکات بەشێوەی ڕەتل بوو،چەند جارێك كاك غەریب هەڵەدنی بۆبەرێز کاك نەوشیروانی باس کردبوو، وەزعی ئیش وکاری شاخ وشار لەسەرشانم بووەوسەرکەوتووبووم، زۆر سەرسام بوون کە چۆن بەو تەمەنەوە ئەو هەموو ئیش و کارە دەکەم،بۆیە کاك غەریب لەرێکەوتی ١-٥-١٩٩٠ئاگاداری کردم کەکاك نەوشیروان بەنیازە بۆناوچەی کەرکوك(شوان وشێخ بزێنی)لەهەوڵی دروستکردن وناردنەوەی مەفرەزەیەکی باش وجێگای متمانەیە،لێی پرسیم ئایا دەتوانی لەگەڵیان بیت وسەرپەرشتی وچاوساغی و هاوکاریان بیت لەهەموو ڕوویەکەوە وەك ئەوەی بۆ ئێمەی دەکەیت؟ بێ هیچ بیرکردنەوەوسڵەمینەوەیەك ووتم





بەسەرچاومن پێشمەرگەوڕۆڵەی ئەم گەلەم،لەوکاتەدا گەنجێکی بەحەماس و هەمووی سالێکی بەسەر ڕۆیشتبوو کە تەنها لەخێزانەکەمدا(باوکم وحەوت برا)م شەهید بون، بۆیە ژیان هیچ مانایەکی نابەخشی بەمن جگە لەخەبات و تێکۆشان و خۆبەختکردن لەپێناوی نیشتماندا وەپێشم وابوو لەو سەردەمەدا ئەگەر خەڵکانی خاوەن شەهیدودڵگەرم نەبوایە ئەستەم بوو مرۆڤی ئاسایی بیتوانیبایە لەجادەی قیرلای بدایە چونکە زوڵم وزۆرودڕندەیی بەعس گەیشتبووە ئەوەی مرۆڤ لەسێبەرەکەی خۆی دەترسا.

## ئاکۆسوروهاوڕێکانی (مەفرەزەپارتیزانەکەی کەرکوك)

### قۆناغی یەکەم

لەرێکەوتی ١٥-٦-١٩٩٠لەناوشاربووم بۆڕاپەڕاندنی کارێك لەلایەن مام ڕەسول برای کاك بەکر تەلانی ئاگادارکرامەوە کە ئەمشەو کاك غەریب دەیەوێ بتبینێ و برادەرێکی تازەش لەسەرکردایەتیەوە هاتووە لەگەڵی ،سەعات ١٠-١٠دەقیقە لەگەڵ کاك بەکروکاك ڕەسول دانیشتبوین کاك غەریب ودوو برادەر هاتنەژورەوە کەووردبوومەوە لەیەکیان ناسیمەوە کاك ئاکۆسوور بوو، ئەویش پێشمەرگەی تیپی ٢١ی کەرکوك بوو،پێش ئەنفال

بەیەکەوە بووین ،خاوەنی ٣برای شەهیدبوو بەرلەئەنفالەکان، پێشمەرگەکەی تریش کاك هێمن تەلانی بوو کەزۆر شارەزای ڕێگاوبان و ناو ئۆردوگابوو،چەند سەعاتێك پێکەوە بووین و بەرنامەمان داڕشت کە ئەوان قۆناغ بەقۆناغ بەرێبکەون ،ئەوان بەپێشمەرگانە منیش لەشارەوە وێستگە بەوێستگە بەپێی توانای ڕۆیشتنیان بەرێکەوتن لەگەڵ من و کاك ئاکۆسور بەرنامەمان دانا و ئیتر ئەو گەرایەوە بۆلای برادەران، ئەوەی بەلای منەوە گرنگ بوو ئەو کەسانە لەو جۆرانەبن کەووشەی کۆڵدان و تەسلیم بوون نەزانن ئەوە بوو کاك ئاکۆ ووتی خەمت نەبێت زۆربەیان هاوڕێ ی خۆتن جێگای متمانەن، هەنگاوی یەکەم ئەوان لەشاخی پیرەمەگرون بگەنە شاخی تۆکمە کە دەکەوێتە نێوان ئۆردوگاو ناوچەی بازیان و باینجان.

ڕۆژی ٢٠-٦-١٩٩٠من لەناو کۆمەڵگەی باینجانەوە بەچاوساغی خزمێکی خۆم ڕۆژی پێشتر ڕێنوێنی کرام کە چۆن دەگەمە شاخی تۆکمە، گوندێکی کۆن بەناوی (کوپەلە) دەکەوتە سەر ڕێگاکە، کاتێك بەرێ کەوتم بەکۆڵێکەوە کەهێلکەی کولاو وسەمون وسێ تەکە پاکەتی سۆمەری ڕەش بوو،کاتێك گەیشتمە ناو قەدی شاخەکە گاوانێك و گاگەلێك لەپێشم بوون هەندێکی تر سەرکەوتم بینیم زەلامێك لەسەر قوتەکەبوو کەنزیك بوومەوە کاك ئاکۆ بوو چەك وتاقمی لەخۆی کردبوەوەو چاوەڕێ ی منی دەکردو





متابەعەشی دەکرد، دوای چۆنی وچاکی بەرێکەوتین بۆلای برادەران کەمن هێشتا نەمدەزانی کێن وە ئەوانیش نەیاندەزانی کێم؟کاتێك گەیشتمە نزیکیان هەریەك لەبن دارێکدا دانیشتبون کە وردە وردە لێم نزیك بونەوە هەموویانم ناسی کەبریتیبون لە :

١- بەختیارمەرزیخەیی ناسراو بە(خاڵەبەخە)لەدوای ڕاپەڕین شەهیدبوو.

٢-ئاوات حەمەرەشید، ناسراو بە (ئاواتەڕەش) کەرکوکی، لەشەری ناوەخۆ لەدوای ڕاپەڕین لەناوچەی شارەزوور شەهید بوو، جگەلەخۆی دووبرای تری شەهیدبوونە.

٣-ئیبراهیم ناسراو بە (ئیبۆ)خەڵکی گوندی قەفار بوو، لەدوای ڕاپەڕین شەهید بوو.

٤-ووریا قەفاری کورێکی گەنج بوو بچوکترین پێشمەرگەی ناویان بوو، لەدوای ڕاپەڕین شەهیدبوو.

٥- نەقیب ناسح خەڵکی کەرکوك بوو، لەژیاندا ماوە.

٦-فەخرەدین سمایل بەگی خەڵکی گوندی سمایل بەگی شوانە و لەژیانداماوە.

٧- پۆلا بچکۆڵ، پۆلا هەیبەیی ، خەڵکی گوندی هەیبەی سەرخاسەی کەرکوك، لەژیانداماوە.

٨-ئاکۆئەحمەدقەنات، لێپرسراوی پێشمەرگەکان بوو، جگە لەخۆی چواربرای تری شەهیدبوونە،پێشمەرگەیەکی هەڵۆ

ئاساوقارەمان و بەئەزمون ولێهاتوو چالاك وفەرماندەیەكی تابلێ ی سەركەوتوو بوو لەدوای ڕاپەرین لە شەڕەكانی ناوخۆ لە ناوچەی خۆشناوەتی شەهید بوو.

هەركەچاوم بەهەموویان كەوت كەزۆرینەیان هاوڕێی پێشمەرگایەتیم بوون لەتیپی ٢١ی كەركوك هەمویان نمونەی پێشمەرگەی دڵسۆزوخاوەن ئەزمون وجێگەی متمانەبوون.

ئەو ڕۆژە تاكو ئێوارە لەگەڵیان بووم دواتر بەدیوی ئۆردوگای پیرەمەگرون گەڕامەوە واتە بەگوندەكانی قازان وكەلەباش شارەزاش نەبوم بەناو دڕك ودالْ وبەزەحمەت وناخۆش گەیشتمەوە ناوپیرەمەگروون وخۆم ئامادەكرد بۆ قۆناغی دووەم.

## قۆناغی دووەم

قۆناغی دووەم مەوعیدمان گوندی شیرەوتلیان بوو كە لەناوچەی قەلاسێوكەیە و سەربەناحیەی ئاغجەلەرە،گەیشتن بۆ ناوچەكانی شوان وشێخ بزێنی و دەوروبەری كەركوك وای پێویست دەكرد بەو ناوچانەوە تێبپەرین،ناوچەكەش هەمووی چۆلْ و سۆتماك و وێرانەی دوای ئەنفال بوو خانویەك نەمابوو بەپێوە تەنها بەكەلاوە وبەمەزەندە و ئەگەر پێشتر شارەزابویتایە ئەگینا نەتدەزانی كویْ یە؟ بۆ ئەو گوندانەش لەبەرئەوەی پێشتر لەسنورەكە





پێشمەرگە بووم، كێشەم نەبوو هاتم بۆ ناوتەكیەی كاكەمەند خزم وكەسەكانم زۆربەیان لەویْ بوون بەڵام زۆربەیان بوبون بەسەرباز یان جاش وەرەقەویان خۆیان لەمالْ ئامرسریەكان حەشاردابوو، زۆر گەرام تاكو كەسێك هاوەڵیم بكات ، واتە لەگەڵم بێت لەخزمەهەرەنزیكەكانم دەستم پێكرد تاگەیشتە هاوریْ كۆنەكانم كەپێشمەرگەبوون وسیقەم پیْ یان هەبوو، بەڵام كەس لەگەڵم نەهات.

فەردەیەك(سەمون وتەماتەوهەندیْ داودەرمان و جگەرەودەرزی و دەزوو هەروەها پاتری قەڵەمی وەست)م كردە كوڵم لەخوار دەواجنەكانی تەكیەوە شۆر بومەوە بۆناوچەكە بەئاراستەی هەردوو گوندەكە بیْ ئەوەی ترس ودڵە راوكێش هەبووبێت لەلام ئەوەندە بروام بەخۆم هەبوو، زۆر هیلاك بووم مەوعیدمان سەعات ٩بۆ١٠ی بەیانی بوو،من كەوتمە شەو، چونكەواباشتربوو شەو لەو دەشتەبم ولەبەرەبەیانی لەدوری دێیەكان بم بەتاقی تەنها بووم بەو شەوە تەنانەت چەك ودەمانچەوچەقۆشم پیْ نەبوو حسابی ئەوەم كردبوو توشی جاش وجەیش بم بەهەربیانویەك بێت خۆم بپەرێنمەوە لەبەر ماندووبونی زۆر كاتێك راكشام بۆچەند سەعاتێك خەبەرم بۆوە لەبەرسەرمای ئەو دەشتەو هێشتا زۆری مابوو بۆ بەرەبەیان لەبەر چۆلْ و وێرانەیی و سۆتماكی ناوچەكە بۆنی خوێنی لێدەهات گوێم لەچەندین دەنگی سەیروسەمەرەی

گیانلەبەران دەبوو، دواتر گەیشتمە ناو گوندەکەوە لەسەر مەوعید زۆر چاوەڕێم کردن برادەران نەهاتن سەعاتێك وچڵ دەقیقە چاوەڕێم کردن هەر دیار نەبوون بۆیە شتەکانم لەپاڵ کەلاوەیەك دانا و بەرێگایەکی تر گەرامەوە پێی دەڵێن چەمی(تەوەکەڵ)، ڕێگایەکی دورو درێژبوو، بەلاَم وام پێ باش بوو ڕێگاکە بگۆرم، هاتمەوە بۆ پیرەمەگرون بۆ ئەوەی لەرێگای بێ سیمەکەی کاك غەریب هەڵەدنی یەوە مەوعیدەکانی تر رێك بخەمەوە ئەوەبوو قۆناغی سێیەم دیاریکردنی گوندی(مۆردخواردەی سەروو)بوو لە تەنیشت ئەو گوندەوە بوو کەپێی دەوترا(مۆردخواردەی خواروو)کەماڵمانی لێبوو پێش ئەنفالەکان.

## قۆناغی سێیەم

لەبەرواری ١-٧-١٩٩٠لەشارۆچکەی تەقتەق-ەوە بەرێکەوتم بەرەو بناری(خاڵخالاَن)بۆ گوندی مۆردخواردەی سەروو، ئەمجارە خزمێکی خۆم لەگەڵ بوو بەناوی(عادل مەجید)خەڵکی گوندی (سەرچنار)ی ناوچەی خاڵخالاَن بوو کە باش شارەزابوو هەموو خێزانەکەی ئەنفالبوون لەبەر شارەزایی و شتی زۆر بۆیە لەگەڵ خۆم بردم پێش نیوەڕۆ گەیشتینە گوندی(جەلەمۆرد)بەلاَم لەکەناری گوندەکە دیمەنێکی زۆر خەمباری و ناخۆشم بینی





کۆمەڵێك کەل وپەلی خێزانەکان بوون کە هەلاَتبوون چەند جانتایەك کەپێی دەڵێن(باوڵ)شتەکانی دیاربوو دەرهێنرابوون کەبینیم هی بووك وزاوابوو هەموو شتەکانیان ، کەلوپەلەکانیان وشتەکانیان هەمووی لەو ناوە بوو بۆیە لەناخەوە زۆرگریام وکاریگەری لەسەرم هەبوو شتەکانمان کۆکردەوە وگژوگیامان دایەبانی و شاردمانەوە، لەرێگا زۆر تێنومان بوو، لایلۆنی سپی بچوکمان پێبوو ئاومان تێدەکرد و کونمان دەکردوئاوەکەمان دەخواردەوە و بەکارمان دەهێنا.

کەگەیشتینە سەرشاخی خاڵخالاَن و چوینە خوارەوە بۆناو گوندەکە بەلاَم هەرچەند تەماشام دەکرد ئەم گوندە بەگوندە جوانەکەی جاران ناچوو لەهەموو ڕوویەکەوە کە گەیشتینە لای کانیەکە هەریەك لەکاکە ئاوات وکاکە ئیبراهیم هاتبوون بۆ مەوعیدەکە، دوای چوار سەعات پێکەوە بوون ئێمە گەراینەوە تەقتەق.

## نزیکەی پێنج مانگ

## لەتەقتەق-ەوە ئیدارەی مەفرەزەکەدرا

ژوانەکانی تر بۆشێخ بزێنی بوو،وە بەردەوام بە برادەرانم دەوت کە دەتوانن سوود لەناوچاڵ و ئەشکەوت و کونە تەیارە و

حەشارگەکانی خەڵك وەربگرن بۆ بەکارهێنانی کەلوپەل وخواردەمەنی بەتایبەت شەکروبرنج وڕۆن کەزۆربەی خەڵکی گوندەکان لەکاتی ئەنفالەکان لەناو بەرمیل حەشاریان دابوو زۆربەی تێك نەچوو بوو هەربۆیە سودیان لێ وەرگرتبوو.

ئیتر تاوەکو نزیکەی پێنج مانگ بەمجۆرە لەنزیك شارۆچکەی تەقتەقەوە ئیدارەی هەموو وەزعێکیانم داو هاتنی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە بۆخۆی هەروەکو تەحدایەکی گەورە وابوو بەتایبەت بۆ نزیك کەرکوك لەکاتێکدا رژێمی بەعس لەوپەڕی مەغرووری وبەهێزی بوو قەت لەوبڕوایە نەبوو جارێکی تر لەدوای ئەنفالەکان پێشمەرگە بۆتاقە ڕۆژێکیش سەرهەڵبداتەوە، هەروەك جارێکیان کاك غەریب هەڵەدنی پێی راگەیاندم کەکاك نەوشیروان زۆر زۆر مەبەستیەتی کە بۆ تەنها هەفتەیەکیش بێ پێشمەرگە بگاتە ئەو ناوچانەی دەوروبەری کەرکوك هەروەکو ئیسپات ووجود و تەحەدا بۆرژێمی بەعس بەڵام خۆشبەختانە بۆ پێنج مانگ لەوناوچانە ماینەوە کە ووردە ووردە هەواڵ بڵاوبوۆەوە ودەزگاسیخوریەکان بەئاگاهاتن کە پێشمەرگە پەیدابووە لەناوچەکەدا، دوای هاتنی وەرزی زستان و ئاشکرانەبونی شوێنەکانمان دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ سەرکردایەتی پێ یان باش بوو بگەرێنەوە بۆشاخی پیرەمەگروون بۆبنکەکانی کاك غەریب هەڵەدنی.





## گەڕانەوە بۆبنکەی پیرەمەگرون

ئەوەبوو بەهەمان شێوە و بەسەرکەوتویی گەڕاینەوە وئەمجارە توشی کێشەیەك بووین ئەویش بەهۆی ئەو هەموو هات وچۆی پێشمەرگەکانەوە بۆماڵی مام رەسولی تەلانی مام رەسوڵ دەترساوداوای کردبوو ئیتر پێشمەرگە نەچێتە ماڵیان ، بۆیە ئەمە بۆمن بووە مایەی کێشەیەکی گەورەو رێکخراوی سلێمانی لە یەکێك لەنامەکاندا داوایان کردووە کەمن هەر بەکۆڵ و لەسەر باوەڕبەخۆ بوون ئیدارەیان بدەم و لەو دیوی جادەکەوە شتەکان لەشوێنێ بۆ برادەران دابنێم، بەڵام خۆشبەختانە پیاوێکی دڵسۆزونیشتمانپەروەر کە ئاشنایەتیم لەگەڵی پەیدا کرد ئەو ڕەزامەندی نیشاندا کە ئامادەیە ئیشەکەی مام رەسوڵی تەلانی بگرێتە ئەستۆ ئەگەر لەم پێناوەشدا سەری تیابچێت، ئەم قسانەی بۆخۆم کرد ئەو کەلە پیاوەش ناوی(مام رەسوڵی کرژەیی)بوو پیاوێکی بەتەمەنیش بوو، بەڵام شوێنی ماڵەکەیان زۆر نالەباربوو بۆ ئیش وکارەکانی ئێمە چونکە کەوتبووە خوارووی خواری ناو ئۆردوگای پیرەمەگرونەوەو لەو دیوی ماڵیشانەوە ڕەبیەکی جاشی لێبوو بۆیە ئەم حاڵەتانە تۆزێك نارەحەت بوو بۆمان پێویست بوو زۆر بەحەزەرەوە هاتوچۆمان بکردایە، مام رەسوڵ خاوەنی سێ کوروپێنج کچی عازەب بوو خێزانەکەی (ڕازیە خان)نمونەی ژنی ئازاودڵسۆزوچاونەترسو دایکێکی میهرەبانی من وهاورێکانم بوو،

کوروکچەکانیش بەهەمان شێوە ،زۆرترین دڵسۆزوشوێنی مانەوەم ماڵی کاک عەبدوڵڵای حاجی ڕەسوڵی ڕانیە ومام رەسوڵی کرژەیی بوو، تاڕادەیەك کە هاتینە پیرەمەگرون شێوەیەك لە ئارامیمان وەرگرت چونکە تەنها هات وچۆی بنکەکەو ناو کۆمەڵگای پیرەمەگرون بوو.

## برادەرانم بەئاسانی دەبردەوە ناوشار

زیاتر سەرقاڵی ئەو کارانەی کاک مستەفا عیزەدین بووم،کەفێری کردبووم پێش شەهید بوونی ، ئەوە بوو توانیم چەند مۆرێك دروستبکەم و چەند برادەرێکیش هەندێك(عدم تعرچ)ی عەسکەری و هەندێك هەویەی کاتی(امرمجموعە)کەئاسان بوون دروستکردنی دروستم کردبوون،کاك ئاواتە ڕەش کەزۆر هاورێم بوو وەناوی یەکێك لەکورەکانم بەناوی ئەوەوە ناو ناوە ئاوات دوای شەهیدبوونی، ووتی بۆ نامبەیت بۆناوشار لەگەڵ خۆت ئەوەبوو دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی برادەران لەماڵی مام ڕەسوڵی کرژەیی مایەوە وتۆزێك خۆی کردە کەسێکی مەدەنی هەندێ کۆلانەکانی ناو پیرەمەگرونم پێکرد بۆ ئەوەی ترسی بشکێت بۆ دواتر چوینە سلێمانی و کەرکوك و هاتینەوە بەسەلامەتی و دواتر کاك وریا قەفاریم برد بۆچەمچەماڵ بۆ ئۆردوگای شۆرش سێ ڕۆژ پیکەوە





ماینەوە ،دواتر کاك ئاکۆسور زۆر حەزی لێ بوو بەڵام من نەچوومە ژێر ئەو بارەوە چونکە هەم کاك ئاکۆ کەسێکی دیاربوو هەروەها هیچ ناسنامەیەکی نەبوو وەتوشی نەخۆشی(پەرکەم)بوبوو کاتێك هەواڵی پێ دەدەن کەبراکانی شەهیدکراون بۆیە بریارم نەدا بەڵام برادەران ووتیان ئاساییە و هەردوکتان یەك حاڵەتتان هەیە وهەرچۆن بێت بیبە لەگەڵ خۆت بۆماڵی باوکی لە ئۆردوگای کەورگۆسك کە کەتۆتە نێوان هەولێرو موسڵەوە .

## چۆن ئاکۆسورم گەیاندە کەورگۆسك

قاتێکی شاڵی رەساسیم بۆپەیداکرد و ناسنامەیەکی ئامرمەجموعەی خەفیفەم بۆ پڕکردەوەوتەرتیبم کردو بەرەبەیان بەرێکەوتین بۆسلێمانی، کاك ئاکۆ هەرکەشەو وەکو مەدەنی و بێ چەك لەگەڵم مایەوەولەسەر دۆشەکی نەرم وبەتانی بەور خەوت خەریك بوو توشی شۆك بێت دواتر بردمە گەراج وسواری پاس بووین هەر سەیری ئەملاو ئەولای دەکرد تا وورده وورده راهات و سواری سەیارەی موسڵ بوین ووتم:لەبەر بازگەکان واباشترە چونکە کەمتر پشکنین دەکران، بازگەی سلێمانی لەبان مەقان بوو کە گەیشتینە بازگەکە ووتم ئاکۆگیان ئیتر تۆپیاوێکی ئامرمەجموعەی کۆنە جاشیت وپیاوی حکومەت وئیتر نابێت

بترسیت و بازگەکان هیچ نین وفشەیە هەرکات ئینزیباتەکە هات نزیك بۆوە تۆ چاوبکە ناوچاوی کاك ئاکۆ کورێکی سوروسپی و قۆزوبەهەیکەڵ بوو کاتێك کابرای ئینزیبات بەدەور کۆستەرەکەو چاوێکی بەجامەکەی من وئاکۆ خشان و سەیری هەمووی کرد ئیتر ووتی(اگلع)کاتێك لەبازگەکە دەرچوین ئاکۆ سەیری منی کردو ووتی وەللاَ تۆئازایت وباش ئەمانەت ناسیووە،ووتی چەند بازگە ماوە تا دەگەینە کەورگۆسك ووتم نزیکەی شەش بازگە، بەلاَم هەمووی وەك ئەمانەوایە،من پێشتر سەردانێکی ماڵیانم کردبوو،بەلاَم لەبەر ڕەشپۆش وگریان هیچی ترت بەدی ناکرد لەماڵیان دەیانزانی ئاکۆ دەبەم بۆ ماڵیان بەلاَم مەوعیدەکەیان نەدەزانی و کەسیش لەو ناوچەیە نەمن و نە ئاکۆیان ناناسی ، کاتێك چوینە نزیك ماڵیان وسەرەتا من چومە ژوورەوە ووتم یا ئەللاَ مام ئەحمەد، مام ئەحمەد باوکی بوو دانیشتبوو لە هەیوانەکە ووتم رەمەزانم هێنا بۆتان کاك ئاکۆ ناوی خۆی (رەمەزان) بوو،ئیتر وام ووت ئەو پیاوە پیرە ڕاپەری بەڕاکردن هات بەرەو پیریم ووتی کوا؟ووتم لەدواوەیەوئاکۆ خۆی کرد بەژووردا و ئیتر هەر ئەوەندەی ژن ومنداڵ زانیان لەناوحەوشەکە هەموویان بەدیارییەوە دایان نیشاندوو یەکێك ماچی دەکردو یەکێك بۆنی دەکردو یەکێك دەگریاویەکێك پێدەکەنی بەڕاستی مەشهەدەکان زۆر سەیربوون بەلاَمەوە، ئیتر منیان فەرامۆش(اهمال)کردوتائێوارە پێکەوە بوین





بەلاَم ئەوەی باش بوو ماڵێکی نهێنی پارێزبوون وئیتر من ڕۆیشتم و دوای چوار ڕۆژی تر چومەوە بەشوێنی و هێنامەوە و لەماڵی مام رەسول کرژەیی بوین تاوەکو شەو، شەویش گەیشتەوە ناو هاورێکانی، ئەم کارەی من بووە مایەی سەرسوڕمانی هەموو برادەران و زۆر سەرسوڕمانیان هەبوو کە چۆن ئەم موجازەفەیە دەکەم،بەڕاستی خۆشم زۆر دڵخۆش دەبووم کاتێك بەسەرکەوتوویی دەیانم هێنایەوە.

## کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوی سلێمانی

ڕێکخراوی سلێمانی کەبەڕاستی ڕۆڵیان هەبوو کەسێکیان بۆهەڵسورانی کاروبارەکانی خۆیان لەگەڵ ئێمە بۆدیاریکردم بەناوی(پشتیوان)کە ئیتر کۆمەك ونامەوبروسکەی ڕێکخراو لەرێگەی ئەو برادەرەوە بگاتە دەستمان لە مەوعیدێکدا یەکترمان ناسی کەناوی تەواوی(موحەمەدی خاڵە فایەق)بوو، ناوی نهێنی (پشتیوان)بوو،بەڕاستی کورێکی ئازاولەخۆبورد بوو،سەیارەیەکی بەرازیلی تاکسی پێ بوو ژمارەکەی (٢٥)بوو بەو سەیارەیە دەهات بۆلام و هەندێك جارپێکەوە بۆ سلێمانی دەچووین، لەم سەروبەندەدا جەنگی کوەیت–عێراق هاتە ئاراوەو گۆرانکاری سیاسی وبارودۆخەکە گۆرانی تەواوی بەسەرداهات وئیتر ووردە

وورده هەست بەوە دەکرا رژێم توشی داوی خۆی بوو سەرەتای شکستی رژێم ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەڕوونی دەرکەوت ئیتر ئەو فشاروئەوهێزوترس وتۆقێنەرانەی رژێم نەمان.

## گەیشتمە ناوزەنگ

هاورێیەکی پێشمەرگایەتیم هەبوو (مامۆستا عادل شەریف)لەڕانیە نیشتەجێبوو، پێشتر فەرماندەی کەرت بوو لەتیپی ٢٥خاڵخاڵان بەئاگاداری کاك نەوشیروان خۆی گونجاندبوو، لەگەڵ بەشی هەواڵگری تیپی ٢٤، مامۆستا عادل پیاوێکی زیرەك وبەتوانابوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی نزیك بوو لەکاك سەباحی برام کە ئەویش لەڕانیە خۆی حەشاردابوو، باسی کردبوو کە بەئاگاداری کاك نەوشیروان و مەکتەبی سیاسی من لەگەڵ ئیستخبارات کاردەکەم،جارێکیان قسەمان کردو من متمانەی تەواوم پێ هەبوو چەند برایەکی شەهیدی هەبوو، لەبەر هەندێ وەزعی تایبەتی خۆی دەبوو وابکات، بەهەرحاڵ مامۆستا عادل هەفتەی سێ ڕۆژ ڕێگای پێ درابوو بچێت بۆسەرسنوری ناوچەی قەلادزێ بۆگوندی (سونێ)، ئەو دەمە قەلادزێ و تەواوی ناوچەی پشدەر ڕاگوێزرابوون و کاولکرابوون ، هاتوچۆکردن تەنها بۆپیاوانی ئەمن وئیستخبارات بوو، مامۆستا عادل ووتی :ئەگەر ئەتەوێت بچیت بۆ ناوزەنگ بۆ لای سەرکردایەتی وکاك نەوشیروان ئەوا من ئەتوانم





هەتاوەکو گوندی سونێ بتگەیەنم، ئەوکاتەش بەهۆی بارودۆخی کوەیت ڕێکەوتنی ئابوری لەنێوان عێراق و ئێران مۆرکرابوو، چونکە گەمارۆی ئابوری خرابووە سەرعێراق، ئێران هەموو سنورەکانی والأکردبوو ئیتر رژێم جۆرە کارئاسانی وڕێگاپێدانی بۆخەڵکێ کەخۆی پێی باش بوو دەکرد بۆ هێنانی ئازووقە،مامۆستا عادل ووتی کەچویتە سەرکردایەتی ئەم بارودۆخە باس بکەوبا شۆڕش سوود لەو بارە ببینێ و بەناوی قاچاغچیەکانەوە بازەخیرەوئازوقەی زۆر بهێنێتە ناوەوە بۆ پارتیزانەکان ، ئەوەبوو لەگەڵ مامۆستا عادل بەسواری سەیارەیەکی جۆری (شەلەخەجێ)چوین لە(بازگەی دەربەند)مامۆستا عادل-یان ناسی و ڕێگایان پێداین ، ئیتر کەسیتر نەهاتە پێشمان تاگەیشتینە دواخاڵی سەربازی عێراق ئاسایی بوو وە لەخوار سونێ دابەزیم و ڕێگایەك بوو تاکو ناوزەنگ قەرەباڵغی هەبوو، زستان بوو بەفرێکی زۆر ناوچەی زەڵێ و ناوزەنگی داپۆشیبوو،کەچومە ناوزەنگ بۆ بارەگای کاك نەوشیروان کاك سەیوان لەوێ بوو سکرتێری بوو، ووتم بلێ چەتۆ هاتووە لای برادەرانی خوارەوە بە(سەربەست)ناسراوە،ئیتر یەکسەرچوم بۆلای کاك نەوشیروان، خۆشی ئامادەکردبوو بچێت بۆ گوندی(قاسمەڕەش)بەڵام لەبەرمن دوایخست، زۆر ڕێزی گرتم و بەخێری هێنام و زۆر خۆشحاڵ بوو کەوتە دەستخۆشی و

سوپاسگوزاری بەرامبەرم وە ووتی:من ئاگاداری هەموو وەزعەکانتم وهەر ئەوەش لەخەڵکانی وەکو تۆ چاوەڕوان دەکرێت ووتی لەگەڵ کێ هاتی وچۆن گەیشتیە ئێرە؟ووتم لەرێگای مامۆستا عادل ئیتر بەلایەوە ئاسایی بوو، ووتی لێی مەترسە.

من کەوتمە باسی وەزعی خۆمان وباسی ئەوەم کرد کەپێم باشە ئیستغلالی ئەو وەزعە بکەین وبەناوی هاولاتیانەوە چەند تەنێك خواردەمەنی داخل بکەین و وورده وورده بیگەیەنینە بنکەکانی پارتیزانەکان ، بەراستی کاك نەوشیروان زۆری پێ باش بوو کاك سەیوانی ڕاسپارد کە ئەو کارە بکەن ،کاك حیدەرحاجی تانی لەیەکێك لەبازگەکانی نزیك ڕەبیەکان بێدەلان بوو ، ئاگادارکرایەوە بۆ کارئاسانی .

کاك نەوشیروان چەند پرسیارێکی ئاراستەکردم بەتایبەت لەسەر سەرۆك فەوجەکانی خەفیفە، وەباسی ئەوەی کرد کە گۆڕانکاری گەورە بەڕێوەیە بەزووترین کات گەڵەکەمان رزگاری دەبێ لەدەستی رژێم، وەدواتر پرسی چیتان پێویستە من هەندێك پێداویستم هەبوو بۆ ناسنامەوکلێشەومۆری تەزویروئیستنساخ کردنی برێکی زۆر، ئەوەبوو کاك سەیوان هات لەگەڵم بۆ(قوڵە هەرمێ)کە نەخۆشخانەی لێ بوو، لەوێ جیهازی فۆتۆکۆپی وچاپ وئەوشتانەی لێ بوو هەموویان بۆم جێ بەجێ کرد.





## بێسیمی نێوان ئاواتە ڕەش و سەرکەوتەڕەش

دواتر چووین بۆ ژووری بێ سیم کەکاك (سەرکەوتەڕەش)لەوێ بوو پرسیاری دەنگ وباسم کرد هی برادەران بنکەکەی خۆمان لەپیرەمەگرون ووتی ئێستا دێنەوە سەرخەت کاتێك هاتنە سەرخەت دیاربوو کاك ئاواتە ڕەش کەرکوکی بوو،ووتی :کاك ئاوات ئێستا میوانێکمان لایە،ڕەنگەبڕوانەکەن،ئیتر کاك ئاوات ووتی:تەنها ئەم شتانە و ئەم ئیشە سەیرانە هەر لە(سەربەست)دەوەشێتەوە، ئیتر ووتی:وایەولامانە.

قسەم لەگەڵی کرد،زۆری لاسەیر بوو پێم ووت من لەسەرمە نان وخەمتان بخۆم ئەمجارەش خۆم گەیاندۆتە ئێرەو هەموو شتێك بەدڵی خۆتان دەبێ دواتر گەڕامەوە و دوای چەند ڕۆژێك شۆرش لەرێگای چەند دۆستێکی خۆمانەوە یەکێك لەوانەش سەباحی برام بەناوی کاسبیەوە ئازوقەی دەهێنا بۆ ڕانیە، وەدواتر بەچەند کاروانێك گەیاندمانە ئۆردوگای پیرەمەگروون هەروەها بۆ تەکیە و چەمچەماڵ وەك یەدەگێك ئەگەر هێزهاتەخوارەوە.

## رژێم ئاگای لەکوردستان نەما

بارودۆخ وای لێهاتبوو رژێم ئاگای لەکوردستان نەمابوو، چەکدارە کوردەکان گۆڕابوون ،وورده وورده سەربازە کوردەکان

خۆیان دەشاردەوە کە نەچن بۆ واجب و بۆ کوێت پۆل پۆل لەدەرەوەی ئۆردوگاکان وشارەکان خۆیان حەشاردەداو فیراریان دەکردو خواردن وشتیان بۆ دەهات، رژێمیش تەنها لەناو شارو بارەگاکانی خۆیاندابوون، لەوکاتەش لە ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان رۆڵێکی زۆر بەرچاو وگرنگی هەبوو زەمینەسازی دەکرد بۆ ئامادەکاری ڕاپەڕین.

تا ڕاپەڕین چەندین کەس پەیوەندیان کرد پێمانەوە لەپێشمەرگە کۆنەکان وڕێکخستنە کۆنەکان ، وەنوسراو ونامەش لەلایەن کاک نەوشیروانەوە نێردرا بۆ سەرۆک جاش و مەفرەزەکان و چەکدارە کوردەکان، ئیتر هاتنە ناو کۆمەڵگای پیرەمەگرون بووە شتێکی ئاسایی و چەندین جار خەڵکیش لەسەرکۆلان وپەناوپەسێرەکان توشمان دەبوون وکەس ئیخباری نەدەکرد.

هاوکارانی خەباتی سەختی پارتیزانی

هەبوونی هێزە پارتیزانەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەناوشاخ و ئەشکەوت وبنکەکانی ژێر زەوی لەناوچەکانی گەرمیان ، چۆڵ نەکردنی خاک ونیشتمان و خۆڕاگرتن لەخاکی وێران وگوندی چۆڵ وسۆتماك لەپێناوی ئازادی وسەرفرازی لەو سەردەمە مەترسیداروسامناکەدا بەڕاستی هەر لەکورانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی ئەوسەردەمە ویەکێتی نیشتمانی کوردستان دەوەشایەوە کە بۆ ساتێکیش پێشمەرگە خاك ونیشتمانی چۆڵ





نەکرد، ڕاپەڕینیش بەرهەمی ئەو خۆڕاگری وخەباتە بوو ئەو بەلێنە بوو کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەخۆیی ومیللەتەکەی دا کە میللەتەکەی جێ ناهێڵێ، وە لەڕاپەڕینیشدا پێشمەرگە پارتیزانەکان دەستپێك و سەرقافلەوهێزی یەکەم بوون گەیشتنە فریای خەڵکی ڕاپەڕیوو،بۆمێژو دەمەوێت ناوی ئەوبەرێزانە بێنم کەلەشوێنە جیاجیاکاندا هاوکاروپشتیوان ولەگەڵ-مان بوون بۆسەرخستنی ئەو قۆناغەی خەباتی پارتیزانی:

١- ناوچەی دوکان وپیرەمەگرون

(مام رەسوڵ تەلانی ،مام بەکرتەلانی،مام رەسوڵ کرژەیی،کاك شەوکەت سورداشی، کاك رەووف دوکانی، کاك ئەنوەری برای کاك شوان موغاغی،مام محەمەدسیۆکانی، هاوڕێ سەرچنار،کاك حەمەزیاد دارەقوتەیی، کاك محەمەدی خاڵەفایەق(هاوڕێ پشتیوان)).

٢- ناوچەی ڕانیەوقەلادزێ

(کاك عەبدوللأی حاجی رەسوڵ،مامۆستا عادل شەریف،سەباح سالح سەعید،براکانی کاك سەید حاجی، کاك زرار ڕانیەیی)

٣- ناوچەی تەکیەوچەمچەماڵ

(مامۆستا جەلال تەکیەیی،مام مەروان چنارنەیی،کاك عومەر ئەسعەد،کاك حەسەن قەفاری لە ئۆردوگای شۆڕش، کاك ڕەمزی فلامەرز خزمی شەهید ئاواتە ڕەش)

٤-کەرکوک

(کاك نەوزادی تەنەکەچی، ماڵی شەهید ئاواتەڕەش، کاك هیوای ئامۆزای کاك نەقیب،کاك مەنافی خزمی شەهید وریا).

٥- ناوچەی تەقتەق

(ماڵی دایکی کاك فەخرەدین سمایل بەگی(ئایشە حەکیم محمدسمایڵ بەگی)، ماڵی کاك ئەحمەد وکاك عەزیز کوێخا شەریف،کاك عادل مەجید سەرچناری)

لەکۆتاییدا سەری رێزو نەوازش بۆ هەموو شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان بەگشتی وسەرجەم شەهیدانی پارتیزانی دادەنێم وسوپاسی بێ پایان و رێزم بۆ هەموو ئەو بەرێزانەی ناوم هێناون و هەتاهەتایە خۆم بەقەرزاریان دەزانم.

# بەشی حەوتەم

## وێنە و دیکۆمێنتەکان



لەچەپەوە لەریزی پشتەوە: ١-نەقیب ناسح ئەحمەد ٢-حەیدەر حاجیتانی ٣-شەهید ئاواتەڕەش ٤-پۆلاً هەیبەیی ٥-شەهید ئیباو ٦-فەخرەدین سمایل بەگی

لەچەپەوە ریزی یەکەم: ١-شەهید خاڵە بەخە ٢- شەهید ئاکۆسور ٣- تەیب٤- شەهید ووریا قەفاری



لەگوندی گۆمەزاڵ لە ١٣-٧-١٩٩٠ گیراوە

ڕاوەستاوەکان لەڕاستەوە:١- نەقیب ناسح ٢-شەهید ووریا قەفاری ٣-شەهید ئاواتە ڕەش ٤-فەخرەدین سمایل بەگی ٥-حەیدەر حاجیتانی ٦-شەهید ئیباو ٧-پۆلاً هەیبەیی ٨-شەهید ئاکۆ سوور،

دانیشتوەکان لەڕاستەوە:١-بێستون سابوراوایی ٢-شەهید خاڵەبەخە.







گۆمەزەڵ دۆلی جافایەتی ٣١-٧-١٩٩٠

لەڕاستەوە:١-فەخرەدین سمایل بەگی ٢-شەهیدئاکۆسور ٣-بێستون تەلانی ٤- شەهید ووریا قەفاری ٥-پۆلاً هەیبەیی



لە٢٣-١٠-١٩٨٨لەپیرەمەگرون گیراوە

ڕاوەستاوەکان لەچەپەوە:١-عوسمان عەبدوللا(شوان گێچینەیی) ٢-تەیب محەمەد(ئاسۆ سورداشی) ٣-جەلال حەمە سالح (ماموستا جوامێر) ٤- محەمەد حاجی کەریم(سالاڕ هەڵەدنی) ٥- ئەنوەر عەبدوللا(بێستون تەلانی) ٦- عەلی حەمە کاکی(هیوا)

دانیشتوەکان لەچەپەوە:١-عاید عەلی(هێمن تەلانی) ٢-فەریق مەحمود بەگ(شەماڵ)٣-شەهید غەریب هەڵەدنی ٤- بەکر مەجید(کاروان) ٥- سدیق ئەحمەد سەردار



لەحوزەیرانی ١٩٩٠لەپیرەمەگرون گیراوە

ڕاوەستاوەکان لەچەپەوە:١-شەهید غەریب هەڵەدنی ٢-بێستون تەلانی ٣-نەقیب ناسح ٤-عاید تەلانی

٥-شەهید توٚفیق(تواناسوور) ٦-پوٚلاٚ هەیبەیی

دانیشتوەکان لەچەپەوە:١- شەهید ئاکوٚسوور ٢-حەیدەر حاجیتانی ٣- دکتوٚر تەها ٤-سەردار یاخسەمەری

٥- یاسین عەبدولکەریم(خاڵە یاسین)



پوٚلێك پێشمەرگە لەکوندی بلەکێ لەساڵی ١٩٨٩ گیراوە







لەگوندی بلەکێ ساڵی ١٩٩٠ گیراووە

چەتوٚساڵح ورزگارعەلی وهەژارچاوشین ونەجات باوەیی وعەلوٚ مەنزەر و ئاراس و پێشمەرگەیەکیتر.



گوندی بلەکێ ساڵی ١٩٩٠ژمارەیەك لەپێشمەرگەکانی تیپی ٢١ی کەرکوك



ساڵی ١٩٩٠ لەبلەکێ گیراوە

ڕاوەستاوەکان لەچەپەوە:١-شەهیدووریا قەفاری ٢-نەقیب ناسح ٣-شەهید سەرداری حاجی ڕەزا

٤-ئارامە ڕەش ٥- قەندیل

دانیشتوەکان لەچەپەوە: ١- حەسەن شورتە ٢- فەیسەڵ ٣- هەڤاڵێکی حزبی شیوعی ٤- ڕەحمان کۆنفۆ



لە بلەکێ گیراوە ساڵی ١٩٨٩

ڕاوەستاوەکان لەچەپەوە:١- ڕەحمان کۆنفۆ ٢- نەقیب ناسح ٣- هیوارەش ٤- غایب

دانیشتوەکان لەچەپەوە: ١-ئاسۆ قەرەناوی ٢-شەهید ووریا قەفاری ٣- هێمنە خرە ٤- نەناسراو.







بناری پیرەمەگرون ساڵی ١٩٩٠

ڕاوەستاوەکان لەڕاستەوە:١- فەخرەدین سمایل بەگی ٢- شەهید ئاکۆ سوور ٣- تەبیب ٤-شەهید خاڵە بەخە

٥- شەهید ووریا قەفاری

دانیشتوەکان لەڕاستەوە: ١- شەهید ئیباو ٢- شەهید ئاواتەڕەش



لەشاری سەقز ساڵی ١٩٨٩ گیراوە

لەلای ڕاستەوە:١-شەهید ئیباو ٢- نەقیب ناسح ٣- سەرکەوتە شەل ٤- نەهرۆ ڕەش



له٢٥-٨-١٩٩٠لەبناری پیرەمەگرون گیراوە

مەفرەزەپارتیزانەکەی عوسمان سیێدەری



له١١-٥-١٩٨٦ لەگوندی قەمچوغە گیراوە

چەتۆ سالح وجەبار ئەستیف ومامەلاو وکاوە سوور وچەند پێشمەرگەیەکی تر







ساڵی ١٩٩٠ مەفرەزەیەکی پارتیزانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان




شەهیدی فەرماندەی پارتیزانەکان غەریب هەڵەدنی



لە٣٠-٨-١٩٩٠ گیراوە

شەهید رزگار یاخیانی، ئەم وێنەیە چەند سعاتێك بەر لەشەهیدبوونی لەکەلێنی لوتەر گیراوە و پێشمەرگەی مەفرەزەکەی عوسمان سێدەری بووە.



ساڵی ١٩٨٨گیراوە لەشاخی ژیلوان

ئەنوەر حاجی عەبدوللا(بێستون تەلانی) لەکاتی نانکردندا







لەڕاستەوە:١-شەهید غەریب هەڵەدنی ٢- عوسمان سێدەری ٣- مامەقاڵەی شارباژێڕ



لەبلەکێ گیراوە لە ٢٠-٣-١٩٨٩

لەڕاستەوە:١-حەمید عەبدولرەحمان عەلی بەیانی ٢- فەخرەدەین سمایل بەگی



سالّی ١٩٩٠ بلەکیّ

لەڕاستەوە:١- چەتوّ ٢- سالار ٣- ئاراس



سالّی ١٩٨٦ گوندی سەرچناری خالّخالان

چەتوّسالّح و پیّشمەرگەیەکی هاوریّ ی







سالّی ١٩٩٠ بلەکیّ ی سەرسنور بارەگاکانی هیّزی پیّشمەرگە

لەچەپەوە: چەتوّسالّح وکاك ئاراس



لەچەپەوە:١- نەقیب ناسح بیبانی ٢- تالب فاروق



لەچەپەوە: ئەیوب رەشید و فەخرەدین سمایل بەگی







کوردستانی ڕۆژهەلاّت – نەلاس

شەهید عەبدولرەحمان سالّح سمایل بەگی و فەخرەدین سمایل بەگی و شەهیدی کۆچکردوو هەمزە ئەحمەد محەمەد ناسراو بەئامانج



ساڵی ١٩٩١گیراوە

لەڕاستەوە:١- فەخرەدین سمایل بەگی ٢- مام ڕەزا ووسوی قەرەناو ٣-شەهید خاڵە بەخە



ساڵی ١٩٩١لەقەمچوغە گیراوە

لەڕاستەوە:١- فەخرەدین سمایل بەگی ٢-شەهید ئاواتەڕەش







کوردستانی ڕۆژهەلاَت-بلەکێ –ساڵی١٩٨٩

لەڕاستەوە:١-جەلالی عومەربەگ خەڵکی جافایەتی ٢- فەخرەدین سمایل بەگی



شەهید پشکۆ وشەهید ئیبباو



کوردستانی ڕۆژهەلات-نەلاس

فەخرەدین سمایل بەگی



مەفرەزەی پارتیزان - کۆسرەت

له راستەوە: تالیب ، عەزیزە سوور ، هیوا رەش ، سامان







مەفرەزەی پارتیزان — کۆسرەت

عەزیزە سوور



مەفرەزەی پارتیزان — کۆسرەت

راوەستاوەکان، له راستەوە: خالید، دلٚزار رەفیق، شەهید پشکۆ، عەزیزە سوور

دانیشتووەکان، له راستەوە: تالیب فەریق، هیوا رەش، محمد ، نەزانراو، سامان



ساڵی ١٩٩١

لە راستەوە: رەمزی فلامەرز، شەهید ئاواتە رەش



ساڵی ١٩٩١

لە راستەوە: فاتح بازیانی، رەمزی فلامەرز، شەهید ئاکۆ







ساڵی ١٩٩١

لە راستەوە: رەمزی فلامەرز، شەهید ئاوات



ساڵی ١٩٨٩، بلەکێ




ساڵی ١٩٩٠ ، چەمچەماڵ

لە ڕاستەوە:چەتۆ صالح، ڕەمزی فلامەرز







(٢)

هاوڕێی بەڕێزم کاک عبدالله

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

هیوامان شادمان و سەرکەوتنتانە .

هاوڕێیانی بارەگا تێکڕا سڵاوی گەرمیان هەیە بۆتان .


زۆر سوپاس هاوکاریتان دەکەین و شتەکانتان بە دەستمان گەیشتووە

[illegible]

ئێستا [illegible] هیچ شتمان پێویست نییە ، دووبارە سوپاستان


دەکەین .


[illegible]


ئاهەنگ و کارەکانتان زۆر دڵخۆشکەرە [illegible] هەموویان
جیا بە جیا دەکرێن.
[illegible] لە ئاهەنگ و کارەکانی [illegible] زۆر زۆر لە [illegible]
[illegible] ئاگادارمان بکەنەوە.
هەر سەربەرز و سەرکەوتوو بن بۆ هەمان
١٩٧٩
دڵسۆزتان پیرەمێرد
تێبینی:
[illegible]







(٤)
زۆر بەڕێز کاک عبداللە
سڵاوێکی گەرمی شۆڕشگێڕانە
هیوامان بەشادی و سەرکەوتنتانە.
زۆر بە گەرمی هەواڵی ساغی و سەلامەتیتان دەپرسین.
هاوڕێیان یەکە یەکە ڕێزیان هەیە بۆتان. ئێمە زۆر باشین و
هیچ کەم و کوڕییەکمان نییە.
هاوکاریی بەڕێزتان هێندەی تر دڵگەرمی کردین [illegible]
هەروەها بەڕێز نامەی ١٠/٥/١٩٧٩ تان بە دەستمان گەیشت و زۆر سوپاستان دەکەین.
[illegible]
[illegible] [redacted] [illegible]









برایانی بەڕێز و خۆشەویستەکان بەیادکردنێ

سڵاوێکی گەرم برایانە ..

سەربەرزی و سەلامەتی و پیرۆزیتان هیوادارم .

هاوڕێیانی تێکۆشەر ، نامەکانی (١٨ ، ١٩ / ٩) و جەزرەکەتانمان بە دەست گەیشت

فەرموو لەگەڵ هەندێ سەرنج و وەڵامی ئێوەدا ...

* بۆ ناردنی بروسکەکانمان و وەڵامەکانی جێگای سوپاسە . دیارە دەبێ بەڕێزت دەڵێی وەڵام و چەرچی نەبێت چاکە ، بەتایبەت بۆ سەلامەتی گرنگە وەک ئێوە .

* دەربارەی زانیاری پەیوەندی بە ناوەند کارێکی چاکە ، بۆ هەواڵەکانی شارستان نابێت ئێمە بەردەوام ئاگادار بین هەواڵەکانمان بەدوور و درێژی تیا ناردەوە ، و لەمەودواش هەر زانیارییەکی پێویستە هەبێت بۆتانی دەنێرین بە بەستەی ئاپاندی بەسەر ئەوە .

* بۆ پەیوەندی پەیامانە ، ئێمە ڕونمانە کردبووە بۆ کاک خالید ، و جارێکی تر تەئکیدی لێ دەکەینەوە کە ئێمە بێ هاوڕێکانی تریش بەڵام هیچ ناتوانین دیسانەوە ، بەڵام بەڵام نامانەوێ هەموو هاوڕێیەک بۆ ئەم کارە هەڵبژێرین کە هەست بە پێویستی زۆر کردووە و دڵسۆز بێت ، دووەم ئەو هاوڕێیانەی کە ئێستاکە پەیوەندی بە ئەنجام گەیاندن هەبێت (یەک) ناسیوی و چوونەتە ماڵەکانیانەوە زۆر زەوق بووەتەوە ئیحتیاتی کە شتی بوونیانە زۆر زۆرە .. بۆیە باشترین چارەسەر ئەنجامدانی کۆبوونەوەکانە لە دەرەوەی ئۆردوگادا و بە تەنسیقی هەردوولاتانە ، و دانانی شوێنە و کاتی مەوعیدەکانە لە ماوەی مانگێک یان دوو مانگدا .

* کارێکی گونجاو و واقیعییە گەر ئێوەش لە لایەن بەڕێوەچوونی پەیوەندییەکانمانەوە کەسانی دڵسۆز و دۆستی نزیک و بێلایەن بۆ خۆتان پەیدا بکەن ، هیچ نابێت بۆ کاتی ئیحتیاط و خوا نەکردە لە یەکتری بیچڕێینمانە بە هەر هۆیەکەوە بێت .

* بۆ ئاگادارییە کەڵەرەی بەڵێ ئەشتەکانی کە هەواڵەکان هاتنەوە ماڵەکانتان لابێت ، ئێمە کەمتەرخەمی ناکەین لە پەیداکردنی خواردەمەنی و پێداویستییەکانتان بە هەر نرخێک بێت .

* بۆ ئەو شتانەی داوات کردبوو ، بە هەر چارەیە چۆن چۆن پەیدا دەکەین .

بۆ (ڕادیۆ) کە هاوڕێکانی ئۆردوگاکانمان دەڵێن ڕادیۆ پەلیانە بۆ گرتنی ناردنی بۆ کاک (هێمن) بووە یان بۆ تۆ بووە ؟ گەر بۆ کاک هێمن بووبێت ئەوا ئەمجارە بۆ تۆی دەنێرین ، جا نازانین چۆن دەرچ بێت باشە .

* بۆ (عەینەکەکە) ت نکاپە بەزووی ڕەتەکانمانت بۆ بنێرە تا بۆتی بکڕین و بۆتی بنێرینەوە .

* (جەزرەکە) ت گەیشتمان دەنێرین و دەگەیەنین یان عەددی جانەکەت یان ؟

کاک (عثمان حاجی محمود) ، هەر کە گەیشتە دەستمان ئاگادارت دەکەینەوە .

* بەنسبەت هاتوچۆت بۆ ناو شار ، ئێمە هیچ ئیشکالمان نییە ، بەڵام هەر بۆ

~~ئیحتیاط و ... کوردی پەیوەندیت لە داهاتوودا ... دەرگەکانمان بێت ، لەو جۆرەدا~~


ئەو (دەفتەر خدمە) یە بەپێی باشترین شتە کە لە ناو شاردا بخوات ، ئێوە هیچ هەوڵێک نییە کە باش نییە و نەقڵی کراو بێت تا بۆتی بکەین ، جا دەکەین دەفتەر خدمەکەت بۆ بنێرە بۆت چاک بکرێتەوە بە بەسەرکردنی و هەر چیەک لەو بارەوە ویستت پێمان بڵێ .

* دەربارەی (عەفوەکەی ڕژێم) تەنها ئەوانەی گرتوویانەوە کە بە سەربازی هەڵهاتن کردووە بەڕێوەوە یان ... تا چاکییەکی وا گیرا بوون کاربە شەقی ... سیاسییەوە تا ئێستاکە کەسی وا بە ڕێ بووە کە ئێمە بزانین ، وەزعی گیراوەکانیش بە ڕەوڕ ... بۆیە چاوەڕوانی حوکم دانن .

* دەربارەی گیرانی ئەنفالکراوە هیچی واماندێ نەگەیشتووە ، دیعایەی ئەم دەمە نییە ، هەرچی موقفی دەوڵەتی (مصر) یش حسنی مبارک خۆی ڕای گرتووە کە گەلی خنگی (عێراق و کوردی) لایە کە ئەگەر زۆری بۆ بێت کە شەعبان دەکات ، وەک دەڵێن ئەم چاکییەی ئاسرازانە بارەی کوردت . جا ئێوە نازانیە چیە و باسی چیە ؟

بۆمان دەنووسیت. هەر شاد و سەرکەوتوو بن

براتان / سیروان 1990/9/27



(3)


بۆ/ هەموو برایانی بەڕێز
سڵاوی گەرمتان لێ بێت.

دیارە خۆتان وەزعەکە دەزانن، بە تایبەت دوکان ئێمە ناچار دەبین
بڕۆین بەرەو دوکان و چارەسەری وەزعەکەی ئەوێ بکەین. تکایە
خۆتان چی بۆ خزمەتی هەڵمەت و هێمن کردنەوەی ئەوێ [illegible]
دەزانن بڕیاری لێ بدەن. کاک هاوڕێ و کاک حەمە لە نزیکەوە بەشداری
دەکەن لەگەڵتان دا...


ئیتر هەر خۆش بن.
برات
[illegible]
١٩٩١/٣/٩







خاڵی بەڕێزم کاکە حە
سڵاوێکی گەرمتان ئاراستە دەکەین.
دەستەکانت ماچ دەکەم و بەگەرمی حاڵت دەپرسین.
بە داخەوە بیستم نەساغی هیوام وایە زوو چاک بیتەوە.
خاڵە گیان
ئێستە ڕۆژی ڕاپەڕینی جەماوەرییە، ڕۆژی سەرهەڵدانی خەڵک و
پێشێلی داخوازییەکانی خەڵکی فەقیر و هەژارە. هەر یەکەمان
لە جێگای خۆیەوە دەتوانێت بە حاڵی خۆی بەشداری بکات لە
ئاوەدانی سەرفرازی گەلەکەمان دا. جا نەخوازەڵا پارتیزانەکان
کە لە هەموو ناوچەکەدا دەوروبەرتان هەیە و هێزوو [illegible]
خەڵک بە ڕیشی سپی و عادەتی [illegible] پارتیزانی [illegible]
ئێستە، بۆ دەستان بە سەرکەوتنی ئەو دەوڵەمەندانەی پێیەوە گرتوون و ناوچەکە
پێویستمان بە نەخشە و پلانی واهەیە کە بە [illegible] هەموولایەک بێت.
لێرەدا عومەری حەمەد دەبێتە کۆسپ لە بەردەم کارەکانمان دا. هەرچەند
پارتیزان نەساغن بەڵام چونکە سەعاتی [illegible] یەکجار نزیکە داوات
لێ دەکەین، تەشریف بهێنیت بۆلای کاک عومەر و ئێمەش وەکو
قەدەمی سوودمەند و بەرەی کوردستانی نامەمان هەیە بۆی و ڕاسپاردەی کاک
نەوشیروان، دڵنیام کە جەنابت لە ئێمە [illegible] دەبینی کە وەعد بەدەین و
پێچەوانەی وەعد کار ناکەین. بۆیە ئێمە جەنابت دەکەینە وەکیلی
شۆڕش، ئەگەر ئەوەمان لێ قبوڵ بفەرمووی، هەرچی ئێوە لەگەڵیدا باسی بکەن
ئێمە ڕازین و هەروەشی بۆ دەنووسین. تەنها ئەو کارەی جەنابت



ئەگەر سەربگیرێت و ئەوکابرایە وولای مەعقولی هەبێت
پەیوەندی بکات یان بێ لایەن بێت، خێرێکی گەورە بۆ
جەنابت دەنووسرێت و لەڕووی مرۆڤایەتی و عەشایەریشەوە
ڕێگە دەگرێت لە [illegible] ڕژانی خەلکی بێ گوناه.

ڕێزم دووبارە دەکەمەوە
بچوکتان
١٩٩١/٣/١٧

تێبینی

- ئەم نامەیە بۆ ئاکۆ حەمەی کەلکەسماقی نێردراوە
بۆ هاوکاریکردنی [illegible] پێشمەرگە [illegible]





# پێڕست


| بابەت | ژ.لاپەڕە |
|---|---|
| سوپاسنامە | ٣ |
| پێشکەشەبە | ٤ |
| نووسەر لە چەند دێرێکدا | ٥ |
| وتەیەکی پێویست | ٩ |
| پارتیزانەکان ڕەمزی قورسایی خەباتی چەکداری شۆڕشی کورد بوون | ١٥ |
| **بەشی یەکەم: زاراوە** | **١٩** |
| پارتیزان وەك زاراوە و ئامانج | ٢١ |
| یەکێتی و پەنابردنە بەرخەباتی پارتیزانی | ٢٤ |
| سەختی و دژواری قۆناغەکە | ٢٨ |
| پارتیزانەکان دووچاری نەهامەتی و شەهیدبوون هاتوون | ٣٣ |
| پارتیزانەکانی کەرکوك | ٣٩ |
| مەفرەزەکەی شەهید ئاکۆسور و هاوڕێکانی | ٤٩ |
| مەفرەزەکەی هیوا ڕەش و هاوڕێکانی | ٥٣ |
| براکوژی بەرۆکی پارتیزانەکانی گرتەوە | ٥٨ |
| ڕۆڵی ڕێکخراوی سلێمانی | ٦١ |
| چی بەرجەستەبوو؟ | ٦٩ |
| **بەشی دووەم: پرۆفایلی پارتیزانەکان** | **٧١** |
| شەهیدی فەرماندەی پارتیزانەکانی کەرکوك<br>١-ڕەمەزان ئەحمەد حەمە عەلی ناسراو بە(ئاکۆ سوور) | ٧٣ |
| ٢-شەهید ئاواتەڕەش،<br>ئەو پێشمەرگە پارتیزانەی ووڕەی لێ دەباری | ٨٢ |
| ٣-بەوری پێدەشتەکەناریيەکانی شێخ بزێنی | ٨٤ |

| | |
|---|---|
| شەهید خاڵە بەخە | |
| ٤-هەڵۆچنگ گڕەکەی کەرکوک<br>شەهید ئیباو | ٨٧ |
| ٥-پۆلاهەیبەیی | ٨٩ |
| ٦-فەخرەدین سمایل بەگی | ٩٢ |
| ٧- شەهید وریا قەفاری<br>پێشمەرگەیەك هەمیشە بەلێواری مەرگەوە ڕۆیشتووە | ٩٥ |
| ٨- نەقیب بیبانی | ٩٧ |
| ٩-لیوا چەتۆ،٧برا و باوك شەهید | ٩٩ |
| **بەشی سێهەم: فەخرەدین سمایل بەگی** | **١٠٣** |
| **بەشی چوارەم: نەقیب ناسح بیبانی** | **١٥٧** |
| **بەشی پێنجەم: بیرەوەری پۆلا هەیبەیی** | **١٧٩** |
| **بەشی شەشەم: لیوا چەتۆ پارتیزانێکی ناوشار** | **١٩٧** |
| **بەشی حەوتەم: وێنە و دیکۆمێنتەکان** | **٢٢٥** |